دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

شەممە ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٠ ـ ٤ی فێوریە ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٧٦ | نرخ: ١٥٠ تمەن

## جەژنتان پیرۆز!

بە بۆنەی جەژنی مەولوود، جەژنی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی موسوڵمانانی کوردستان و سەرانسەری جیهان دەکەین.

«کوردستان»



## سەربازێکی کورد لە ریزەکانی سپای سووریەدا گوللەباران کرا

چەکدارانی سەر بە ڕێژیمی بەشار ئەسەد سەربازێکی کوردیان کوشتوە و تەرمەکەشی رادەستی بنەماڵەکەی ناکەنەوە.

ئیبراهیم یوسف، ئەندامی ئەنجومەنی گشتیی ڕێکخراوی ماف، بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی مرۆڤ راگەیاند سپای سووریە هەموو ئەو سەربازە کوردانەی ئامادە نەبن تەقە لە خۆپێشاندەران بکەن دەکوژن و لەو دواییانەشدا ئاراس سەبری شاکر، خەڵکی گوندی «مەعشوقە»ی سەر بە شاری قامیشلۆ، دوای ئەوەی ئامادە نەبووە لە شاری حەمس تەقە لەخۆپیشاندەران بکا، هێزەکانی سەر بەشار ئەسەد گوللە بارانیان کردوە.

# «وەرن بە تەحریمی گشتیی ئەم «هەڵبژاردن»ە، یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد پێشان بدەین»





لە وتارێک دا کە بە بۆنەی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە ڕێورەسمێکی تایبەتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، پێشکەشی کرد، سکرتێری گشتیی حیزب، وێڕای ئاوڕدانەوە لە جێگە و پێگەی کۆماری کوردستان لە مێژوودا و پێداگری لەسەر ئامانجەکان و پەیامەکانی ئەو کۆمارە، ئاوڕی لە هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی ناوچە و ئێران دایەوە. بەڕێز خالید عەزیزی بە ئاماژە بە ڕاپەڕینەکانی ناوچە و گوشار بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆو و دەرەوەدا، هەڵبژاردنی ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمە کە لەگەڵ بایکۆتی گشتیی هێز و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بەرەوڕوو بۆوە، بە دەرفەتێک زانی بۆ ئەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێوەندییەدا بە هاوبەشی و یەکگرتوویی بەرەوڕووی ببنەوە و بەم جۆرە بە تەحریمی گشتیی «هەڵبژاردن» خولی نۆیەمی مەجلیس، یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشان بدەن. (چەند بەشێک لە قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان» دا بڵاوبۆتەوە.

## خوێناویترین ڕووداوی مێژووی فوتباڵ



لانی کەم ٧٤ کەس کوژراو و بریندار بوونی نزیک بە ١٠٠٠کەس لە یاریگەی پورت سەعید لە میسر جیهانی سەرسام کرد.

لایەنگرانی یانەی ئەلمیسری دوای ئەوەی تیپەکەیان بە ئاکامی سێ بە یەک بەسەر ئەلئەهلی قاهیرەدا سەرکەوت بە شووشە و بەرد و هەرچی بە دەستیانەوە هات هێرشیان کردە سەر لایەنگرانی تیپی میوان. لەنێو کوژراوان دا هێزە ئەمنییەتییەکانیش دەبینرێ و چاوەڕوان دەکرێ ئاماری کوژراوان زیاتریش بێ.

ئەم ڕووداوە بوو بەهۆی ئەوەی خەڵکی میسر لە قاهیرە و زۆربەی شارەکانی دیکە بڕژێنەوە سەر شەقام.

ئەم خەڵکە بە نارەزایەتیی دەربڕین دژی کاربەدەستانی سەربازی و نەبوونی ئەمنییەت دوای شۆڕش دیسان مەیدانی بەناوبانگی (تحریر)یان گرتەوە و بەپێی هەواڵەکان تا ئێستا نزیک بە دوو کوژراو و بریندار بوونی سەدان کەس لەم شەپۆلی نوێیەدا لێکەوتۆتەوە.

ڕووداوی یاریگەی پۆرت سەعید، پاش لەرزەکانی گەیشتە پارلمان و بارودۆخی نائاسایی دیسان هەموو میسری داتەنییەوە و ڕەوتە سیاسییەکانی میسر و ئەم ڕووداوە بە ڕووداوێکی لەپێشدا بەرنامە بۆ داڕێژراو و خراپکارییەکی سیاسیی حوسنی موبارەک دەدەنە قەڵەم.

## بۆمبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان

فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیە ڕۆژی هەینی، ٢٤ی ڕێبەندان زیاتر لە ١٠ گوندی شارۆچکەی ئامێدی لە باشووری کوردستانیان بە خەستی بۆمباران کردەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەو پەلامارە بەربڵاوە بۆ سەر ١٠ گوند لە دەڤەرەی نێروە و ڕێکان و نهێل ترس و دڵەڕاوکێی زۆری لای دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە دروست کردوە و زیانی ماددیی زۆری بە خەڵکی ئەو ناوچەیە گەیاندوە و ڕووبەرێکی زۆر لە باخ و ڕەزەی ئەو ناوچەیەی سووتاندوە.

شایانی باسە کە بەهۆی پەلاماری بەردەوامی هێزەکانی تورکیە تەنیا لە ناوچەی ئامێدی ١١٨ گوند چۆڵ کراون.



ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان لە وڵاتی سوئێد

## لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، یادی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا

تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و ئۆگرانی ڕێگەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بە شێوەی جۆراوجۆر بیرەوەریی ٢ی ڕێبەندان و یادی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت. لەنێوخۆی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەمیشە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە کاری تەبلیغی، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ئەو کۆمارە و پێشەوای شەهید دووپات کردەوە. لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆیە، بە بەشداریی تێکۆشەران و بنەماڵەکانی دێموکرات و ژمارەیەک میوان لە دەڤەری کۆیە و بیتوێن و ڕانیە، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بۆ ئەم یادە بەڕێوەچوو. لە دەرەوەی وڵات، لە وڵاتانی نۆڕوێژ، ئەمریکا، فینلاند، ئاڵمان و دانمارک بە بەشداریی کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتانە، چەندین ڕێوڕەسم بەڕێوەچوو. لە سوئێدیش، بە بەشداریی زیاتر لە ١٤٠٠ کەس، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، بەڕێوەچوو.

لەم ژمارەیەی «کوردستان» چەند ڕاپۆرتە هەواڵ لەم پێوەندییەدا بخوێننەوە.

ڕوانینمان

## هەڵوێستی وەک یەک و پێویستیی کاری هاوبەش

قادر وریا

لە ١٢ی ڕەشەممەی ئەمساڵ دا نۆیەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە ئێران دا بەڕێوە دەچێ. تا ئێستا هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەدا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاندوە.

دەکرێ بڵێین هەر هەموویان داوای بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە لەلایەن خەڵکەوەیان کردوە. هەڵوێستی تەحریم لە کوردستان لە کاتێکدا خسڵەتی گشتیی پەیدا کردوە کە لە ڕادەی ئێرانیش دا، ئۆپۆزیسیۆن، چ ئەوانەی بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات ناودەبرێن و چ ئەوانەی بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ ناسراون، زۆربەی هەرە زۆریان لەگەڵ بەشداری نەکردن و تەحریمی ئەو هەڵبژاردنانە دان.

هەڵوێستی وەک یەک چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، دەرفەتێکی باشی هێناوەتە پێش بۆ ئەوەی حیزب و ڕێکخراو و گرووپە سیاسییەکان و کەسایەتی و بژاردەکان، پێکەوە و وێکڕا کار لەسەر ئەم هەڵوێستەیان بکەن. خۆ ئەگەر لە ئاستی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا، هەنگاو یەکخستن و بەیەکەوە کارکردن بۆ بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنە، کارێکی بەربڵاو و بە زەحمەت بێ، لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکانی سەر بەم بەشەی کوردستان دا، کارەکە ئەوەندە بە زەحمەت نییە.

پێکەوە کارکردنی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر سەرخستنی هەڵوێستی تەحریم، دەبێتە هۆی ئەوە:

خەڵک لە خۆشیی هاوخەباتی، یەکدەنگی و پێکەوە کارکردنی ڕێکخراوە سیاسییەکانیان، باشتر بە بانگەوازیانەوە دێن و پێشوازی لە هەڵوێستیی تەحریم دەکەن.

ـ میکانیزمی چۆنیەتیی بایکۆتی هەڵبژاردن، بە هاوبەشی دیاری دەکرێ و هەر لایەنەی بۆخۆی میکانیزمی خۆی پێشنیار ناکا و سەر لە خەڵک ناشێوێ، لە ئاکامدا هەر میکانیزمێک بە هاوبەشی دیاری بکرێ، کاریگەریی پتر دادەنێ.

ـ دەنگ و ڕەنگ و قورسایی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، دیار و بۆ هەموو لا ئاشکرا دەبێ و بۆ دنیا دەردەکەوێ کە گەلی کورد کە خاوەنی پرسێکی ڕەوایە و هەڵوێستی گونجاو لەگەڵ پرسی خۆشی هەیە.

ـ ئەم دەسپێکە، دەبێتە سەرەتای کولتوورێکی نوێ لە پێکەوە کارکردن و هەڵگرتنی هەنگاوی هاوبەش لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی لە داهاتووشدا دووپات ببێتەوە و تەنانەت بناغەی هاوخەباتی و هاوکاریی درێژخایەنی لەسەر دابنرێ.

خەڵکی کوردستان وەک لە ڕابردووشدا نیشانیان داوە، بە یەکگرتوویی و کاری هاوبەشی حیزب و ڕێکخراوەکانیان هومێدیان دێتەوە بەر و بە شێوەیەکی بەرفرەوانتر، گشتگیرتر و ڕاشکاوانەتر، دێنە مەیدان و خەباتی ئەوان چ مەدەنی و چ جەماوەری گیانێکی تازەی دێتەوە بەر.

ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو، جۆرێک لە ملنەدانی هێندێک لایەن بۆ کاری هاوبەشی تێدایە کە جێگای داخە.

ل ٣

سیاسی
پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان
٣

ژنان

ژنانە و پیاوانەکردنی بوارە جۆراوجۆرەکان
٦

دیمانە

کۆبوونەوەکانی کۆڵن، ئامانجەکان، باسەکان و ئاکامەکان
٧

سیاسی

ئێران و بەستنی دەرووی هۆرموز
٨

سیاسی



گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا
٩

# یادکردنەوەی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات

کومیتەکانی حدک لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی یاد و بیرەوەریی شەست و شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

### کۆیە- بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک



بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ٢ ی ڕێبەندان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و هەروەها ژمارەیەک میوان و کەسایەتی لە ساڵۆنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزبدا ڕێوڕەسمێک بەڕێوەچوو. ئەو ڕێوڕەسمە تایبەتە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کۆمار و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب و گەل دەستی پێ کرد. پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەم بۆنەیەوە وتارێکی پێشکێش کرد کە دەقی قسەکانی بەڕێز کاک خالید لەم ژمارەیەی «کوردستان»دایە.

شایانی باسە خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، سروودی «کەژاوەی بووکی سەربەستی»، تەک نەوازیی دەف و نەی، گۆرانیی کۆماری کوردستان و چەند سروودێکی شۆڕشگێڕیی کۆڕسی کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

### نۆروێژ

ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٠ ژانویە لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حدک بە بۆنەی ٦٦ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەلایەن شۆڕش ئوستادی، ئەندامی کۆمیتەی نۆروێژی حدک، خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی جێژنەکە دا سپاسی ئەو حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییانە کرا کە بە بروسکە و چەپکەگوڵ بەشداریی ڕێورەسمەکەیان کردبوو کە بریتی بوون لە: پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (پێکهاتوو لە ٦ حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی



کوردستان: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی سەربەخۆی کوردستان، ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان، بزوتنەوەی دێموکراتیکی یارسان، پارتی سەربەستی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان).

لە بەردەوامیی ئەو ڕێوڕەسمەدا چەند سروودێک لەلایەن کۆرسی یەکیەتیی لاونی دێموکراتەوە پێشکێش کران و دواتر جێژنەکە بە دەنگی خۆشی هونەرمەندان فەرهاد ئالانی و کاروخ عەبدوڵلاپور و لە نێو کۆڕی شایی و هەڵپەڕکیی بەشداران درێژەی پێ درا.

### ئەمریکا واشینگتۆن

ڕێکەوتی ٢١ ژانویە لە ڕێوڕەسمەکەدا سەرەتا مۆمی یادی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆمار داگیرسا و لەگەڵ ئامانج و ڕێبازی کۆمار بەڵێنی وەفاداری نوێ کرایەوە.

لەو کۆڕیادەدا پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٦ ساڵەی کۆماری کوردستان لە لایەن خەبات ئیبراهیم پور پێشکەشی بەشداران کرا و دواتر پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی نیشتمانی و پەیامی لقی ٧ پارتی دێموکراتی کوردستانی بەم بۆنەیەوە



خوێندرانەوە کە بۆ ئەو یادە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ناردرابوون.

شایانی باسە کە بەشی دووهەمی ئەو ڕێوڕەسمە بۆ شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران تەرخان کرابوو.

### ڤانکوڤەری کانادا

لە ڕێورەسمێکدا کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٣٠ بەفرانبار و بە بەشداری ژمارەیەکی بەر چاو لە کوردستانیانی دانیشتووی ڤانکوڤەر لە ڕۆژئاوای کانادا بەڕێوە چوو،



سەرەتا ئەنوەر کەریمی، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا بەم بۆنەیەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بروسکەی پیرۆزبایی ئەم حیزب و ڕێکخراوانە خوێندرانەوە: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، یەکێتی فیدایانی خەلکی ئێران.

### فینلاند



ڕۆژی هەینی ٢٧ی ژانویە لە ڕێورەسمێکدا کە بە بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی هێزو لایەنە سیاسییە کوردییەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو، یاد و بیرەوەریی کۆمار و دەسکەوتەکانی بەرز ڕاگیرا.

لە سەرەتای ئەو کۆڕیادەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە لەلایەن ئەمیر ڕەسوولی پێشکەش کرا و لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا پەیامی هاوبەشی نوێنەرایەتیی هێزو لایەنە سیاسییەکانی بەشداری یادی ٢ ی ڕێبەندان لەلایەن فایەق مەسعودییەوە خوێندرایەوە.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی لاوان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێمۆکراتی کوردستان، (کۆمەڵە) سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، بزووتنەوەی یارسان و کەمپینی یەکبوون چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

جێی باسە کە هێزو لایەنە سیاسیەکانی بەشدار لە یادی ٢ ی ڕێبەندان لە پەراوێزی ئەم کۆڕیادەدا پێکەوە کۆبوونەوەو لە سەر پرسە سیاسییەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

شایانی باسە خوێندنەوەی چەند کۆپلە شێعر و پێشکێش کردنی چەند سروود و گۆرانی لە نێو شایی و خۆشیی بەشداران نێوئاخنی بەرنامەکانی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

### سوئێد

شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ژانویە لە ڕێوڕەسمێکی بە شکۆدا کە بە بەشداریی زیاتر لە ١٤٠٠ کەس بەڕێوە چوو، وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک سەعید بیگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدک پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی ئەو حیزب و لایەنانە بەم بۆنەیەوە خوێندرانەوە: حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد، حیزبی گەل، فۆلک پارتی، حیزبی ژینگە، و پەیامی خاتوو شادی حەیدەری و ڕۆزا گۆچلۆ دوو نوێنەری کوردی پارلمانی سوئێد لە لیستی سوسیال دێموکراتەکان، پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوئێد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بروسکەی پیرۆزبایی ئەو هێز و لایەنانە خوێندرانەوە کە بۆ بەڕێوەبەریی ئەو ڕێوڕسمە و



کومیتەی حیزبیان ناردبوو کە بریتی بوون لە: نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سوئێد، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی سوسیال دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان، پلاتفۆرمی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمپینی ئاشتی و یەکبوون، ناوەندی سوئێدی – کوردی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەلەی وەرزیشیی سووورە، ئەنجومەنی کوردەکانی سوریە لە سوئێد، حیزبی شیوعیی کوردستان، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، ئینسیاتیوی کورد لە ئوروپا، بەشی کوردیی رادیۆی سوئێد «زایەڵە»، کوردستان تێ وێ، کوردسات و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.

لە بەشی هونەریی ئەو ڕێورەسمەدا هونەرمەندانی دەنگ خۆش و ناسراوی کورد ناسر ڕەزازی، هانی و سمایلی مامڵێ و دوو هونەرمەندی تازەلاو شنۆ ئەحمەدی و باوان کەریمی بە دەنگە خۆش و بلاوێنەکەیان ڕێوڕەسمەکەیان پتر ڕازاندەوە.

### ئاڵمان

لە ڕێورەسمی پێکهاتوو لە وڵاتی ئاڵمان دا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بونەوە لە لایان شوکری تەریق خوێندرایەوە و لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا خالید حەسەنپوور لە لایان کومیتەوە وتارێکی لە سەر هەلومەرجی ئێستای ئێران و کوردستان پێشکێش کرد.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی ئەو ڕێورەسمەدا پەیام و برۆسکەی پێروزبایی ئەو حیزب و لایەنانە خوێندرانەوە کە بۆ کومیتەی حیزب و بەڕێوەبەریی ئەو ڕێورەسمەیان ناردبوو کە بریتی بوون لە: پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمێتەی ئەڵمانی کۆمەڵەی زەحمتکیشانی کوردستان، کۆمەڵە، سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران (کۆمەڵە)، ئەنجومەنی گشتیی بزووتنەوەی گۆران لە ئاڵمان.

شایانی باسە کە دوایین بەشی ئەو ڕێورەسمە بۆ چالاکیی هونەری و گۆرانی و بەزم و شایی تەرخان کرابوو.

### ئاڵبۆرگی دانمارک

ڕۆژی شەممە ٢٨ی ژانویە لە ڕێورەسمی شاری ئالبۆرگی وڵاتی دانمارکدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەلایەن میرزا عەبدوڵلا ئەندەرەختەوە پێشکەش کرا و لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا پەیامی هێز و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لەم ڕێوورەسمە دا خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە : پارتی دیمۆکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆران، نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی «کۆمەلە» لە دانمارک، حیزبی ئین هیس لیستەی دانمارک.

### « شێفیلد»ی بریتانیا

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ ی ڕێبەندان ٢٩ی ژانویە کومیتەی «شیڤیلد» ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیاش بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ئێوارە کۆڕێکی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان پێک هێنا.

لەو کۆڕیادەدا ڕزگار قادرزادە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە بریتانیا پەیامی دەفتەری سیاسیی



حیزبی بەم بۆنەوە خوێندەوە و دواتر ئاسۆ عەبباسزادە باسێکی لە سەر «کاریگەریی کۆماری کوردستان لە سەر شوناسی کورد›› پێشکەش کرد.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کومیتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، خوێندکارانی کوردی زانکۆی شێفیلد و سازمانی سەرانسەریی پەنابەرانی ئێرانی لە شێفیلد بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوو.

# دیداری کومیتەی حدک لە ئالمان دەگەڵ بەرپرسی بەشی مافی مروڤی ئەو وڵاتە




ڕۆژی سێشەممە، ٤ ی ڕێبەندان لە دیدارێکی نێوان سوڵتان گوڵاوی، بەرپرسی کومیتەی حیزب و دوکتور «بێنێدیکت سانکە» دیپلۆماتی وەزارەتی دەرەوە و بەرپرسی بەشی ماقی مرۆڤ بۆ ئێران و خاتوو «ئۆلیک» پرسی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان تاوتوێ کرا.

بێنێدیکت سانکە لەو دیدارەدا ڕایگەیاند کە ئەوان هەوڵیان ئەوەیە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی خۆیان لەسەر بارودۆخی خراپی مافی مرۆڤ لە ئێران دابنێن و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوە تێ بگەیەنن کە دەست لە پێشێلکارییەکان و دەستدەرێژی بۆ سەر ئازادی و ژیانی خەڵک هەڵ بگرێ و لەو پەیوەندییەدا چەند نموونەیەکی لە شێواز و مێتۆدی کارەکانیان خستە ڕوو کە تا ئێستا گرتوویاننە بەر.

لەو دیدارەدا، نوێنەری حدک بە ئاماژە بە پڕەنسیپەکانی خەبات و تیکوشانی حدک ئاماژەی بە کەند و کۆسپەکانی پێکهاتەی وڵاتی ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە کرد کە مافی نەتەوە بندەستەکان پێشێل دەکرێن . نوێنەری حیزب لەم دیدارەدا بە وردی باسی بارودۆخی مافی مرۆڤی لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی کرد و چەندین نموونەی لە جینایەت ودەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا خستە بەر باس و هەر لەو پەیوەندییەدا دیکۆمێنتارێکی لە هەواڵ و ڕاگەیاندنەکانی حیزب و هەروها لیستێکی لەو کەسانەی بە هەیئەتی خانەخوێ دا کەبە زیندان یان لە سیدارەدان مەحکووم کراون.

# بەشداری هەیئەتێکی حدک لە کۆبوونەوەیەکی هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە پارلمانی بریتانیا



ڕۆژی سێشەممە، ١١ ی ڕێبەندان لە پارلمانی بریتانیا بە بەشداریی چەند ئەندام پارلمان و لۆرد و بەشێکی بەرچاو لە بنکەو بنیادە بیانییەکان و هەروەها کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان کۆبونەوەیەکی کراوە بۆ سەلاحەدین دیمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دێموکراسی ڕێک خرا.

سەلاحەدین دیمیرتاش لەو سمینارەدا سەرەتا باسێکی لەسەر جێگە و پێگەی کورد و هەروەها لەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەت تورک دەرحەق بە گەلی کورد لەو وڵاتە کرد و ڕەخنەی ئەوەی لە وڵاتانی زلهێز گرت کە بۆ دەبێ چاوپۆشی لەبەرامبەر ئەو هەموو بێ عەدالەتیانە بکەن کە لەکورد دەکرێن.

ناوبراو لەپێوەندی لەگەڵ مافی کورد لە وڵاتی تورکیەدا داوای کرد کە خوێندن و نووسینی زمانی کوردی دەبێ لە هەموو قوتابخانەکان دەستەبەر بکرێ، ماف و داواکارییەکانی گەلی کورد لە قانوونی ئەساسیی نوێی تورکیە دا بنوسرێ و کوردەکانیش خودموختارییان هەبێ.

ناوبرا لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا هاتە سەر ئەو بەربەستانەی کە دەخرێنە بەردەم کارکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەل و گوتی ئێستا شەش ئەندامی پارلمانی ئێمە لە زیندان دان و نوسەرو ئەندام و چالاکانی سیاسی ئێمە دەسبەسەر و گیراون و تا ئێستا زیاتر لە ٦٥٠ پەروەندەی گیراوانی کورد لە مەحکەمەدان و گیراوەکان بە خەراپترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا لۆرد ڕەی لە پیوەندی لەگەڵ پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی کورد لە ترکیە دوا و ئاماژەی بەو بێڕێزیانەی کە بەکورد کراوە و دەکرێ کرد. لە برگەکانی دیکەی ئەو سمینارەدا نەزمی گوڕ ئەندامی پارلمان و هەروەها بەرپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەیەکانی پارتی ئاشتی و دێموکراسی، مارگرێت ئۆوێ یەکێک لە پارێزەرانی مافی مرۆڤ و جێرمی کۆربین لە سەر پرسی کورد لە تورکیە قسەیان کرد.

شایانی باسە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ەلو سمینارەدا بەشدار بوو، لە پەراوێزی کاری سمینارەکەدا توانیان چاویان بە میوانانی بەشدار لە پانێلەکە بکەوێ و لەگەڵ هەرکام لە سەلاحەدین دیمیرتاش، نەزمی گوڕ و هەروەها جێرمی کۆربین و مارگەرێت ئۆوێن، بەرپرسی ڕێکخراوی بێوەژنان بۆ ئاشتی لە ڕێگای دێموکراسی و هەروەها وەکیلی مافی مرۆڤ دیدار و چاوێکەتنیان هەبێ.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بۆ بەشداری لەو سمینارە لە مەولود سوارە، فەرزاد حیکمەت و دیاکۆ نووری و سیا سیاهی پێک هاتبوو.

# بەشدارِیی هەیئەتێکی حدک لە فەڕانسە لە سمینارێکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس



ڕۆژی هەینی، ١٤ ڕێبەندان لە لایەن ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس سمینارێک پێک هات.

لەو سمینارەدا دوایین ئاڵوگۆڕ و گۆڕانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و ئەوەی پێی دەگوتری بەهاری عەرەب و کاریگەریی ئەو شۆرسانە لە سەر ڕەوشی کورد و بە تایبەت ڕووداوەکانی سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان تیشکیان خرایە سەر . ئەو کۆبوونەوەیە لە ساڵۆنی ویکتۆر هۆگۆ، یەکێک لە ساڵۆنەکانی پارلمانی فەڕانسە و بە بەشداری کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان و چەند کەسایەتی فەرانسەوی وەک سەرکۆنسولی ئەو وڵاتە لە هەریمی کوردستان و ژمارەیەک کەسایەتی ئاکادمیک و مامۆستای زانکۆ و هەروەها دوکتۆر فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و خەمان زورار، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرانسە پێک هات و لە ماوەی کاری ئەو کۆبوونەوەیەدا ١٧ کەس لە بەشداران باسەکانیان پێشکێشی بەشداران کرد و لە باسەکانیاندا وێڕای تیشک خستنەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و وەزعی کورد بە گشتی و کوردستانی سوریە بە تایبەتی، تێروانینی وڵاتە زلهێزەکان بۆ ئەو ئالوگۆڕانەی ناوچە و دەسنیشان کردنی خاڵە بە هێز و لاوازەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد قسەیان لە سەر کرا.

شایانی باسە ئەندامانی هەیئەتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فەڕانسە هاوڕێیان قادر محەممەد گوڵ و ئارەش زەمانی بوون کە لە پەراویزی کۆبوونەوەکە دا چاویان بە بەشێک لە بەشداران و میوانان و نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کەوت و لەبارەی پرسە پێوەندیدارەکان بە دوو لایەن ئالوگۆری بیرورایان کرد.

# پەیام بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خەباتگێری کوردستان!تێکۆشەران!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان!**

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٦٦ ساڵ بە سەر دامەزرانی کۆماری کوردستان دا تێدەپەڕێ. ڕۆژی٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤، پێشەوای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، قازی محەممەد لە کۆبوونەوەیەکی دەیان هەزار کەسی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد دا، دامەزرانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و، بەمجۆرە یەکێک لە ئاواتە لە مێژینەکانی نەتەوەی کوردی وەدی هێنا.دامەزرانی کۆماری کوردستان نوختە وەرچەرخانێکی گرینگ بوو لە مێژووی نەتەوەی کورد دا. چونکە بۆ یەکەم جار بوو کە ئەو نەتەوەیە بە بەشداریی نوێنەرانی خۆی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە بەشێک لە نیشتمانەکەی دا، بریاری دا کە خۆی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و حکوومەتێکی نەتەوەیی لە چەشنی کۆماری دامەزرێنێ.

دامەزرێنەرانی کۆمار واتە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و لە سەرووی ئەم حیزبەوە پێشەوا قازی محەممەد، بە هەڵسەنگاندنی هەلو مەرجی نێونەتەوەیی ئەو کات و بە لە بەر چاوگرتنی ئاواتی لەمێژینەی میللەتی کورد و بە تێگەیشتنێکی تەواو لە مافە ڕەواکانی هەر میللەتێک بوو کە بریارێکی گرینگی لەم چەشنەیان دا. بە تەعبیرێکی دیکە، دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرهەمی گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی لە کۆمەڵی کوردەواری و پێگەیشتوویی و تێگەیشتوویی نەتەوەیی و سیاسیی میللەتی کورد لەو سەردەمەدا بوو. هەر بۆیە کۆماری کوردستان لە ماوەیەکی کورت دا توانی لە ناوچەیەک دا کە دانیشتووانی ولاتەکانی بە هۆی دەسەلاتی حکوومەتە بەستراوەکانیان، لە ژێردەستی دا دەژیان، لە بەشێک لە نیشتمانی کوردان، کۆمەلگەیەکی دێموکراتیک دابمەزرێنێ و، وا بکا کە میللەتی کورد لە بەرەکەتی ئازادی و دێمۆکراسی بەهرەمەند بێ و بروا بە خۆبوونێکی زۆر لە خۆیدا هەست پێ بکا. هەر لەو ماوە کەمە دا گەلی کورد توانی زۆر دەسکەوت بە دەست بێنێ و هەلومەرجێکی نوێ بۆ ژیانی سیاسی و کولتووریی خۆی پێک بێنێ. هەڵکردنی ئالای ڕەسمیی کۆمار، دامەزرانی سوپای میللی، بەشدار کردنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەل لە بەڕێوەبردنی کار و باری کۆمار دا، دامەزرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان، ڕەسمی کردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان، دامەزرانی چاپخانە و چاپی گۆڤار و کتێبی جوراوجۆر بە زمانی کوردی، دەستەبەر کردنی مافی کەمایەتییەکان و ... بەشێک لەو دەسکەوتانەن کە کۆماری کوردستان بۆ نەتەوەی کورد و سەرجەم دانیشتووانی کوردستان وەدیان بێنێ. بە داخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کەم بوو. چونکە حکوومەتی ئەوکاتی ئێران وێڕای دەولەتە ئیستعمارییەکان، لەگەڵ هەبوونی دەسەلاتێکی کوردی و دێمۆکراتیک لەو ناوچەیەی کوردستانی تێدا دابەش کراوە، دژایەتییەکی توندیان هەبوو و، مانەوەی کۆماری کوردستانیان بە دژی بەرژەوەندییەکانیان دەزانی. هەر بۆیە قۆڵیان لە رووخاندنی ئەو کۆمارە هەڵماڵی. بەڵام هەر ئەو تەمەنە کورتە بوو بە هەوێنی خەباتێکی بەربڵاوتر لە لایەن ڕۆلەکانی میللەتی کوردەوە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەوا و ئینسانییەکانی خۆیان. بە پێچەوانەی بیری داگیرکەرانی کوردستان بە کۆتایی هاتنی تەمەنی کۆماری کوردستان، هەول و تێکۆشانی گەلی کورد بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان کۆتایی نەهات و، ڕۆلەکانی ئەو نەتەوەیە توانیان بە هەول و خەباتی بێ وچانیان، بوونی خۆیان بسەلمێنن و لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، خۆیان وەک فاکتۆرێکی سەرەکی لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، نیشان بدەن و تەنانەت لە پارچەیەک لە نیشتمانەکەیان واتە لە باشووری کوردستان بە بەشێک لە مافەکانی خۆیان بگەن.ئەمرۆ لە کاتێک دا ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان جێژن دەگرین کە گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەگەل توندترین شێوەکانی سەرکوت و چەوسانەوە بەرەورووویە. ڕێژیمی کوماری ئیسلامی بە رەچاو کردنی سیاسەتی نکوڵی لە مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران و سەرکوت کردنی هەر چەشنە داوایەکی ڕەوا و ئینسانیی خەڵکی ئێرانە و هەول دەدا درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا. ئەو ڕێژیمە بە هۆی بیر و بۆچوون و سیاسەتە دواکەتووانە و هەڵەکانی لە نێوخوی وڵات، بۆتە

هۆی دواکەوتوویی ئێران و بێبەشیی خەڵکی ئێران لە سەرەتایی‌ترین مافەکانی خۆیان. سەرکوتی بێبەزەییانەی هەر چەشنە بیر و باوەر و داوایەکی نەتەوایەتی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و... ، شپرزە بوونی بارودۆخی ئابووریی وڵات، پەرەسەندنی گیروگرفتە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان، پەرەگرتنی فەساد لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و زۆر گیروگرفتی دیکە لە نێو خۆی وڵات لە لایەک و، سیاسەتە ئاژاوەگێرانەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات و سرنج نەدان بە ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان و تەریک کەوتنەوە و بێ ئێعتباریی ئێران لە ئاستی جیهانیدا لە لایەکی دیکە، بەشێکی بچووک لەو گیروگرفتانەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ئێرانی بە

دیاری هێناون. ئەو ڕێژیمە جگە لە سیاسەتە دژی ئینسانی و دواکەوتوانەکانی لە نێو خۆی وڵات، بە نیسبەت دەرەوەش بە هۆی

کردەوە و سیاسەتە هەڵە و ئاژاوەگێڕانەکانی، بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵکی ئێران بە چەند قات بکەونە ژێر گوشار و ژیانیان لێ تاڵ ببێ. بەڵام سەرەرای ئەو هەموو فشارەی کۆماری ئیسلامی، خەلکی ئێران

بەرە بەرە گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ خالێکی کۆتایی بۆ ئەو هەموو زولم و زۆرە دابنێن. هەر لەبەر ئەو هۆیانەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران زیاتر لە جاران پەنایان بردۆتە بەر سەرکوت و زەبروزەنگ و توند و تیژی. ترسی ڕێژیم لە داهاتووی خۆی گەیشتۆتە ڕادەیەک کە تەنانەت ئەو کەسانەی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی تەمەنی ئەو ڕێژیمە لە خزمەتی بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی دابوون، بە هۆی ڕەخنەیەکی بچووک دەکەونە بەر تیغی سەرکوت و، بە شێوەی جۆراوجۆر وەلا دەنرێن. ئەم دیاردەیە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی دەوری دەیەمی سەرکۆماری لە ساڵی ٨٨ و ئێستا لە بەرەبەرەی هەڵبژاردنی دورەی نۆیەمی مەجلیس بە باشی خۆی دەرخستوە. ئەمە ئەگەر نیشانەی هەولی ڕێژیم بۆ یەکدەست کردنی دەسەڵاتە، لە لایەکی دیکە نیشانەی ترسی لە ڕادەبەدەری ئەو حکوومەتە لە داهاتووی خۆیەتی. هەر بۆیە دەبینین لەم هەڵبژاردنە دا ژمارەیەکی زۆرتر لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێران لە نێوخۆ و تاراوگە دا هەڵبژاردنی مەجلیسیان بایکۆت کردوە. بە بڕوای ئێمە ئەم دیاردەیە دەگەڵ ئەوە کە خالێکی هیوابەخشە، دەتوانێ ببێتە دەسپێکی تێکۆشانێکی بە گوڕ و تین‌تر، بەربڵاوتر و کاریگەرتر بە دژی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی.

لە ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا، وێڕای پێشکێش کردنی پیرۆزبایی بیرەوەری ئەو ڕۆژە مەزنە لە گەلی کورد بە تایبەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، سلاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی دامەزرێنەرانی کۆمار بە تایبەت پێشەوای میللەتی کورد، قازی محەممەدی نەمر و، سەرکەوتنی ڕۆڵەکانی دێمۆکڕات، ڕێبوارانی بە ئەمەگی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و دامەزرێنەرانی لە خەباتە ڕەواکەیان دا بە ئاوات دەخوازین و، هیوا دەردەبڕین کە گەلی کورد لە ژێر ڕێنوێنییەکانی پێشەوای نەمر بە ئاواتە لەمێژینەکانی خۆی بگا. بەرز و پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان. سەربەرزی بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و، سەرجەم خەباتکارانی گەلی کورد کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان خەبات دەکەن.

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٠٢٢ی**
**٢٢ی ژانویەی ٢٠١٢**

## بەشداری هەیئەتێکی حدک لە کۆڕیادێک بۆ دانیەل میتران لە هەولێر

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە و خەدیجە مەعزووری لە کۆڕیادی خاتوو دانیەل میتراندا بەشدار بوون کە بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی ئەو مرۆڤە خەباتکار و کورددۆستە لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

لەو کۆڕیادەدا کە بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و فریدریک تیسۆ، کۆنسوڵی وڵاتی فەرەنسە لەهەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیی سیاسی و ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنوسان لە هۆڵی پێشەوای شاری هەولێر بەڕێوەچوو، یاد و بیرەوەریی خاتوو میتران بەرز ڕاگیرا.

## بەڕێوەچوونی سیمینارێکی سیاسی بۆ ئەندامان ولایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە وڵاتی نۆروێژ



کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٨ ی ڕێبەندان و بەبەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامەکانی، سیمینارێکی سیاسیی لە ژێر سەردێری «ڕۆل و ئەرکی هەنووکەیی ژنی کورد لە دیاسپۆرا»بۆ خاتوو کوێستان گادانی پێک هێنا.

کوێستان گادانی لەو سمینارەدا باسی لە پێکهاتەی ژنی کورد لە تاراوگە و هۆکارەکانی لاوازیی چالاکیی ژنی کوردی تاراوگە لە بوارەجواروجۆرەکاندا کرد و بە هێنانەوەی چەندین پێشنیار و ڕێگا چارە لەجێبەجێ کردنی ئەرک و ڕۆل گیرانی ژنان لە هەل و مەرجی وئیمکاناتی ئێستای تاراوگە، هاوکات باسی لە هەبوونی چاوەڕوانیی نێوخۆی ولات لە ژنی کوردی تاراوگە کردو پتەوترکردن و پێوەندیی ڕاستەوخۆی ژنی تاراوگەی لە گەڵ نێوخۆ بە پێویستییەکی هەنووکەیی زانی .

لە بەشی دووهەمی ئەو سمینارەدا باس لە سەر کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژدا کرا.

## کۆڕیادێک بۆ یادکردنەوەی١٠ ساڵەی کوژرانی فادیمە شاهیندال لە ستۆکهۆڵم



کومیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و چەند ڕێکخراوی دیکەی ژنانی کوردی سەر بە پارچەکانی ڕۆژهەلات، باشوور و باکوری کوردستان، ڕۆژی شەممە، ١ی ڕێبەندان ١٠ ساڵ دوای کوژرانی فادیمە لە وڵاتی سۆئێد بەدەست باوکی خۆی بە بیانوی پاراستنی شەرەف یادی ئەو قوربانییەی دەستی نەزانییان کردەوە و کۆڕیادێکیان بۆ باس لە سەر قەتلی ناموسی پێک هێنا.

ئەو کۆریادە بە مۆسیقای کلارنێت و بە پیشاندانی کورتە فیلمێک لە سەر ژیانی فادیمە دەستی پێ کرد. دواتر ئەحمەد ئەسکەندری، دوکتور مینو عەلینیا و سەیران دوران لە سەر ئەو ڕووداوە و هۆکار و بەستێنی ڕوودانی قەتلی نامووسی بۆ بەشداران دوان.

لە درێژەی ئەو کۆڕیادەدا بەیان ناسێح لە سەر ئەو ئاڵوگۆرە یاساییانە دوا کە دوای کوژرانی فادیمە لە یاسای سوئێدی بۆ بەرگری لە ژنانی پەنابەر بە هەولی چالاکانی ژنی کورد لەو وڵاتە هاتوونەدی.

لە کۆتایی ئەو کۆڕیادەدا بڕیارنامەیەک پەسند کرا و هەر لە کۆڕەکەدا بە زمانی کوردی و بە سوئێدی لە لایەن خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی و جینا توتئاغاجی خوێندرایەوە.

### قەتعنامەی ڕێ و ڕەسمی یادکردنەوەی دەساڵەی کوژرانی فادیمە شاهیندال

١٠ ساڵ دوای ڕووداوی دڵتەزێنی کوژرانی فادیمە بە دەستی باوکی خۆی بە بیانوی پاراستنی شەرەف، ئێستاش جار و بار دەبیسین و ئاگادار دەبین کە ژنێکی دیکە، کچێکی دیکەی کورد هەر لەم دەور و بەرانە، لە تاراوگە، تەنانەت لە سکاندیناوی بە دەست خزم و کەسی خۆی، بە دەست باوکی، برای یان مێردی بە بیانوی ناموس دەکوژرێ و ئەو نەهامەتییە هیشتاش بەرۆکی بەر نەداوین. ئێمە وەکوو چەند ڕێکخراوی ژنانی کورد دەتوانین لە خۆمان بپرسین ئەو ١٠ ساڵە چمان کرد؟ چەندە سەرکەوتووین؟ چەندە بۆ خاشەبڕ کردنی ئەم نەخۆشییە هەوڵ مان داوە و دەتوانین چ بکەین؟ گومان لەوە دا نییە کە تەواوی ئەو کەمپین و باسانەی بە دوای قەتلت فادیمە دا ڕێکخران، سرنجێکی زۆری تەنانەت لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ئەوەی گرینگە ئێمە وەک چەند ڕێکخراوی ژنانی کورد لە یادی فادیمە دا دەتوانین بەڵێن بدەین:

- نەک تەنیا لە یاد کردنەوە و ڕێزلێنان بەڵکو لە بەرەنگارە بوونەوەی توند و تیژی دژی ژنان و لە دارشتنی بەرنامەی چڕ و پڕ بۆ گۆرینی عەقلییەتی نەخۆشی کۆمەڵگاکەمان سەبارەت بە چەمکی شەرەف کاری هاوبەش بکەین و هاوکار و هاو پەیمان بین.
- هەوڵ بدەین زمان و شێوەی باس کردن و کار کردنمان لە مەر ئەم دیاردەیە واقیع بینانە و بە دوور لە هەر جۆرە کەمرەنگ کردنەوە یان پڕ ڕەنگ کردنەوەی ڕووداوەکە بێت. نە لە ئاماژە پێکردنی پێمان وابێ کوردی پێی بەد نێو دەبێ و نە واشی لێ بکەین ئەوە تەنیا کلتوری دواکەوتوی کوردە ئەوە دەخوڵقێنێ. کوشتنی ژنان تەنیا ئی کۆمەڵگای کوردەواری نییە و لە کۆمەڵگای دیکەش ڕوو دەدا بەڵام ڕەنگە لە شێواز دا زۆری جیاوازی هەبێت. پێویستە ئەم دیاردە یە وەک خۆی ببینین و بە هەل سەنگاندنێکی هەمە لایەنە، بۆ بن بر کردنی پلەن و بەرنامەی کاری خۆماڵی دابرێژین.
- هەموو ڕستە جوانەکانی ناو بەرنامە و ئەساسنامەکانی خۆمان وەک ڕێکخراوی ژنان بکەین بە هەوێنی کاری عەمەلی و لە مەیدانی کردەوەدا لە ڕووی لێکۆڵینەوە و بابەتی زانستی سەبارەت بە هۆکارەکان، ڕێگا و شێوەی چارەسەی ئەم نەخۆشییە بەردەوام هاوکاری بکەین. با تواناکانی هەموومان بۆ خاشە بر کردنی ئەم نەخۆشییە بە شێوەی زانستی و لە قەوارەی کۆنفرانسی گەورە و هەمەلایەندا وەگەر بخەین.
- پەیامی سەرەکی ئێمە دەبێ بۆ بنەماڵەکان ئەوە بێ کە لە پەروەردەی نەوەی نوێدا خۆیان لە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بپارێزین. یەکسانی ژن و پیاو، کور و کچ دەبێ پەیامی سەرەکی ڕێکخراوی ژنان بێ بۆ هەموو بنەماڵەکانی کورد.
- وەک چەند ڕێکخراوی ژنانی کورد گرینگە هەوڵ بدەین بۆ دابین کردنی میدیایەکی ژنانەی کوردی کە دەنگی ئێمە بێ بۆ وەدیهێنانی ئاڵ و گۆری بنەڕەتی لە نریتەکان و عەقلیەتی کۆمەڵگاکەمان سەبارەت بە چەمکی شەرەف، دەوری ژن و پیاو لە کۆمەلگادا و یەکسانی و تەنانەت پێناسەی نەتەوەیی و خەباتی ژنان بۆ وەدیهێنانی ئاواتی کورد.
- با هەوڵ بدەین بە هاوکاری ریکخراوەکان و کۆمەلگای وڵاتی خانەخوێ بەرهەڵستکاری ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بکەین و لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی دروست و لە دیالۆگێکی شیاو و هاوشان لە نێوان ئێمە و ئەواندا چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.
- لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە ئێمەش تووشی ئەم هەڵەیە نەبین کە دیاردەی کوشتنی ناموسی وەک دیاردەیەکی کلتوری پێناسە بکەین. کوشتن بە بیانوی ناموس لە کلتور را نایە و ڕەگ و ریشەی لە دواکەوتوویی و نریتی نارەوا و پیاومەزنی و .... دایە.
- وەک خاڵی کۆتایی با کات بە فیرۆ نەدەین و لە هەوەلین فورسەت دا هاوکات لەگەڵ هەوڵ بۆ بەشداری ژنان لە ژیان سیاسی کۆمەڵگای کوردەواریدا و خەبات بۆ یەکسانی، خەبات بە دژی کوشتن بە بیانوی شەرەف وەک خاڵی سەرەکی ڕۆژەڤی کاریمان چاو لێ بکەین.

یەکیتی ژنانی کوردستان لە سۆئێد
ڕێکخراوی مافی ژنی کورد
یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان
ڕێکخراوی گەشەی ژنی کورد
ڕێکخراوی ژنی کورد لە ئوپسالا
سەنتەری نینا و چەند کەسایەتی سەربەخۆی کورد

دریژەی:

## هەڵویستی وەک یەک و پێوستیی کاری هاوبەش

دەشێ دەرفەتی وەک یەکبوونی هەڵوێست لە بارەی هەڵبژاردنی مەجلیس و هەروەها بارودۆخی ناوچە و ئەو ئەگەرانەی لەبەردەم کۆماری ئیسلامی دا هەن، پاڵنەر و هاندەری هەموو لا بن بۆ بەخۆداچوونەوە و هەست کردن بە بەپرسایەتی و ملدان بۆ کاری هاوبەش و پێکەوە کارکردن. بەڵام ئەگەر لایەنێک لە لایەنەکان بە هەر هۆیەک و بیانوویەک، نەیویست بەشداری هاوبەشییەکی ئەوتۆ بێ، ئایا ڕەوایە لایەنەکانی دیکە کاری خۆیانی لەسەر پەک بخەن؟

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەلویستی وەک یەکی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەرفەتێکی لەبار دەزانێ بۆ کاری هاوبەش لە نێوانیان دا لە سەر سەرخستنی هەڵوێستی تەحریم. لەم بارەیەشەوە هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی ئەم کۆدەنگی و یەکگرتوویی و هاوهەنگاوییە دروست ببێ. لەو باوەڕەش داین هەر چەشنە کۆسپ و تەگەرە دروستکردنێک، هەر جۆرە خۆ بواردنێک لە پێکەوە بوون و کاری هاوبەش، نەک بە زیانی هەڵوێستی وەکیەکی هەموولامان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەمجارە، بەڵکوو بە زیانی ئەو دەرفەتانەش تەواو دەبێ کە لە داهاتوودا بۆ خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێنە پێش.

**خالید عەزیزی :**

# ئێمە بە لێکحاڵی بوون و تەفاهوم و جۆرێک لە ریککەوتنی نەتەوەیی دەتوانین بەرەنگاری داهاتووی ناڕوونی ئێران بینەوە

**( چەند بەشێک لە وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا)**

**خوشک و برایانی ئازیز! میوانە بەڕێزەکان! دۆستان! و لایەنگران! و ئەندامانی حیزبی دێموکرات! و هاوڕێیانی پێشمەرگە!**

بە بۆنەی شێست و شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پیرۆزبایی لە ئێوە و هەروەها پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەکەم.

٦٦ ساڵ رەنگە لە تەمەنی ئینسانێک دا زۆر بێ، بەڵام لە تەمەنی میللەتێک دا کە لە پێناوی گەیشتن بە مافەکانی خۆی دا خەبات دەکا و قوربانی دەدا و ئیفتخارات بۆ خۆی دەخوڵقێنێ، تەمەنێکی زۆر نییە. ٦٦ ساڵ پێش ئەمڕۆ کۆماری کوردستان کە دامەزرا پێناسەی کوردی و هوویەتی کوردی لە چوارچێوەی یەکەمین حکوومەتی کوردی دا نەهادینە کرد، بە ئاڵا و بە سەرۆک کۆمار و بە کابینەی وەزیران کەوتە نێو موعادلاتێک کە هەم بۆ نەتەوەی کورد جێگای شانازی بوو هەم راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئیعترافی دۆستان و دوژمنانی لە ناوچەکەدا بەرەو لای خۆی راکێشا.

لە مێژووی کێشە سیاسییەکان دا ئیدئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان یەک بە دوای یەک دا هاتوونەتە گۆڕێ و رۆیشتوون، لە کۆمۆنیزمەوە بگرە تا لیبرالیزم و تا کۆنزێرواتیزم و تا دەیان بۆچوونی دیکەی کۆمەڵایەتی، لە دژی یەک رەقابەتییان بووە و بە گوێرەی زەمان لایەنێک سەرکەوتوە و لایەنێک تێک شکاوە ، لایەنێک لە کێشەکانی کۆمەڵایەتی دا دەنگی نەهێناوەتەوە و لایەنێک دەنگی هێناوەتەوە، بەڵام کەسایەتی و هۆوییەتی کۆماری کوردستان لەبەر ئەوەی کە کەسایەتی و هۆوییەتی نەتەوەی کورد بوو، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا نە لە کەمی داوە نە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا کەم رەنگ بۆتەوە، نە بە شکان و تێکچوونی، کۆماری کوردستان لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستان دا سڕاوەتەوە، بەڵکە رۆژ بە رۆژ رێگەی رێبوارانی رێگای کۆماری کوردستان، رێگەی رێبوارانی رێگای رزگاریی نەتەوەی کورد، بە هۆی بایەخدان بە هۆوییەتی کوردایەتی لە پەرەئەستاندن دا بووە. کاتێک کۆماری کوردستان رووخا، یەکەمین لێکدانەوەی دوژمنانی کورد ئەوە بوو کە بە ئیعدامی سەرۆک کۆمار و رووخانی کۆمار لەمەو بەدوا ئەو مەجال و دەرفەتەی کە کۆمار بۆ نەتەوەی کوردی لە بەشێک لە کوردستان دا خوڵقاندبوو رەنگە نەتوانێ ئیدامەی حەیات بدا و لەسەر پێی خۆی رابوەستێ. بەڵام زیندانیکرانی رێبەرانی کورد و ئەشکەنجە و دەربەدەری و ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە کوردستانی ئێران بەرەورووی رێبوارانی رێگای کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی قازی محەممەد کرایەوە، دەری خست کە ئەو خەباتە بەردەوام دەچێتە پێشێ و بە ئەشکەنجە و زیندان و ئیعدام بە هیچ جۆر تێدا ناچێ. ئەگەر ئەو وەختە کۆماری کوردستان سنووری جوغرافیاییەکەی، ناوچەی موکریان بە پێتەختیی مەهاباد بوو، ئێستا دەبینین شعوری نەتەوایەتیی کورد و هەست و داخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، لە شیمالی کوردستانی ئێرانەوە بگرە هەتا خوارەوە لای ئیلامیشی داگرتوە. ئەم راستییە، بۆ جارێکی دیکە دەری دەخا کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و رێبوارانی رێگای کۆماری کوردستان لەو مەیدانەدا هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن کە ئەقڵیەتی کۆماری کوردستان لە تەواوی کوردستانی ئێران و لە هەموو ئوستانەکان جێ بخەن.

ئێمە لە سەردەمێک دا یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە بە خۆشییەوە شعووری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک و شعووری نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران رۆژ بە رۆژ لە پەرەئەستاندن دایە و توانیوتی بە شێوازی جۆراوجۆر لە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانە جیاوازەکاندا خۆ نیشان بدا و بێتە گۆڕێ. فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند مانگ دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک حیزبێکی جەماوەری (و دەسەڵاتێکی جەماوەری) ئەوە بوو کە بێ جیاوازیدانان لە بەینی چین و توێژەکانی کۆمەڵ _ بێ ئەوەی کە جیاوازی لە بەینی ژن و پیاو دا دابنێ، بێ ئەوەی کە تاک تاکی کۆمەڵی کوردەواری بە دەلیلی بەستراوەیی دینی و ئایینی یا بە دەلیلی بەستراوەیی لەهجە و زاراوە هەڵاوێردرێن_ هەموو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا جێیان ببێتەوە، بیرۆکەیەک ئێستاش کۆن نەبووە و تا دێ پتر لە جێگای خۆی دایە.

...ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەوەی لەو وڵاتانەدا هاتۆتە گۆڕێ لە یەک کەلام دا بۆ ئێمە ئەو پەیامە دەنێرێ کە ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە دژی دیکتاتۆری و ئیستبداد دا لە گۆڕێ دا بوون و حکوومەتە ئیستبدادی و دیکتاتۆرییەکان یەک بە دوای یەک دا دەڕووخێن و لە هێندێک لەو وڵاتانەدا تا رادەیەکی بەرچاو مەزهەب بۆتە وەسیلەیەک یا بۆتە رێگەیەک بۆ ئەوەی کە خەڵک لە دژی دیکتاتۆرەکان رابوەستن. بە خۆشییەوە لە کوردستانی ئێران و هەموو پارچەکانی کوردستان هۆوییەتی میللی و هۆوییەتی کوردایەتیی ئێمە سەمبولی بەربەرەکانی و دژایەتیی ئێمەیە لە گەڵ حکوومەتە داگیرکەرەکان و حکوومەتە مەرکەزییەکان. بۆیە لە کوردستانی ئێران تا رۆژێک مەسەلەی ئێمە و کێشەی نەتەوایەتیی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی چارەسەر نەکراوە و کورد بە مافە نەتەوایەتییە کانی خۆی نەگەیشتوە، مەسەلەی سەرەکی و سەمبولی سەرەکی و هۆوییەتی سەرەکی لە کێشەکانی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا مەسەلەی نەتەوایەتیی ئێمەیە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە هەر ئایینێک کە هەیانە لەو هۆوییەت و پێناسەیەدا دەتوانن جێ بگرن . ئەوە ئەساسی بەربەرەکانی و کێشەی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزییە. لەگەڵ رێز و ئیحترامی ئێمە بۆ هەموو بیر و باوەڕێکی مەزهەبی لە کۆمەڵگەی کوردستان کێشەی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی تاران چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و چ لە سەردەمی جمهووریی ئیسلامی دا کێشەیەکی میللی و نەتەوایەتییە و کێشەی نەتەوایەتی و میللیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی زەمانێک بە باشترین شێوە دەچێتە پێشێ و زەمانێک دەتوانێ دەسکەوتی باشی هەبێ و سەرکەوتنی هەبێ کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە خۆی دا جێ بکاتەوە. بۆیە مادام ئێمە لە کێشەیەکی نەتەوەیی دا هەین لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو چین و توێژانە جیاواز لە عیلاقات و تەعەللوقاتی مەزهەبی بتوانن تێیدا جێی خۆیان بکەنەوە، پێویستیمان بە قەراردادێکی نەتەوەیی هەیە....

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئێمە لەسەردەمێک دا یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە مەنتەقەکە و لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە گۆڕێ دا هەیە. جمهووریی ئیسلامی لە چەندین ناحیەوە کەوتۆتە بەر فشاری کۆمەڵانی خەڵک. لە نێوخۆی وڵات(لە گەڵ نارەزایەتیی خەڵک بەرەورووە)، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئیعتبار و ئیعتماد بەو رێژیمە نەماوە و سیاسەت و بۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکن کە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا هیچ متمانەیان پێناکرێ. ئابووریی ئێران لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی سەروەت و داهاتی کۆمەڵانی خەڵک لە پێناو بەرزەفڕییەکانی خۆی دا خەرج دەکا و مەجالێکی بۆ کۆمەڵانی خەڵک نەهێشتۆتەوە، رۆژ بە رۆژ لە وەزعێکی خەراپتر دایە، لە باری کۆمەڵایەتییەوە لە سەرتاسەری ئێران کۆمەڵێک گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ دا هەیە کە کۆماری ئیسلامی تا ئێستا رێگاچارەیەکی بۆ نەدیتوونەوە. لە باری دیپلۆماسییەوەش (ئەم رێژیمە) ئیحترام بۆ قانوون و رێساکانی نێو دەوڵەتی دانانێ. لەسەر یەک هەمووی ئەو فاکتۆرانە دەستیان داوەتە دەستی یەک کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی وڵامدەر نییە بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک، حکوومەتێکی مەسئوول نییە لە سەتحی ناوچەکەدا حکوومەتێک نییە کە بەرامبەر بە قانوونەکانی نێودەوڵەتی، کەتەنانەت بۆخۆشی ئیمزای کردوون بەڕێوەیان بەرێ. بۆیە هەمووی ئەوانە ئەو پەیامە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی درەنگ یا زوو دەبێ بڕوا.

ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەش بە تێکڕایی ئەو نەتیجەیە دەدەن بە ئێمە کە رێژیمەدیکتاتۆر و ئیستبدادییەکان رۆژ بە رۆژ لە کەمی دەدەن و ژمارەیان کەم دەبێتەوە و کۆمەڵانی خەڵک لەو وڵاتانە تێدەکۆشن کە بە عەقڵیەتێکی دیکە سیستمێک لە حکوومەت دابمەزرێنن کە لەمەو بە دوا وڵامدەر بێ بەرامبەر بە خۆیان. بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەبێ ئەو واقیعیەتە لەبەرچاو بگرین لەو وڵاتانە کە دەورانێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی ئیستبداد و دیکتاتۆری دا بوون دێموکراسی و ماف نەهادینە نەکراون تەبیعەتەن دەورانێک دەکێشێ، زەمانێک دەگرێ تاکوو عەقڵیەتی یەکتر قەبووڵکردن و چۆنیەتیی دێموکراسی و تەحەممولی یەکتر و جێکەوتنی حکوومەتی قانوون لەو وڵاتانە دابمەزرێ. بە هەر حاڵ ئاڵوگۆڕەکان کە دەستیان پێ کردوە پەیامێک دەدەن بە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لەو چارەنووسانە بەدەر بێ. یەکێک لەو لایەنانەی کە راستەوخۆ هەم لەسەر کۆماری ئیسلامی تەئسیری هەیە و هەم لەسەر مەسەلەی کورد بە گشتی بۆ ئێمە سوورییە. پێمان وایە رووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە لایەک بۆ ئێمەی کورد دەسکەوتێکی بەرچاوی دەبێ بەتایبەت کە ئێستا هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریە کەوتوونەتە نێو بازنەی هاوکاری و پێوەندی و عیلاقات لەگەڵ هێزە عەرەبەکانەوە، دەتوانێ سەرەتایەکی باش بێ بۆ تەعامولی باش و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە کە بکرێ مافی کوردیش لەسووریە دەستەبەر بکرێ.

لایەنێکی دیکەی قەزیەکە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ئاخیری تەمەنی خۆی دا تێدەکۆشێ بە خوڵقاندنی بوحران لە دەرەوەی خۆی دا بەتایبەت لە عێراق و لوبنان و هەروەها پشتیوانی کردن لە سووریە و مەشغول کردنی کۆمەڵانی خەڵک و ناوچەکە بەو بوحرانانە بوحران لەسەر خۆی وەلا بەرێ. بەڵام لێکدانەوەی ئێمە بە تێکڕایی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی چی دیکە ناتوانێ ئەو یارییانە ئیدامە بدا، چونکە یارییەکانی کۆماری ئیسلامی رۆژ بە رۆژ کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات



و لە ناوچەکەو لە دنیای دەرەوە پتر لە ماهییەتی ئەو حکوومەتە دەگەیەنێ و رۆژ بە رۆژ مەجالی لێ بەرتەسکتر دەبێتەوە. هەمووی ئەو کێشانە ئێمە کاتێک لێکیان دەدەینەوە و هەڵیان دەسەنگێنین و تەحلیلیان دەکەین و نموونە دێنینەوە ئاماژە بە ئەم و ئەو تەجروبە دەکەین ئەویش ئەوەیە کە بۆ ئێمەی کورد سەرجەمی ئەو ئاڵوگۆڕانە چیان تێدا دەبێ. کاتێک ئێمە باسی کێشە لە وڵاتێکی وەک میسر، تونێس، لیبی و سووریە دەکەین زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە چۆن دەتوانین لەو تەجروبە و لەو دەسکەوتانەی ئەوان کەڵک وەرگرین و ئەو تەجروبانە لە ئێران بەکار بێنین و لە هەمان کاتیش دا ئێمە بۆ خۆمان وەک کورد بتوانین لە داهاتووی ئێران دا کەڵکیان لێ وەربگرین. یەکێک لەو فاکتۆڕانەی کە دەکرێ لە داهاتووی حاڵەتە ناڕوونەکانی ئێران دا ئێمەی کورد زەرەر نەکەین و بتوانین بە یەکگرتوویی و یەک دەنگی لەو مەیدانەدا مافەکانی خۆمان بچەسپێنین ئەوەیە کە لە نێومالّی کورد یەکدەنگی هەبێ، نێومالّی کورد رێک بخرێتەوە و حیزب و لایەنە سیاسییەکان بتوانن بە لێکحاڵی بوون و تەفاهومێک و جۆرێک لە ریککەوتنی نەتەوەیی بەرەنگاری ئەو حاڵەتە ناڕوونانە بینەوە. ...

بۆ ئەوەی کە لەو مەیدانەدا ئێمە بتوانین باش بچینە پێشێ، یەکگرتوویی و لێک نزیک بوونەوەو جۆرێک کۆدەنگی لە نێو لایەنە سیاسییەکان دا پێویستە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لەو مەیدانە دا بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی داوە. ئێستاش کە بەتایبەتی لە حاڵەتێک داین ئەو زەروورەتە زۆرترە ، تێدەکۆشێ کۆمەک بەو لێک حاڵیبوون و بەو لێک نزیکبوونەوەیە بکا. ئێمە لەمەو بەدواش ئەو سیاسەتە ئیدامە دەدەین، چونکە پێمان وایە لە جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیدا کە تەنەووعاتی سیاسی و تەنەووعاتی دیکەی تێدا هەیە، یەکگرتوویی و لێک نزیکبوونەوە و پەیامێکی واحید و قەراردادێکی نەتەوەیی یەکێک لە فاکتۆرە سەرەکییەکانی چەند و چۆنی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئەو جووڵانەوەیەیە.

بابەتێکی دیکە کە پێویستە هەر لە خانەی یەکگرتوویی نەتەوەیی و هێنانە گۆڕی قەراردادێکی نەتەوەییدا لێرە من ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە هەمووی ئەو حاڵەتانەدا کورد لە داهاتووی ئێران دا زەرەرمەند نەبێ، ئەوەیە کە تێبکۆشین ئەو عەقڵیەتە جێ بخەین، ئەو فەرهەنگە جێ بخەین کە پرۆتۆکۆڵێک یا تەوافوقێک یا قەراردادێکمان هەبێ لەمەوبەدوا کورد بە هیچ جورهیچ لایەنێکی سیاسی لە چەک دژی لایەنەکەی دیکە کەکەلک وەرنەگرێ. ئێمە لە سەردەمێک دا باسی ئەو بابەتە دەکەین کە دەبێ هەمووی ئینێرژی و توانا و عەقڵیەت و تێگەیشتنەکانی لایەنە سیاسییەکان و ئێمەی کورد بە گشتی لە یەک مەسیر دا کەڵکی لێ وەرگیرێ، ئەویش مەسیری کەم کردنەوەی گیر و گرفت و ئاستەنگەکانی رێگای رزگاریی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران لە رەوتی خەبات و چالاکیی خۆی دژی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی کە ئەو نیگەرانی و دڵەراوکێیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا بڕەوێندرێتەوە، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەک لە رابردووش دا ئامادە بووین ئێستاش ئامادەین کە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە پرۆتۆکۆڵێک یا قەراردادێکمان هەبێ بۆ ئەوەی کە هیچ کەس دەست بۆ چەک نەبا. هیوادارم هەموو لایەنەکان چ لایەنە سیاسییەکان چ خەڵکی ئەهلی قەڵەم چ خەڵکی ئەهلی لێکدانەوە، چ هەمووی ئەوانەی بە هەر جۆرێک بە پەرۆشن بۆ داهاتووی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، لەو پێناوەدا هەوڵ بدەن و ئەوە بکرێ بە ئیلزاماتێکی کۆمەڵایەتی بە تەعەهوداتێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، و ئینسانی کە بۆ هەمیشە لە مێژووی خۆمان لە داهاتووی کوردستان دا دیاردەیەکمان بە ناوی دیاردەی نیگەرانیی شەڕی کورد لەگەڵ کورد نەمێنێ.

مەوزوعێکی دیکە کە من پێم خۆش بوو ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە بەرەبەرەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران دا یەکێک لەو کێشانەی کە کۆماری ئیسلامی دەقیقەن لەگەڵیان رووبەڕوو بۆتەوە ئەوەیە کە تێدەکۆشێ هەوڵ بدا بە شێوازی جۆراوجۆر کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژی هەڵبژاردن دا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، ئەویش لە سەردەمێک دا کە فشارێکی زۆری نێودەوڵەتیی لەسەرە، لە سەردەمێک دا کە لە نێوخۆی وڵات خەڵک رۆژ بە رۆژ لە دژی کۆماری ئیسلامی پتر ناڕازی دەبن و لە فورسەت و دەرفەت دەگەڕێن کە کەڵکی لێ وەربگرن لە دژی ئەو رێژیمە، لە سەردەمێک دا کە لە ناوچەکەدا رۆژ بە رۆژ دێموکراسی بەرەو ئەوە دەچێ کە جێ بکەوێ و ببێ بە فەرهەنگ. لە سەردەمێک دا بەتایبەت لە عێراق کە لایەنەکان تێدەکۆشن کە بە تەنەووعاتێک کە لە عێراق هەیە و لەسەر بنەمای فیدرالیزم و لێک حاڵیبوون، عێراق بە یەکەوە دروست بکەنەوە، لە سەردەمێک دا کە لە کێشەی ناوچەکەدا تورکیە دەورێکی زۆر دەگێڕێ لە ئاڵوگۆڕەکان دا و ئێران بە دەلیلی سیاسەتەکانی خۆی لە پەراوێز کەوتوە، تێدەکۆشێ بە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن دا هەمووی ئەو کەمبودانە کە هەیەتی، هەموو ئەو سیاسەتە غەڵەتانەی کە هەیەتی، هەمووی ئەو ناخۆشەویستییە لە نێوخۆی وڵات و ناوچەکەدا کە هەیەتی بە جۆرێک قەرەبووی بکاتەوە. بۆیە ئێمە لە هەمان کات دا کە پێمان وایە هەڵبژاردن فورسەت و مەجالێکی باشە بۆ حیزبێکی سیاسی کە لەو رۆژەدا بتوانێ راستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک قسە بکا و پرۆژە و بەرنامەکانی خۆی بخاتە بەر قەزاوەتی خەڵک، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات مەجالی ئەوەمان نەبووە و جمهووریی ئیسلامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی غەیرە قانوونی ئیعلان کردوە، بۆیە هیچ رێگایەکی بۆ نەهێشتووینەوە یا هیچ رێگایەکمان بۆ نەماوەتەوە بە غەیری ئەوەی کە هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە لە ١٢ی رەشەمە دا دەکرێ بایکۆت بکەین.

نەفسی بایکۆت کردن رەنگە بە دانی بەیاننامەیەک یا بە راگەیاندنی هەڵوێستی حیزبێکی سیاسی لەکاتی خۆی دا تەنیا وەک سەنەدێک جێبەجی ببێ، بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئێمە چۆن تێبکۆشین هەموو لایەکمان لە کوردستان بەتایبەتی رۆژی هەڵبژاردن بکەین بە رۆژی بەربەرەکانیی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی. من هیوادارم و ئەگەر هەموو لایەکمان (لایەنە سیاسییەکان) بەیەکەوە کاری بۆ بکەین و رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ئینێرژیی هەموو لایەک لەم مەیدانە دا وەگەڕ بکەوێ، دڵنیام تا رادەیەکی بەرچاو دەتوانین لەو رۆژەدا وێڕای تەئکید کردنەوە لەسەر هەڵوێستی هەمەلایەنەی بایکۆت لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هەڵبژاردنەدا، بە جۆرێک یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێرانیش دژی کۆماری ئیسلامی لەم بۆنەیەشدا نیشان بدەین. بۆیە هیوادارم ئەو مەجالەش بکەین بە فورسەتێک بۆ ئەوەی کە لەلایەک کوردایەتییەکی بەقووەتی تێدا بکرێ لە دژی حکوومەتی مەرکەزی، لە لایەکیش پەیامی سیاسیی ئێمە کە بایکۆت کردن هەڵوێستێکی گشتییە لە سەرتاسەری ئێران، هیوادارم هەمووی ئەو لایەنانەی کە لە دژی کۆماری ئیسلامی کار دەکەن و هەڵبژاردن بە هەڵبژاردنێکی نادێموکراتیک دەزانن لەو مەیدانەدا کاری بۆ بکەن.

... بۆ جارێکی دیکە لە ٦٦ ساڵەی کۆماری کوردستاندا هیوادارم کە ئەرک و وەزیفەکانی کۆمار بکەینە سەرمەشقی خۆمان. ئەو دیاردە نەتەوەییەی کە کۆمار بۆ ئێمەی بەجێ هێشتوە کە کاتی خۆی کە کۆمار دروست بوو، بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەمووی ئەو بەشە لە خەڵک لەو بەشەی کوردستان دروست بوو، لە هەمان کات دا بەداخەوە تێکشکانەکەشی هێندێک پێوەندیی بە ناکۆکیی نێوخۆییەوە هەبوو. ئەوەی دووەم لە نێو ئێمەدا نەمێنێ ئەوەی یەکەم بە قووەت بێ، واتا رۆژ بە رۆژ تێبکۆشین هاودەردی و هەماهەنگی و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە نێو ئێمەدا بە قووەت بێ. هیوادارم ئەو ئاواتە زوو وەدی بێت و رێز گرتن لە ساڵرۆژەکانی داهاتووی کۆماری کوردستان لە نێوخۆی وڵات لە شار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداریی هەموو ئەو لایەنانە بێ کە لە پێناوی رزگاریی نەتەوایەتی دا تێکۆشاون.

جارێکی دیکەش بەرز و پیرۆز بێ یادی کۆماری کوردستان و هەروەها یادی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد. بۆ ئێوەش هەر داوای ساغی سلامەتی دەکەم و هەموو لایەکمان بەیەکەوە سەرکەتوو بین.

دەقی تەواوی ئەم وتارە لە ماڵپەڕی» کوردستان و کورد» دا بخێنەوە

# ڕوانگەیەکی کۆن بۆ کێشەی لەمێژینەی کورد، شەڕ یا پێشگیری لەشەڕ

## بەشی دووهەم و کۆتایی

مستەفا مەعروفی

لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨دا پاش کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی بێدیفاعی «قارنێ» کە ٦٨ کەس ـ ژن و منداڵیشیان لە نێو دابوو ـ بە دەستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە دڕندانەترین شێوە کوژران، ح.د.ک. ڕایگەیاند کە: «ئێمە داوا لەکۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن، خاچی سووری نێونەتەوەیی و هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکەین سەبارەت بە جینایەتە ترسناکەکانی پاسدارەکان بە توندی ڕەخنە لە دەوڵەتی ئێران بگرن .» لە ٢٥ی ئاوریلی ١٩٨٠دا د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزب نامەیەکی بۆ « هەموو ڕێکخراوە دیموکراتیک و پێشکەوتووەکانی جیهان، هەموو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان، و هەموو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆست و ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ» نارد. لەم نامەیەدا وێڕای ئاماژە بە سەرکوتی بزووتنەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بە تۆپ و تانک و فڕۆکە و هێلیکۆپتێر و کوژرانی « هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوان.. قەتڵ و عامی ژن و پیر و منداڵانی شار و گوندەکانی کوردستان»، دوا دەکا : « لە یارمەتییە ماددی و مەعنەوییەکان بە خەڵکی ستەملێکراوی کوردستانی ئێران دریغ نەکەن.»

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمێژە باوەڕی وایە کە نابێ کێشەی کورد وەک کێشەی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە سەیری بکرێ کە کوردستانیان لەنێودا دابەش بووە. لە نامەیەکی د. قاسملووی نەمردا بۆ ئێدڤارد شوارد نادزە، ئەم مەسەلەیە بە ڕوونی و بە ئاشکرا دیارە: « مەسەلەی کورد لە ئێراندا نابێ وەک مەسەلەیەکی نێوخۆیی چاوی لێبکرێ. داخوازەکانی گەلی کورد لە ئێران بە تەواوی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا دەگونجێن. ئێمە لە ئێوە کە لایەنگری دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری دنیادان.. داوا دەکەنی پشتیوانی لە داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد ڕابگەیەنن...»

لەوەش ڕوونترو ئاشکراتر نامەیەکی دیکەی د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو بۆ بەڕێز پرێزدوکۆیلار سکرتێری گشتیی ئەوکاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە تاریخی ٣/ ٨/ ١٩٨٨دا نووسراوە و هاتوە: « مەسەلەی کورد لە ئێران مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە. لە کوردستان سەرەتاییترین مافی ئینسانی و میللیی گەلێک پێشێل دەکرێ و، ئێوە وەزیفەتانە بە مەبەستی دیفاع لە مافی مرۆڤ و مافی مەوجوودییەتی یەکێک لە ڕەسەنترین و کۆنترین گەلانی ئەم ناوچەیە هەنگاوی پێویست هەڵێننەوە. ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکانی ئێوەین و ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکاریی تەواو لەم پێیەدا ڕادەگەیەنین.» بەیاننامەی خەرمانانی ئەمساڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو بانگەوازانەی پێشووی دا هەیە بە تایبەتی کە لە زمانی سکرتێری گشتییەوە گوتراون؟

با وای دابنێین ئەمریکا یان بۆخۆی یان لەگەڵ چەند وڵاتی هاوپەیمانی هێرش دەکاتە سەر کۆماری ئیسلامی ـ هەرچەند بەڕاستی ئامانجی هێرش ڕێژیم و بنکە نیزامی و سەرکوتکەرەکانی بێ یان وڵاتی ئێران، جیایە ـ دەوڵەتان یان ئەمریکا ئەگەر هێرش بکەنە سەر ئێران نە بەقسەی کورد دێن و نە بە قسەی کورد دەگەڕێنەوە. ئەو کەسانە مەسەلەکە وا مەتڕەح دەکەن هەر وا بزانە ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکە ئەرتەشەکانیان لەبەردەستی کورد دایە! بەڵام وای دابنێین ئێران هێرشی دەکرێتە سەر، کورد و هێزە سیاسییەکانی دەبێ چ بکەن؟ ئەگەر بیانەوێ شتێک بکەن، داخوا بە ڕاستی دەتوانن؟ ئەگەر توانای دیفاع لەبەرامبەر هێرشێکی وایان دا هەبێ ـ کە نیانە ـ ئەو دیفاعەی لە کێ دەکەن؟ لە کۆماری ئیسلامی یان لە خەڵکی ئێران ؟ کورد دیفاع لەکام دەسکەوتی بکا کە پێی دراوە تا بیپارێزێ؟ ئەگەر ـ بۆ وێنە ـ ئەمریکا هات کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ داخوا ئەو مافانە لە کورد دەستێنێتەوە کە کۆماری ئیسلامی پێی دابوو!! لەم پێوەندییەدا لە ٢٠ ساڵی دواییدا ئەزموونی وڵاتانی دیکەمان لەبەر دەست دایە:

ناکا ئەو کەسانە پێیان وابێ کاتێک ناتۆ ( دەیەی ٩٠ ) هێرشی کردە سەر هێزە سێربییەکانی سەر بە میلۆسۆڤیچ، ئەوانەی هەزاران بۆسنیایی کرۆواتییان بە کۆمەڵ کوشت، دەبووا قوربانیەکان لەبەر پاراستنی « یەکپارچەیی خاکی» یوگسلاڤی لە دژی ناتۆ شەڕیان کردبایەو خزمەتیان بە مانەوەی دەسەڵاتی میلۆسۆڤیچ بکردایە! بەڕاستی ڕەنگە ئەو کەسانە پێیان وابێ کوردەکانی عێراق و شیعەکانی ئەم وڵاتە کە دەیان هەزار کەسیان بە کۆمەڵ بەدەستی سەدام حوسێن کوژران و ئەم ڕێژیمە چەکی شیمیایی لە دژی کورد بەکار هێنا، لە ١٩٩١دا کاتێک کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی چەتری پاراستنی بۆ کوردەکان و شیعەکان پێک هێنا یان لە شەڕی ٢٠٠٣دا « هەستی نیشتمانپەروەری» وای لێکردبان ببنە سەربازی سەدام حوسێن! ڕەنگە لە ڕوانگەی ئەم کەسانەوە شۆڕشگێڕانی لیبی خیانەتیان بە وڵاتەکەیان کردبێ کە لە بەرامبەر وەحشیگەرییەکانی موعەممەر قەزافیدا پشتیوانیان لە دەستێوەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوا کرد و لەبەر هەستی نیشتمانپەروەری بە گیان و بەدڵ قەناعەتیان بە کوشتاری قەزافی نەکرد! خۆ ئەو کەسانە ناکرێ پێیان وابێ بۆسنیایی و کرۆواتی و عەرەبەکانی عێراق و لیبی و...هتد هەروا بەدەستی دیکتاتۆری وڵاتەکانیان کوژرابان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش دەستی لەسەر دەستی دانابایە و تەنیا تەماشاچی بووایە. دەبووا ڕێژیمی سوودان هەروا درێژەی بە قەتڵ و عامی خەڵکی باشووری سوودان دابایە و کۆمەڵەی نێونەتەوەیی مافی ئەوەی نەبووایە ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە؟ پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و نەژادییەکان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە ڕەوایە کە دەکەونە بەر هێرشی دڕندانەی حکوومەتە شۆڤینیست و فاشیستییەکان بەڵام بۆ کورد کە بە داخەوە مێژووەکەی پڕە لەم ڕووداوانە، ڕەوا نیە؟ لە ڕوانگەی شۆڤینیستانەوە دیفاع لە هەر نەتەوەیەکی ستەم لێکراو ڕەوایە ـ بە قەولی د. قاسملووی نەمر دەڵێ: «بە مەرجێک کورد نەبێ؟» بە ڕاستی جاری وایە دەمارگرژی و شۆڤینیزم، ڕووناکبیرێک دەکاتە گاڵتەجار! . زۆر سەیرە! تێکۆشەرانی ئێران کاتێک بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن یان تەنانەت یەکێک لە زینداندا هەڵامەتی دەبێ ـ بۆ وێنە ئاغای ئەکبەری گەنجی ـ دەبێ هەموو ڕێکخرا و کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان بزانن و کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن ـ کە دیارە ئەوە زۆر باشە ـ بەڵام کورد هەقی نەبێ ئیعدامی بە کۆمەڵی ڕۆڵەکانی بە بیر وڕای گشتیی دنیا ڕابگەیەنێ و دوای یارمەتی بکا بۆ ڕاگرتنی ئەم جینایەتانە؟! داخوا ئەو کەسانە دروشمی خۆپێشاندەران لە تارانیش لە هاوینی ١٣٨٨دا کە دەیانگوت : «اوباما، اوباما یا با اونا یا با ما» بە « تجزیه طلب» تۆمەتبار دەکەن؟ یان بڕیاریان داوە هەرچی کورد بیڵێ و داوای بکا ناڕەوایە و دەبێ بە شک و گومانەوە لێی بڕوانن! بەڕاستی، ئەو کەسانەی هێندە نیگەرانی چارەنووسی هاونیشتمانانی کوردیانن و پەرۆشی کوردستانی ئێرانن کە نەکا ماڵەخۆ بکەن، بۆچی قەت جارێکی لە بەرامبەر ئەو هەموو بێعەداڵەتی، قەتڵ و عام و ئەشکەنجە و ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورددا نووزەیان نایە؟

تەنانەت ئەوکەسانە لەوە نیگەرانن « هەرکات حکوومەتی مەرکەزی [ ناشڵێن دیکتاتۆری ] لاواز بێ مەترسیی سەرهەڵدانی بزووتنەوە جیاییخوازەکان» دێتە گۆڕێ. ئەوە ڕاستە کە هەرکات دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە ئێران تووشی لاوازی بووە خەڵکی کوردستان بە ئاسوودەیی هەناسەی داوە، دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٣٢٤دا ڕاست لە هەلومەجێکی ئەوتۆدا ڕوویدا. بەڵام ئەمە هەر تایبەت نەبووە بە کوردستان، لەم کاتانەدا لە سەرانسەری ئێران ئازادییەکان بووژاونەتەوە و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی دامەزراون یان گەشەیان کردوە. سێ قۆناغی گرنگی مێژوویی لە ئێران دا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن: ڕووداوەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە ساڵەکانی ١٣٢٤ و ٢٥، سەرکەوتنی بەرەی میللی بە سەرۆکایەتیی د.محمد مصدق لە ساڵانی ١٣٣٠ تا ١٣٣٢و شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا تا دەگاتە زاڵبوونی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی. لەهەرسێک قۆناغدا حیزب و ڕێکخراوی سیاسی یان دامەزراون، یان گەشەیان کردوە، ڕۆژنامەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بووژاونەتەوە و ئەشکەنجە و





زیندانیی سیاسی یان نەماوە یان زۆر لە کەمیی داوە. بە ڕای شۆڤینیستەکانەوە ئەگەر حکوومەتی دیکتاتۆری لە ناوەند لاواز بێ، لەبەر ئەوەی نەتەوەکانی ئێران هەناسەیەکی ئازاد هەڵدەکێشن و ئازادییەکان دەبووژێنەوە، ئەمە هەڕەشە لە «یەکپارچەیی خاکی ئێران «دەکا. واتە لاوازیی دیکتاتۆری و بووژانەوەی ئازادییەکان لە ڕوانگەی ئەوانەوە بەرامبەرە بە هەڵوەشانی ئێران. کەوابوو بۆ ئەوەی ئێران بە « یەکپارچە» یی بمێنێتەوە دەبێ هەمیشە ڕێژیمێکی ناوەندگەرای دیکتاتۆر لەسەر کار بێ تا ئاگای لە نەتەوەکانی ئێران بێ ئاقڵ لە جێی خۆیان دانیشین. مەنتیقێکی سەیرە!

ئەگەر نەڵێین ناسیۆنالیزمی « ئێرانی» ـ کە خۆی لە فارسدا پێناسەدەکا و ئینکاری نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی تێدایە ـ لەسەردەمی ڕەزاخان دا دەستی پێ کردکە لە خەرمانانی ١٢٩٩ ( ١٩٢٠) ئینگلیسەکان بە کودیتا هێنایانە سەرکار، دەتوانین بڵێین لەوسەردەمەدا پەرەی گرت و لەسەردەمی مەحەممەد ڕەزاشای کوڕیدا کە ئەویش ئینگلیس و ئەمریکا پاش وەلا نانی باوکی لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا هێنایانە سەر کار، کرا بەو نیمچە ئیدئۆلۆژییە کە ئەمڕۆ هێندێک لەو ڕووناکبیرە شۆڤینیستانە لایەنگریی لێدەکەن. تەنانەت ئەو شۆڤینیزمە قەرزداری کودیتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژە کە ئەمریکاییەکان بۆ هێنانەوە سەرکاری حەمەڕەزا شا لە دژی د. محەممەدی مصدق بەڕێوەیان برد. ئەوانەی کە بەو دەمارگرژییەوە دیفاع لە « نەتەوەی ئێران» دەکەن و حاشا لە بوونی نەتەوەکانی دیکەی «وڵاتی ئێران» دەکەن هەر کە کورد باسی مافی ڕەوای خۆی دەکا ناووناتۆرەی جۆراوجۆری لێدەنێن و بە دەسکردی « بێگانە»ی لەقەڵەم دەدەن، لە بیریان دەچێتەوە کە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی ئەوان چۆن شکڵی گرتوە. پاشان ئەگەر ناسیۆنالیزمی کورد دەسکردی «بێگانە»یە، بۆچی ئەو بێگانەیە لە چەندین قۆناغی گرنگی مێژووییدا مانعی گەیشتنی کورد بە مافەکانی بووە: ئەوە سەرکوت و دوورخرانەوەی شێخ مەحموود ( ١٩٢١ )، پەیمانی لۆزان (١٩٢٣ )، یارمەتی بە ڕێژیمی شا لە دژی کۆماری کوردستان ( ١٩٤٦ )، گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجالان (١٩٩٨)ء...هتد. بۆچی ئەو یارمەتییەی بە هاتنە سەرکاری مەلیک فەیسەڵ لە عێراق کرا ( ١٩٢٦)، بە ئاتا تورک لە تورکیە ( ١٩٢٣ )، ڕەزاخان ( ١٩٢٠ )و محەممەد ڕەزا شا دوو جار ( ١٩٤٢و ١٩٥٣ ) لە ئێران، سەددام حوسێن لە دژی کوردەکان لە عێراق و...هتد. ئەگەر بزووتنەوەی کورد « دەسکردی بێگانە»یە بۆچی جارێکی دەفەتێکی لەم نموونانەی سەرەوە نەدا بە کورد؟!

**لە بارەی «تەجزییە تەڵەبی»یەوە سەربەخۆیی:** حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنەوە تا ئێستا زۆر بە ڕوونی و بە ئاشکرا ڕای گەیاندوە کە کورد وەکوو هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە کە چارەنووسی خۆی بۆخۆی دیاری بکا. مافی دیاریکردنی چارەنووسیش سێ شکلی هەیە: خودموختاری، فیدرالی و سەربەخۆیی. هەرسێکیان لە ئەدەبیاتی حیزبی دیموکراتدا و لەلایەن کەسانی یەکەمی ئەم حیزبەوە ئیشارەیان پێ کراوە، د. قاسملوو دەڵێ: «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە.» لە درێژەدا دەڵێ: « هەق ئەوەیە دانی پێدا بنرێ کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە.. ئەوەکە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان نا... نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە حاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە.» بەڵام لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دروشمی « سەربەخۆیی» نە لە دروشمی ستراتیژی، نە لە تاکتیک و نەلە دروشمی ڕۆژدا نەبۆتە دروشمی سیاسی و تەنیا وەک «ماف» باسی کراوە و هیچ کات ئەم مەسەلەیە حاشای لێ نەکراوە و بە ڕوونی و بە ئاشکرا پێی لەسەر داگیراوە.

د. قاسملوو چەند جار لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە «ئێوە داوای خودموختاری دەکەن، چ دەستەبەرێک هەیە لە داهاتوودا مەسەلەی سەربەخۆی نەیەتە گۆڕێ» د. قاسملوو گوتوویەتی: «ئێمە لە بەرامبەر نەسلەکانی داهاتوودا بەپرس نین.». ئەمە قسەیەکی مەنتیقییە، کەس ناتوانێ بڕیار بۆ چارەنووسی نەسلەکانی دوای خۆی بدا. حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرانی هەتا ئێستا فۆرمۆلیکیان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد هێناوەتەگۆڕێ کە جیاوازە لەوەی کە لە سەدەی ١٩و تەنانەت سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ ڕێبەرانی کورد خستبوویانە ڕوو،کە هەموویان سەربەخۆییخواز بوون: میر محەممەدی ڕەواندز ( ١٨٤١ ـ ١٨٣٦ )، بەدرخان بەگ ( ١٨٥٠ ـ ١٨٤٧ )، شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری ( ١٨٨١ ـ ١٨٧٩ )، سمکۆ ( ١٩٣٠ ـ ١٩١٣ )، شێخ مەحموودی بەزرنجی ( ١٩٢٣ ـ ١٩١٩ )و کۆمەڵەی ژ ـ ک ( ١٩٤٥ ـ ١٩٤٢). هەروەک نەسلی سەردەمی پێشەوا قازی محەممەد، د. عەبدولڕەحمانی قاسملووو ڕێبەرانی دیکەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ناچار نەبوون پێڕەوی ستراتیژی ڕێبەرانی پێش خۆیان بکەن، نەسلەکانی داهاتووش بۆخۆیان دەبێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. ئەم مەنتیقە بۆ نەسلەکانی دیکەش ڕەوایە.

لە کەس شاراوە نیە لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەشێکی زۆر لە کوردەکانی ئێران لەگەڵ مافە نەتەوایەتییەکانیان ئاشنا نەبوون، حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەرکێکی زۆر قورسی لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئاگادارکردنەوەیان لە ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانیانی لەسەر شان بوو. بە تایبەتییش کە هێزی وا هەبوون لە کوردستاندا ئوسووڵەن لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی نەبوون. ئێستا پێمان خۆش بێ یان نا درێژە کێشانی ٣ دەیە سەرکوتی بێ بەزەییانەی نەتەوەی کورد و بێبەشکرانی لە هەرچەشنە مافێکی سەرەتایی و ئینسانی، دەبێ هێزەسیاسییەکانی کورد لە بەرامبەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ڕووناکبیرانی دا دیفاع لە دروشمی مانەوە و خەبات لە چوارچێوەی « وڵاتی ئێران»دا بکەن! داخوا ئەمە بەرهەمی دیکتاتۆری و ڕەشبینی لەبەرامبەر کوردە کە ئەم وەزعەی پێک هێناوە یان هێزە سیاسییەکانی کورد و لە نێواندا حیزبی دیموکراتی کوردستان؟

ئەو کەس و هێزانەی لە ئێراندا باوەڕیان بە سەربەخۆیی کورد نەبێ وەک ماف، بێگومان باوەڕیان بە مافی خودموختاری و تەنانەت مافە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیشی نابێ، چونکە خودموختارییش بە سەرەتایەک بۆ جیابوونەوە دەزانن، بەڵام ئەو کەس و هێزە دیموکراتانەی باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران هەبێ ـ لە هەر شکڵێکی دابێ ـ کورد و هێزە سیاسییەکانی بە ئاسانی دەتوانن لە چوارچێوەی ئێران دا کاریان لەگەڵ بکەن، بێ ئەوەی بیر لە جیابوونەوەو گیروگرفتەکانی سەر ڕێی بکەنەوە.

وای لێ هاتوە « تەجزیە تەڵەبی» وەک قسەی ناشیرینی لێ بێ. دەگێڕنەوە لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستان کابرایەکی لایەنگری حیزبی دیموکرات لە کادرێکی حیزب دەپرسێ: ئەرێ «تەجزییە تەڵەبی» چیە بە ئێوەی دەڵێن؟ ئەویش بۆی ڕوون دەکاتەوە کە تەجزییە تەڵەبی جنێو نیە و ئەگەر نەتەوەیەک بیەوێ سەربەخۆیی وەربگرێ لە وڵاتێکی دیکە جیا بێتەوە ئەوە تەجزییە تەڵەبییە. کابراش کە دەزانێ تەجزییە تەڵەبی چیە، قسە بەو کەسانە دەڵێ کە تەجزیە تەڵەب نین! لەبەر چی؟ چونکە ئەوەندەی سەرکوت و جینایەتی هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی لە کوردستان بە چاوی خۆی دیوە و لە ئیدارات و دامودەزگای حکوومەتی ئەوەندەی سووکایەتی بە فەرهەنگ و نەتەوەکەی دیوە، هیوای بە پێکەوە ژیان لە ئێراندا نەماوە.

**فیدرالیزم:** بەر لەوەی دروشمی فیدراڵی ببێتە دروشمی ستراتیژیکی حیزب لە کۆنگرەی ١٣دا، زۆر پێشتر ئەم فۆرمۆڵە سیاسییە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکانی ئێران لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە هاتۆتە گۆڕێ. لە کۆنگرەی ١٢شدا هاتە گۆڕێ بەڵام نەبوو بە دەستووری کاری کۆنگرە تاکوو پەسند بکرێ. هێنانە گۆڕی مەسەلەی فیدرالیزم زۆر لەوەش کۆنترە: لە تاریخی ١٣٥٨/٥/١٤دا ح.د.ک. لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی باس لە «پێکهاتنی ڕێژیمێکی دیموکراتیک لە ئێراندا کە لە چوارچێوەی ئەودا مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بە شێوەی خودموختاری یان فیدراتیڤ دابین بکرێ» دەکا. : « د. قاسملوو لە وتوویژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی اطلاعات، ڕۆژی ٣ی سەرماوەزی ١٣٥٨دا دەڵێ: «ئەگەر لە ئێراندا تەنیا گەلێکی ستەملێکراو بۆ وێنە گەلی کورد دەبوو، ئەوکات ڕێگا چارەی کێشەی نەتەوایەتی تەنیا دەیتوانی بە شێوەی خودموختاری بێ. بەڵام، بەهۆی بوونی چەند گەلی ستەملێکراوی دیکە، شێوەی فیدراتیڤ ڕێگا چارەیەکی تەواوتر دێتە بەرچاو» پێشتریش لە ڕۆژی ٨ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا د. قاسملوو لە نامەیەکدا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی باس لە فیدرالیزم دەکا بۆ ئێران.

### بە کورتی

دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە ئێراندا لە کۆنەوە هەتا ئێستا بە خەستی سانترالیست بووە. نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی کورد نە لەدەسەڵاتدا و نە لە ئیمتیازەکانی وڵاتدا نەک هەر بەشدار نەبوون، بەڵکوو بە توندی سەرکوت کراون. کاتێک کورد داوای مافی ڕەوای خۆی کردوە لە جیاتی گوێگرتن و وەڵامدانەوە، بە « تەجزییە تەڵەب»و « دەسکردی بێگانە» تۆمەتبار کراوە و تەنانەت حاشا لە هۆوییەت و ناسنامەکەشی کراوە.

ئاشکرایە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕێژیمە دەڕووخێ، بەڵام ڕوون نیە مەوقعیەتی کورد چ دەبێ. لەهێرشێکی ئەوتۆدا کورد نە هێزێکی وای هەیە بتوانێ یارمەتیدەر بێ نە هێزێکی وای هەیە بتوانێ پێشی پێ بگرێ. ئەگەر بشتوانێ ناکرێ پشتیوانی لە ڕێژیمێک بکا کە ٣ دەیەیە بە دڕندەترین شێوە سەرکوتی دەکا. ئەگەر گەلانی ئێران بتوانن چارەنووسی کۆماری ئیسلامی دیاری بکەن، بێگومان کورد هێزێکی دیارە، کەوابوو مەوقعییەتەکەشی دیار دەبێ.

کورد و هێزە سیاسییەکانی بە تایبەتی حیزبی ح.د.ک. لە سەرەتاوە تا ئێستا باوەڕیان وابووە کە مەسەلەی کورد، یەکەم، ڕێگا چارەی سیاسیی هەیە نەک نیزامی، دووەم، لە چوارچێوە ئێران دا یان بە شکڵی « خودموختاری» یان بە شکڵی « فیدراڵی» چارەسەر دەکرێ. ئەگەر نەتەوەکانی ئێران وەک لە دەسەڵات و چارەنووسی وڵاتدا بەشدار بن و سەرکوت نەکرێن هۆیەک بۆ « جیاییخوازی»و گۆڕینی سنووری وڵاتێک یان چەند وڵات نابێ. لە جیهاندا نموونەی ئاوا زۆرە.

بۆ هێزە سیاسییەکانی کورد گرتنە بەری ڕێگای پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەکانی ئەو وڵاتانای تێیدا دەژین هەتا ئێستا ڕێگایەکی سەخت و دژوار بووە و تەنانەت بۆ ئەمەش هەزینەیەکی زۆریان داوە، گرتنە بەری ڕێگای جیابوونەوە لە وڵاتەکانی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، ئاستەمترو دژوارتریشە. ئەگەر ڕەوتی سەرکوتکردن و دوورخستنەوەی کورد لە ماف و دەسەڵات لەم وڵاتانەدا هەروا درێژەی هەبێ بەرەبەرە ئەو موعادەلەیە دەگۆڕێ و وای لێدێ کە کورد و ڕووناکبیرانی ڕێگای یەکەم ( پێکەوە ژیان )یان پێ لە ڕێگای دووەم ( جیابوونەوە و سەربەخۆیی ) سەختتر و دژوارتر بێ.

# ژنانە و پیاوانە کردنی بوارە جۆراوجۆرەکان

## مەلەکردن بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاو

**کوێستان فتوحی**

هەموو پەسندکراوە نێونەتەوەییە گرنگەکان لە بوارەکانی فێرکردن ، مافی مرۆڤ و لاواندا، لە سەر یەکسانیی ژن و پیاو لە فێرکردندا لەقۆناغی سەرەتایی ڕا تا کۆتایی قۆناغی خوێندنی بەرز پێیان داگرتوە. بەڵام لە ئێران بەپێچەوانەوەیە و ساڵ بە ساڵ بیروبۆچوونی تازەتر بۆ چەسپاندنی هەڵاواردنە جینسییەکان لە لایەن بەرپرسانەوە دەخرێنە ڕوو.

«هەڵاواردن و جیاکردنەوەی جینسییەتی» لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دەستەواژەیەکی نوێ نییە کە ئەمرۆ باسی لێوە بکرێ. هەمووان لەمێژە بەم دەستەواژەیە ئاشناین. «ژنانە و پیاوانە» کردنی قوتانخانە و زانکۆکان، ژنانە و پیاوانە کردنی ئوتوبووس و تاکسی و پارکەکان، ئیدارە و نەخۆشخانە، شوێنە وەرزشییەکان و....، داستانی ئەمڕۆ نین کە لە زمان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەیبیسین. ئەمە سێ دەیە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدەن لە ڕیزی پێشەوەی بەرنامەکانیاندا دایبنێن و هەر جارەی بەرنامەیەک و گەڵاڵەیەکی نوێیان لە بواری پەرەدان بە سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزیدا هێناوەتە گۆڕێ. حەمید ڕەزا حاجی بابایی وەزیری پەروەردە و فێرکردن لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵ (١٣٩٠) دا گوتی: « دەبێ قوتابخانەکان وا لێبکەین کە کچان و کوڕان، تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەن». ئاغای وەزیر دەیەوێ دیسان دیوارەکان بەرزتر بکاتەوە؟! ساڵی ١٣٧٨ وەزیری پەروەردە و فێرکردنی ئەوکات، گەڵاڵەی «شاداب سازی فضای مدرسە دخترانە» (گەشاندنەوەی کەشوهەوای قوتابخانەی کچانە)ی هێنایە گۆڕێ. ئەم گەڵاڵەیە ئەوە بوو کە دیواری مەدرەسەی کچانیان بەرزتر دەکردەوە تاکوو بە قسەی ئەو جەنابە و هاوبیرانی! نێو قوتابخانەکە لە دەرەوەڕا دیار نەبێ و کچانی قوتابی بتوانن لە ناوەوە، دەرسی ماڵداری فێر بن. کتێبی «حرفە و فن» ی کچانە کە بە بڕوای زۆر لە کچانی قوتابیی قۆناغی ناوەندیی قوتابخانەکانی ئێران، یەکێکە لە ماددە دەرسییە بێزراوەکان، نموونەیەکە لەم فێرکردنانە کە بەرپرسانی ئامووزشیی قوتابخانەکان زۆر پێ لە سەر فێربوونیان لە لایەن کچانەوە دادەگرن. بەپێی ئەو ماددە دەرسییە کچان فێری چنینی دەسکێ، کڵاو، بلووز ، گوڵدۆزی و .... هەر ئەو کارانە دەبن کە دایکەکانمان لە ڕابردوودا دەیانکردن.

فێرکردن دەبێ بەپێی گرنگترین نیازەکانی مرۆڤ بێ بۆ ئەوەی تاک لە داهاتوودا لە بواری کۆمەڵایەتیدا توانامەند و سەربەخۆ بێ. کەچی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەرفەتەکان نایەکسانن و ڕێگری لە فێرکردنی کچان لە هێندێک بواردا دەکرێ، کە ئەمەش بۆ ژنان هەمووکات گیروگرفتی دروست کردوە. بۆ نموونە لە بواری مکانیکیدا ژنان زۆر جار کەمیان هێناوە و دەبێ دەستوداوێنی پیاوان بن! چونکە هەر لە دەورانی سەرەتاییەوە لە قوتابخانە، کار و پیشەی مکانیکی بە کارێکی کوڕانە دانراوە.

هەر لە جێدا ژن و پیاو لە نێو گوتار وکتێبە دەرسییەکاندا وەک یەک نین. بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدن ڕەوایی بەو نابەرابەرییە بدەن و ئەم ڕوانینە لە نێو گوتارە مەزهەبییەکانیشیاندا ڕەنگ بداتەوە. ئەوان هیچکات ڕوانگەکانی خۆیان بەرانبەر بە ژنان نەشاردۆتەوە، بەتایبەتی لە بواری خوێندندا. ئەحمەدی جەننەتی کە یەکێکە لە کەسایەتییە گرنگەکانی! نێو ئەو نیزامە کۆنەپەرستە، لە یەکێک لە خوتبەکانی نوێژی هەینیدا، کە شوێنی ڕاگەیاندنی سیاسەتە ڕەسمییەکانی ڕێژیمەکەیەتی، بە ئاشکرا ناڕەزایەتیی خۆی لە پەرەگرتوویی حوزووری کچان لە زانستگەکاندا بەم جۆرە دەربڕی: «بەدبەختییەکە ئەوەیە کە یەکێک لە گیروگرفتەکانی زانستگە، خوێندکار بوونی خانمان، بۆ ئێمەیان دروست کردوە، ئەویش ئەوەیە کە کاتێک کەسێک دەچێ بۆ خوازبێنی، یەکەم پرسیار کە دەکرێ ئەوەیە کە چەندەی دەرس خوێندوە. بەڕاستی ئینسان سەری سوڕ دەمێنێ. یانی خوێندن چەند لەسەد لە سڵامەتی و ئاسوودەیی ژیاندا نەخشی هەیە؟ ئەوەی نەخشی هەیە ئەخلاق، دین، سەبووری و پێکەوە هەڵکڕدنە. ئەو مەسەلەیە لە پلەی دووهەمدایە. یان بۆ نموونە ئەگەر خانمەکە دوکتور بێ و پیاوەکە بۆ نموونە لیسانس، ئیمکانی نییە خانم ڕازی بێ. بۆیە مەسەلەی مانەوە و قەیرەیی سەری هەڵدەداو ئەمەش گیرو گرفتی بۆ وڵات دروست کردوە ......».

بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە تایبەتی دوای ڕووداوەکانی دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بە شێوەیەکی کەموێنە ڕوانگەو هێژمۆنیی کۆنەپەرستانەی خۆیان بەسەر ناوەندە فێرکارییەکان دا سەپاندوە، بەرپرسانی ڕێژیم، یەک لەوان عەلی خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ناوەندە فێرکارییەکان بە شوێنێک دەزانن کە لەواندا «بیروبۆچوونی ڕۆژئاوایی» و «موخالیفەت لە گەڵ ئیسلام» بڵاودەکرێنەوە و پەرەیان پێدەدرێ. ئەوان پێیان وایە قوتابخانەکانیش هەر بەم جۆرەن. هەر بۆیە بە خەیاڵی خۆیان بەجیاکردنەوەی کچان لە کوڕان، پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە کتێبە دەرسییەکاندا و جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی لقەکانی زانست لەسەر ئەساسی جینسییەت، خەبات دژی بیرو بۆچوونی ڕۆژئاوایی دەکەن! دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی وەک کەرەسەیەک کەڵک لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بۆ بردنە پێشی مەبەستەکانی خۆیان، وەردەگرن و لەم ڕێگەیەوە ئیرادەی خۆیان بەسەر نەسڵەکانی ئێستا و بنیاتنەرانی داهاتوودا دەسەپێنن.

سیستمی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە لە سەر بنەمای جنسییەت بووە. نێوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان نەخشی دووهەم و لاوەکیی بۆ ژنان دیاری کردوە و جێگە و پێگەی ئەوانی لە پلەی دووهەمدا داناوە. ئەو هەڵاواردن و نابەرابەرییانە لە کتێبە دەرسییەکاندا بەردەوام زوڵمێک بووە لە ژنانی ئەم وڵاتە کراوە. چونکە ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ نەسڵەکان فێر کراون کە ژن مرۆڤێکی پلە دوویە و دەبێ پلە دوو بمێنێتەوە! ئەوەش لە خزمەتی سیستەمی پیاو سالاریدایە و کۆماری ئیسلامییش پارێزەری ئەم سیستەمەیە. ئەمە سیاسەتی بەردەوام و هەمیشەیی ڕێژیم بووە لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتدارەتیدا. بەڵام لە هێندێک هەلومەرجدا هەوڵەکانی بۆ زاڵکردنی هەر چی زیاتری ئەم هەڵاواردنە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا.چڕتر کردوە کە دیارە ئەم کارە ئامانجی دیکەی لە پشت بووە . دیارە ستەم و هەڵاواردن دژی ژنان لە ئێراندا تەنیا بە بواری فێرکردنەوە نابەسرێتەوە و بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتییش دەگرێتەوە، بەڵام لەسەریەک سیستمی فێرکردن لە ئێراندا پڕیەتی لە هەڵاواردنی ناڕەوا و ئاشکرا بە دژی ژنان.

***



**ڕوانگەی هێندێک لە ئایەتوڵلاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، لە بارەی جیاکردنەوەی جنسییەتی لە زانکۆکاندا:**

**عەلەوی گورگانی:** « تێکەڵ بوونی کچان و کوڕان لە ناوەندە فێرکارییەکاندا کارێکی زۆر نەشیاوە، بۆیە بەرپرسانی پێوەندیدار لەسەریانە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن و ئەم تێکەڵاوییە نەهێڵن. ئەمە لەگەڵ ڕۆحی دینی نایەتەوە».

**جەعفەر سوبحانی:** «تێکەڵاویی دوو ڕەگەز ئەویش لەوپەڕی تەمەنی لاوەتیدا لە گەڵ زانست و ئەخلاق نایەتەوە، ئەزموون نیشانی داوە شوێنە تەک جنسییەتییەکان بۆ فێربوون زۆر لە شوێنە تێکەڵاوەکان لەبارترن.»

**مکارمی شیرازی:** « شک لەوەدا نییە کە کلاسە تێکەڵاوەکان ئەویش لە تەمەنی لاویدا و بە سەرنجدان بەهۆکارەکانی فەساد، دەبێتە هۆی گیرو گرفتی زۆر، ئەگەر بتوانن کە دەشتوانن، پێویستە کلاسە تێکەڵاوەکان لێک جیا بکەنەوە».

**نووری هەمەدانی:** « لێک جیاکردنەوەیان کارێکی زۆر باش و بەکەڵکە».

**سافی گوڵپایەگانی:** « تێکەڵبوونی کچ و کوڕ لە زانکۆکان، ڕێگری پێشکەوتنی زانستە و دەبێتە هۆی فەسادی زۆر. نرخی مادديی بەڕێوە بردنی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی جنسییەتی هەرچەند زۆریش بێ، گرنگ نیە، پێکەوە بوون جایز نیە. نیزامی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەو بارەیەوە پێشڕەو و نموونە بێ».

**جەوادیی ئامولی:** «کەسێک کە ناڕازییە لە گەڵاڵەی جیاکردنەوەی جنسییەتی، لەگەڵ دین موخالفە و نەزەراتی مەراجعی تەقلیدییشی بەلاوە گرنگ نیە».

***

ئامانج لە دانانی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی کتێبە دەرسییەکان و جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە شوێنە فێرکارییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە، هاندانی ژنانە بۆ چوونەوە نێوماڵ و ڕوو کردن لە کار و باری ماڵداری، ئاشپەزی، خەیاتی، گوڵدوزی و.... هەروەها کێشانەوەیانە لە چالاکییە کۆمەڵایەتی. سیاسی، زانستی، ئابوورییەکان و ئەو بوارانەی کە ژنان زیاتر ئازاد و سەربەخۆ دەکەن. بەڵام وەک دیتوومانە سەرەڕای ئەو هەوڵانە، ژنان و پیاوانی بیرکراوە و پێشکەوتنخوازی ئێران، تەسلیمی ئەو نیازەی کۆماری ئیسلامی نەبوون و بە شێوەی جۆراوجۆر، دژی ئەم نیازە کۆنەپەرستانەیە وەستاونەتەوە. لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی ئێران لە خۆڕا سەری خۆیان دێشێنن و پەنا بۆ ئەم جۆرە هەڵاواردنانە دەبەن. چونکە ژنانە و پیاوانە کردنی بوارە جۆراوجۆرەکان لە گەڵ نیاز و پێداویستییەکانی ئەم سەردەمە ناگونجێ و هەتا دێ پتر لەگەڵ دژایەتی کۆمەڵ بەرەوڕوو دەبێ.

سەرچاوە: «خبرگزاری مهر»

# کێ براوەی هەڵبژاردنەکانی ١٢ای ڕشەممەیە؟

**مەحموود شەریفی**

**و: سیروان مووساپوور**

حکوومەتی ئەمرۆییەکان لە هەوڵ دان خەڵک لە برۆسەیرک لە ژێر ناوی بەشداریی سیاسیدا بەشدار بکەن تا بەم شێوەیە هۆکارەکانی کردەوەی بەرنبەر تاک و میللەت و دەوڵەت و دەوڵەت و تاک برەخسێنن و کەشی سیاسی کۆمەڵگە وەخۆ خەن. بەشداریی سیاسی لایەنی جۆراوجۆری هەیە کە دەنگدان یەکێک لە نزمترین ڕەهەندەکانییەتی چوونکی هیچ دەروەستییەک بۆ کەس دروست ناکا. ئەگەرچی دەنگدان ئاستی خوارووی بەشداری سیاسیە بەڵام بۆ حکوومەتەکان بەگرینگترینی ڕەهەندی بەشداری سیاسی دەژمێردرێ چوونکی پێوەری هەڵسەنگاندنی ڕێژەی متمانە یا بێ متمانەیی خەڵک بە حکوومەتەکانە.

بەشداری پێکردنی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا یەکێک لە کەڵکەڵەکانی حکوومەت، حیزب و لایەنە سیاسیەکان بووە و هەیە. دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە لە تەمەنی خۆی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە بە وەرێخستنی هەڵبژاردنەکان ڕواڵەتێکی دیموکراتیک و خەڵکی لە خۆی نیشان بدا. بەڵام تەنیا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان ناتوانێ وەک بەڵگەیەل بۆ هەبوونی دیموکراسی و پێوەرێک بۆ دیموکراتیک بوونی دەسەڵاتێک لە قەڵەم درێ. لە جیهانی مۆدێرنی ئەمڕۆییدا هەڵبژاردنی ئازاد یەکێک لە کۆڵەکەکانی دیموکراسی دێتە ئەژمار و خاوەنی و تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیەتی لە ئێراندا بە هۆی بوونی کۆسپگەلێکی وەک یاسای بنەڕەتی و شۆڕای نیگابان، بازنەیی پاڵێوڕاوان تەنیا کۆمەڵەکەسانێک بە ناو «خودی»یەکان لە خۆ دەگرێ و حیزب و لایەن و کەسایەتییە ڕەخنەگر یان دژبەرەکانی ڕێژیم ڕێگای بەشدار بوون لە هەڵبژاردنیان پێ نادرێ. لە ئاکامدا ناتوانرێ هەڵبژاردن لە ئێراندا، بە هەڵبژاردنێکی ئازادی دیموکراتیک و دادپەروەرانە وەسف بکرێ. لەگەڵ نەبوونی هەڵبژاردنێکی پڕ لە ڕکابەرایەتی و ئازاد لە ئێران دوای شۆڕشی ٥٧، بەردەوام بەشێک لە خەڵک لە ژێر کەریگەری کەشی ڕەوانی کۆمەڵگە و درووشمەکانی هەڵبژاردنی کەسەکان و باڵە سیاسییەکاندا بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە دیارە دەبێ ئەم ڕاستیە لە بەرچاو بگیرێ کە بەشداری خەڵک لە ساڵەکانی سەرەتای دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، زیاتر بەشدارییەکی جەماوەری بووە و وردە وردە دەگەڵ پێشکەوتنی ڕاگەیەنە گشتیەکان و ئاستی ئاگایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، ئەم ڕەوتە بەرەو بەشدارییەکی ئامانجدار و ئاگایانە پاڵ درا. بەڵام بەربڵاویی حەشیمەت و دابەشکردنی ئیمکانات، سامان و وەدەستهێنانی زانیاری لە تەواوی وڵاتدا بە شێوەیەک نەبووە و هەنووکاش ناوچە پەراوێز خراوەکان گەورە شار و شار و دێهاتە پەراوێز خراوەکانی ئێران لە ژێر کاریگەریی ململانێ قەومی و عەشیرەییەکان و پاڵنەرە کاتییەکاندا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن. لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی گرینگیەکی تایبەتی بە ڕاکێشانی بەشداریی خەڵکی ناوچە پەراوێز خراوەکان و شارە بچووکەکان و گوندەکان داوە. و لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە کار هێنانی هاندەر و پاڵنەری جیاواز، خەڵکی ئەم ناوچانە بێنێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان. ئەزموونی بەشداریی خەڵکی شارەگەورەکان و لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆمەری و ناڕەزایەتیەکانی خەڵک بە ئاکامی هەڵبژاردن بۆتە هۆی ئەوە کە حاکمییەت لە هەوڵی ئەوە دابێ بە پەرەپێدانی دژایەتیە قەومی و عەشیرەتیەکان و پاڵنەرەماڵییەکان و تەنانەت هەرەشەی بڕینی یارمەتیە دەوڵەتیەکان لە خەڵکی هەژار و کەم، بەستێنی بەشداری ئەوان لە هەڵبژاردندا داهات پێک بێنێ. لە نەبوونی بەشداریی ڕێفۆرمخوازانی ئایینی و گرووپ و لایەنەکانی دژ بە ڕەخنە گری ڕێژیم، هەڵبژاردنی داهاتوو دەبێتە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوەی لایەنە پاوانخوازەکانی ڕێژیم، بە پێچەوانەی ئیستبدادە کلاسیکەکان مەیدانی هەڵبژاردن لە ئێراندا تەنیا مەیدانێکی شانۆیی نییە و لایەنە ئوسولگەراکانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەستهێنانی بەرهەوەندی زیاتر لە دەسەڵات، لە هەڵبژاردندا ململانێی یەکتر دەکەن و بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردندا و ڕاکێشانیان بۆ بەشداری کردن، بێجگەلە ڕەوایی دان بە گشتیتی ڕێژیم، لە ڕادەی سەرکەوتویی ئەوان لە وەدەستهێنانی دەسەڵات و بەرژەوەندی زیاتر کاریگەریی خۆی دەبێ.

بەم حاڵە، لایەنە پاوانخوازاەکان بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی پێشوو تا ئێستا هەڵوێست و ئیستراتێژییەکی بەرچاویان بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا ڕانەگەیاندووە. دروشمەکانی ئەوان بە گشتی لە چوارچێوەی پێڕەویی کران لە ولایەتی فەقیهە و دادپەروەری و دوری کردن لە ڕەوتی چەواشە و ئازادەخوازان دەسوورێتەوە و بە پەیامێکی ڕوون و تایبەتی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و چینەکانی خوارووی کۆمەڵگە تێدا نیە.

لە نێو پاوانخوازاندا تەنیا ڕەوتی داکۆکیکارانی دەوڵەت بە دروشمگەلێکی وەک دابینکردنی خانو بۆ گشت ئێرانیەکان و دو بەرابەر کردنی یارانەکان، لە هەوڵی جێگە کرانەوە لە ناو چینی خوارووی کۆمەڵگادان. دیارە ڕێژیم کە گشتێتی خۆیرا بە هێنانە ئارای بەرنامەگەلێکی وەک ڕەتکرانەوە یان پەسەندکرانی سەڵاحییەتەکان، هەندێک هەنگاوی بۆ گەرم ڕاگرتنی هەڵبژاردنەکان هەڵهێناوەتەوە. بەڵام وا دەردەکەوێ کە ئەم ئاوازانە لە بەرامبەر کۆدەنگیەک کە لە لایەن لایەنە ڕەخنەگر و دژبەرەکانی ڕێژیم لە سەر تەحریمی هەڵبژاردن هاتۆتە کایەوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبێ و ئاکامێکی لێ نەکەوێتەوە.

تەحریمەکانی ئەم دواییانەی یەکێتیی و ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ بانکی مەرکەزی ئێران و فرۆشتنی نەوتی ئەم وڵاتە، زیاتر لەوەیکە گوشار بخاتە سەر دەوڵەت، زیانی بە خەڵک و چینە نزمەکانی کۆمەڵگا گەیاندووە و هۆکارەکانی ناڕەزایەتی ئەوانی لە حکوومەت لێ کەوتۆتەوە.

دابەزینی لە ناکاوی نرخی پارەی ئێران و چوونە سەرێی سەرسوور هێنەڕی نرخی زێر کە لە داهاتەکانی ئەم تەحریمانەوە سەرچاوە دەگرێ، لەم چەند حەوتوویەی دوای دا. ڕەوشی ئابووری ئێران تووشی شک و گومان کردووە و هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخە، ئاکامێکی لێ نەکەوتۆتەوە.

ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوەمان بۆ باس دەکا کە لە حەوتووی هەڵبژاردندا، ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی بەشداری خەڵک لە سەر سندووقەکانی دەنگداندا، تا ڕادەیەک ئاستەنگیەکان کەم دەکاتەوە و کەشێکی تا ڕادەیەک ئازادتر پێک دێنی. ئەو حیزب و لایەنانەی کە هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی مەجلیسیان تەحریم کردبوو، دەبێ ئەوپەڕی کەڵک لەم کەش و هەوایە وەربگرن و بە زانیاری دان بە خەڵک لە سەر سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری ئەم سیستەمە نا دیموکراتیکە و دواهاتە تاڵە ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی سەرچاوە گرتوو لە درێژەدانی دەسەڵاتدارێتی ویلایەتی فەقیە، بە شێوەیەکی چالاکانە لە تەحریمی هەڵبژاردندا هەنگاو هەڵبگرن. بەشداری گەڵاڵەدار و چالاکی ئامانجداری ئەو حیزب و لایەنانەی کە هەڵبژاردنەکانیان تەحریم کردووە، لە حەوتووی هەڵبژاردندا دەتوانێ چارەنووسی هەڵبژاردنەکان لە ڕۆژی دەنگداندا بە پێچەوانەی ویستی دەسەڵاتدارەکان بگۆڕێ و ماهیەتی نادیموکراتیکی و غەیرە خەڵکییانەی ئەو هەڵبژاردنە زیاتر لە پێشوو بۆ ڕای گشتی جیهان ئاشکرا بکات.

یەکگرتوویی لایەن و حیزبە ئۆپوزیسیۆنەکان و دەرکرانی هەڵوێستی هاوبەش و هاودەنگ و هاوکارییە دوولایەنیەکانی ڕاگەیاندنەکان لە دەرەوەی ئێران و چالاکییە گروپییە یەکگرتوو مەبەستدارەکان لە نێو خۆی ئێراندا دەتوانێ ڕازی سەرکەوتنی دژبەرانی ڕێژیم لە ململانێی هەڵبژاردنی داهاتوودابێ.

هاندابی خەڵک بە بەشداری سیاسی مەنفی لە ڕێگای بەشداری نەکردن لە سەر سندووقەکانی دەنگدان و سەرکەوتن لەم هەرایەدا، دەتوانێ دەرخەری توانایی دژبەرانی ڕێژیم و هەنگاوێکی گرینگ لە ڕاستای تێک ڕمانی پایەکانی ئەم ڕێژیم سەرەڕۆ و دیکتاتۆرە دابێ.

# کۆبوونەوەکانی کۆڵن، ئامانجەکان، باسەکان و ئاکامەکان

## لە وتووێژێک لە گەڵ گوڵاڵە شەرەفکەندی دا

دیمانە: کوردستان

**ئاماژە:**
**لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی ژانویەی ئەمساڵ دا، زنجیرەیەک کۆبوونەوە بە بەشداریی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە شاری کۆڵنی ئاڵمان پێک هات. خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندامی هەیئەتی ئەم حیزبە بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوانە دابوو. بۆ تیشک خستنە سەر ئامانجی باسەکان و ئاکامەکانی ئەم زنجیرە کۆبوونەوەیە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پێک هێناوە:**



**پ: مەبەست لە پێکهاتنی ئەم کۆنفرانسە چی بوو؟ بۆچی لە ئاڵمان بەرێوەچوو؟**
و: ئەوەندەی ئەمن ئاگادارم وەک لە نێوی کۆبوونەوەکان دیارە ئامانجی سەرەکی، یەکگرتن و باس لە سەر چۆنیەتیی هاوکاری بە مەبەستی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی و ئازادی لە ئێراندا بوو، بە واتایەک قەرار بوو لە کۆبوونەوەیٚ کۆڵندا باس لە کۆڵەکەکانی بنەرەتی کاری هاوبەش لە نێوان حیزب و کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی چالاک لە چوارچێوەی جۆغرافیای ئێراندا بکرێ. سێ تەوەر وەک بنەمای هاوکاری پێشنیار کرابوون کە بریتی بوون لە جیایی دەسەڵاتی دین لە دەوڵەت، سیستەمی ناموتەمەرکیز و ڕەچاو کردنی بەندەکانی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ وەک بنەما بۆ داهاتووی ئێران. سێ مەسەلەش لە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەدا بوون، دیالۆگ لە سەر ئەو سێ خاڵە، پەسەند کردنی چوارچێوەی کاری و هەڵبژاردنی شۆرایەک کە کاری لۆبیگەری و دروست کردنی هاودەنگی لە نێوان لایەنە جۆراجۆرەکانی ئێرانیدا و ڕاکێشانی لایەنەکانی دیکەی لە ئەستۆ دەبێ و ئامادە کاری دەکا بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی میللی لە داهاتوودا و ئەوانە هەموو ئەو ئەرکانە بوون کە کۆبوونەوەی کۆڵنی بۆ پێک هات. هەموو بانگهێشت کراوانیش سەبارەت بە مەبەستی کۆبوونەوەکان ئاگادار کرابوون. بەڵام ئەوەی کە بۆ لە ئاڵمان گیرا تەنیا دەتوانم بڵێم یەکەم، ناوەندی ئوڕووپایە و بۆ هەموو لایەک هاسانتر بوو کە لەوێ کۆببنەوەو هەروەها هۆی دیکەش دەتوانێ ئیمکانات بووبێ. چونکە من لە جەریانی بەرنامەڕێژیی کۆبوونەکاندا نیم و پێم وایە هۆکاری هەڵبژاردنی ئاڵمان دەبێ لەوان پرسیار بکرێ. با ئەوەندەش زیاد بکەم کە وەک لە ناوی را دیارە کۆبوونەوەی کۆڵن کۆبوونەوە بوو نەک کۆنفرانس و تەرجەمەی ئیجلاسی کۆڵن دەبێتە کۆبوونەوەکانی کۆڵن.

**پ: دەکرێ پێمان بڵەی تەرکیبی بەشداران چۆن بوو؟ زیاتر نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی تێیدا بەشدار بوون یا کەسایەتیی سەربەخۆ و مونفەرید؟ بەشداریی ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە جۆراجۆرەکان لەم کۆنفرانسەدا چۆن بوو؟**
و: هەشتا و دوو کەس بەشداری کۆبوونەوە بوون هەڵبەت قەرار وابوو ١٢٠ کەس بن بەڵام ئەوەندە هاتبوون. دەکرێ ئاماژە بە هەیئەتی پێنج حیزبی کوردستان واتە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادیی کوردستان، چەند کەسایەتیی ناسراوی کورد، نوێنەرانی نەتەوەکانی بەشدار لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ هەموویان، چەند نوێنەری جەبهەی میللی و مەشرووتە خوازان، جووڵانەوەی سەوز و جمهوریخواهان بکرێ. هەڵبەت کەسانێکیش هەبوون کە بە هۆی حیزبەکەیان بانگهێشت کرابوون و لە پلەی بەرزی بەرپرسایەتی بەڵام لە ساڵۆنی کۆبوونەوە خۆیان وەک سەربەخۆ دەناساند یان کاندید دەکرد بۆیە هیچ جۆر ناکرێ دیاری بکەین چەند کەس وەک کەسایەتی سەر بەخۆ لەوێ بوون.
سەبارەت بە بەشداریی نوێنەرانی نەتەوەکانی جۆراجۆر دەتوانم ئاماژە بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەی تورک، بەلوچ، عەرەب، تورکمەن و کورد بکەم. هەموو ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە وێ بوون. هەڵبەت زۆرینەی بەشداران کوردەکان بوون.

**پ: ئامانجە هاوبەشەکان کە ئەم لایەنە جۆراجۆرانەیان لێک کۆ کردبۆوە کامانە بوون؟**
و: وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد لە سەر ئەساسی ئەو سێ ئەسڵەی جیایی دین لە دەستگای دەولەت، سیستەمی ناموتەمەرکیز و بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ قەرار بوو ئەو کۆبوونەوەیە و ئەندامانی بەشدار لە دیالۆگێک دا لێک نێزیک بوونەوە تەجرەبە بکەن و بنەمای پلاتفۆرمێک دارێژن و دوای پەسەند کردنی چوارچێوەیەک بۆ هاوکاری، ئەمجار شۆرایەک هەلبژێرن کە ئەو شۆرایە لە سەر بنەمای بەڵگەنامەکانی پەسەند کراوی کۆبوونەوە ئامادەکاری بکا بۆ گیرانی کۆنگرەی میللیی ئێرانیان و هەول بدا بۆ ڕاکێشانی کەسانی دیکە لە دەرەوەی بازنەی بەشدارانی ئەم کۆبوونەوە بۆ پەیوەست بوون و بەشداری کردن لە پلەتفۆرمێکدا کە لە کۆنگرەی میللی دا پەسەند دەکرێ. بە ڕواڵەت چونکە ئەوانە بنەماکانی کۆبوونەوەکە بوون، چاوەڕوان دەکرا بەشداران بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجانە بەشدار بووبن بەڵام لە کردەوەدا هێندێک جیاوازی بۆچوون دەبیندرا. کەسانێک هەبوون کە وایان بیر دەکردەوە کە قەرارە لەو کۆبوونەوەدا تەنیا دەردەدڵ بکرێ و وەک هەمیشە پێویست ناکا هیچ ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە، لە بەرامبەردا کەسانێکیش هەبوون کە وەیان دەزانی ئەوانەی بۆ شۆرا هەڵدەبژێردرێن دەبنە نوێنەری هەموو خەڵکی ئێران کە هیچکام لەو بۆچوونانە بە بڕوای من دروست نەبوون.

**پ: ئەدی ئەو خاڵانەی جێگای ناکۆکی بوون، چی بوون؟ دەکرێ بۆ خوێنەرانی «کوردستان» جیاوازیی ڕوانگەکان ڕوون بکەیەوە؟**
و: خاڵی سەرەکیی جێی ناکۆکی باسی پاراگرافێک بوو لە سەنەدی نێوخۆیی کە چەند مەسەلەی لە خۆ گرتبوو، یەکەم وشەی فیدراڵی کە بە تایبەت زۆربەی کوردەکان پێداگر بوون کە دەبێ ئەو ترسە بڕژێ و وشەی فێدراڵی حەتمەن وەک سیستەمی داهاتووی ئێران لە سەنەدی ساختاری ناوخۆیی کۆبوونە و شۆرا دا بگونجێ و هەرکەس باوەری بەو جۆرە سیستەمە نەبێ نەتوانێ پەیوەست بێ.
لە لایەکی دیکەوە پێشنیار دەکرا با وشەی فیدراڵی نەیە وەک سیستەم بەڵام وەک بنەما پێداگری لە سەر بکرێ دژایەتی لە گەڵ سیستەمی مەرکەزگەرا و بە سەراحەت باسی سیستەمی ناموتەمەرکیز بکرێ، بەڵام جۆری سیستەمەکە با ناودێر نەکرێ بەڵکوو یەکەم گرینگی بە مانا بدرێ هەتا وشە و حەول بدەین کەسانی جۆراجۆر ڕابکێشین ئەو کات دەکرێ ئەم باسە وردتر بکرێ و لە کۆنگرەی میللیدا ئەو کات کە گیرا لە سەر جۆری سیستەمی پێشنیاری بە هەموو وردەکارییەکانیەوە بریار بدرێ.
کەسانێکیش پێیان وابوو هێنانی وشەی فێدراڵی دەبێتە هۆی پرینگانەوەی زۆر کەس. پێشنیارێکیش هاتبوو مافی چارەی خۆنووسین بۆ میللەتەکان کە زۆر لایەنگری لێ نەکرا. لە لایەن زۆربەی کوردەکان و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرالی زۆرتر پێداگری لە سەر وشەی فیدراڵی دەکرا.
باس لە وشەی قەوم و میللەت بەشێکی دیکە بوو لە ناکۆکیەکان کە کامانە قەومن و کامانە میللەت لە ئێراندا. لە حالێکدا ڕوون کرایەوە کە وشەی قەوم باسی کورد نییە بەڵکو مەبەست قەومەکانی وەک گیلەک و هتدە.
وشەی میللەتی ئێران وەک معیاری ناسینی ئێران لە ئاستی نێونەتەوییشدا هێندێک کێشەی لە سەر بوو. نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێرانی پێیان وا بوو ئەوە نکوڵییە لە بوونی نەتەوەی جۆراجۆر لە ئێراندا.
دەتوانم بڵێم بە بڕوای من هەموو کوردەکان سەبارەت بە ویستی کورد و مافی کورد یەکدەنگ بوون بەڵام جیاوازیی بۆچوون تەنیا لە شیوەی کار دا هەبوو.

**پ: ئەو لایەنانەی هەڵقوڵاوی بزووتنەوەی سەوزن یان خۆیان لە چوارچیوەی ئەو بزووتنەوەدا پێناسە دەکەن، بەرامبەر بەو کۆبوونەوانە، چ هەڵوێستێکیان هەبوو؟ ئایا هیچ کامیان لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بوون؟**
و: بەڵێ نوێنەریان لەوێ بوو و هەڵوێستی نوێنەری سەوزەکان ئەوە بوو کە داوای لێبووردنی دەکرد لە نەتەوەکانی دیکە کە وەک فارسێک بوونەتە هۆی ئەوەی کە کورد ئاوا دڵ بریندار بێت لە دەست هەڵاواردن و زوڵم بە دەست نەتەوەی باڵادەست. بەڵام ئەویش پێی وا بوو ئەگەر وشەی فێدراڵی بێت ڕێگری دەکا لە بەرەو پێش چوونی ڕەوەندی کارەکاندا و دەبێ چۆنیەتیی سیستەمی پێشنیاری ڕابگیرێ بۆ کۆنگرەی یان هەمایەشی میللی.

**پ: وا دێتە بەر چاو کە جۆری سیستەمی حکوومەتیی داهاتووی ئێران، زۆرترین ناکۆکی و جیاوازیی بیر و ڕای لە سەر بووبێ، کۆبوونەوە لە سەر چ جۆرە سیستەمێک بۆ داهاتووی ئێران ساغ بۆوە؟**
و: قەرار نەبوو کۆبوونەوە لە سەر سیستەمی داهاتووی ئێران ساغ ببێتەوە چونکە ئەو کۆبوونەوەیە ئەو قودرەت و بەرپرسایەتییەی نەبوو. هەڵبەت وەک خالێک لە سەنەدی نێوخۆیی کە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا گونجاندرا کە ئەوانەی لە بازنەی ئەو کۆبوونەوە و شورای هەڵبژێردراوی دا هەول دەدەن و کار دەکەن بۆ ڕاکێشانی هەموو جۆرە کەسانێک بۆخۆیان بڕوایان بە فیدراڵی هەیە و فیدرالی وەک سیستەمێک بۆ دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەکانی ئێرانی بە چارەسەر دەزانن.

**پ: قەرار بوو بە زوویی بەڵگەنامە و پەسەند کراوەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بڵاو ببنەوە، دەکرێ بڵەی دوا هەواڵ لەم بارەیەوە چییە؟ ئایا ئەو بەڵگەنامانە ئامادە بوون؟ دوا بڕیاریان لە سەر دراوە؟**
و: نوسخەی نیهایی قەتعنامەکە واتە قەتعنامەی کۆبوونەوەکانی کۆڵن لە لایەن شورای هەڵبژێردراو چەند ڕۆژ لەمەوبەر بە زمانی فارسی لە سەر سایتەکانی «اخبار روز»، «ایران گلوبال» و چەند سایتی دیکە بڵاو کرایەوە. بەڵام سەنەدی نێوخۆیی وەک لە کۆبوونەوەی کۆڵن بڕیاری لە سەر درا ناوخۆییە و جارێ بڵاو ناکرێتەوە. سەبارەت بە بەیاننامەکان، شورا خەریکی ئامادە کردنی هەوەڵین بەیاننامەیە.

**پ: پێشبینی دەکرێ کە کۆبوونەوەیە و کۆبوونەوەی دیکە لە درێژەی ئەم کۆبوونەوەیەدا پێک بێ. بە بۆچوونی بەڕێزت، ئایا ڕێکخراو و لایەنی دیکەش دێنە نێو ئەو هەوڵە؟ تا چەند پێشبینی دەکەی «همبستگی برای دمکراسی و حقوق بشر در ایران» ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیی ئۆپۆزسیۆنی ئێران؟**
و: ئەو شورایەی کە لە کۆبوونەوەکانی کۆڵن دا هەڵبژێردرا بەرپرسە لە ئامادەکاری بۆ گرتنی کۆنگرەی میلیی ئێرانییەکان. هەڵبەت ڕەنگە هەتا دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجە نیهاییە واتە کۆنگرە چەند کۆبوونەوەی دیکە یان کۆنفرانس و سێمینار بگرێ. گرینگ ئەوەیە کە بتوانێ کەسانی دیکە لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ببێتە گروپێکی بە هێز بۆ بەشداری لە کۆنگرە دا بەڵام ئەوەیکە چەندە لە جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکەدا سەرکەوتوو دەبێ هەمووی لە گرەوی هەولەکان، بەیاننامە و بڵاو کراوەکانی شورا و چۆنیەتیی هاوکاریی ئەندامانی شورا دایە. ئەگەر زۆر لە سەر وردکردنەوە باسەکان پێداگری بکرێ تەنیا کەسانێک پەیوەست دەبن یان هاوکاری دەکەن کە لە چوارچێوەی ئەو وردەکارییە هاوڕان، بەڵام ئەگەر شتەکان هێندێک بەر ئاوەڵەتر بەڵام ڕوون باس بکرێن شانسی پێوەست بوونی کەسانی دیکە زۆر دەبێ. تەجرەبەی کاری هاوبەش بۆ هێندێک هێز کە پێشدا هاوکار نەبوون تەجرەبەیەکی بە نرخە بەڵام هێندێک کات دەبا هەتا یەکەم دەکەوێتە سەرگەر، دووهەم دەناسرێ و دەبێتە جێگای متمانەی زۆر کەسان. بە بڕوای من دەتوانی سەرکەوتوو بێ ئەگەر مەبەستەکانی و ئەرکەکانی لە بیر نەکا.

**پ: وەک دوا پرسیار، حەز دەکەین بزانین خوێندنەوەت بۆ دەسکەوتەکانی ئەم ئەزموونە چییە؟ یەکگرتوویی لایەنە کوردەکان، سینگفراوانیی بەشداران بەرامبەر بە یەکتر، ئامادەیی لایەنەکان بۆ هاوکاری لە گەڵ یەکتر لە چ ئاستێکدا بوو؟**
و: پێم وایە ئەگەر کەمترین دەسکەوتی ئەم کۆبوونەوەیە بیستنی دەنگی یەکتر و ئاگادار بوونەوەی فارسەکان لە ویست و خواستەکانی کورد یان نەتەوەکانی دیکەی ئێران بووبێ دیسانیش زۆر بە نەرخە و سەرکەوتوو بووە و ناکرێ نکوڵی لە گرینگیی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بکرێ. بەڵام دەسکەوتی وەک دانیشتن بە یەکەوە، هاودەنگیی کوردەکان، حورمەتی دوولایەنە و چەند لایەنە، دیالۆگ و بیر کردنەوە لەوە کە دەبێ چ بکەین و چۆن ڕێگا بکەینەوە هەمووی دەسکەوتن. ئەمن پێم وا نییە کە ئێمە دەبێ وەک یەک بیر بکەینەوە بەڵام پێویستە ڕێز بگرین لە جیاوازیی بیر و بۆچوون و هەوڵ بدەین مەبەستەکانمان بە شێوەیەکی سەردەمیانە شی بکەینەوە و وێڕای پاراستنی پرینسیپەکان و وەفاداری بە ئامانجەکانمان دەستی هاوکاری بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان درێژ بکەین و هەتا ئەو جێگایەی دەتوانین لە زەرفی زەمانی حالدا هەڵوێست بگرین. سەبارەت بە ئامادەیی بۆ هاوکاری دەتوانم بڵێم لە ئاستێکی بەرزدا بوو.

**پ:بەدەر لەم پرسیارانە، بۆخۆت چی دیکەت لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم کۆکۆبوونەوەیەدا هەیە کە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» باسی بکەی؟**
تەنیا دەتوانم ئەوەندە زیاد بکەم کە کەسانێک حەوڵ دەدەن لێحالی بوونی خۆیان لە کۆبوونەوەکانی کۆڵن وەک تەنیا تەفسیری هەموو ڕاستییەکان نیشان بدەن و بە هیچ شێوەیەک حازر نین بیری لێ بکەنەوە کە هەموو ڕاستییەکان لە کن ئەوان نەبێ و ئەوەش هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە هیچ تەجرەبەیەک بە سەرکەوتوو نازانن و پێیان وایە ئۆپۆزسیۆن هیچی بۆ ناکرێ. ئێمە بە لە بەرچاوگرتن و پاراستنی پرینسیپ و ئامانجەکانمان هەولی خۆمان دەدەین و بەشداری دیالۆگ دەکەین و لە کاری هاوبەشیش ناپرینگێینەوە.

# تەماحی دەسەڵات دەمامکی لە سیمای خومەینی داماڵی

ڕەحمان سەلیمی          و: ئاڵەشین

نیچە فیلەسوفی بەناوبانگی ئاڵمانی» اراده معطوف به قدرت «بە تایبەتمەندیی جەوهەری مرۆڤەکان و تەنانەت لەویش بانتر بەتایبەتمەندیی هەموو بوون (هتی) دەزانی. ئەگەرچی فەلسەفەی نیچە دژبەرێکی زۆری ئەخلاقگەرای هەیە کە پێیان وایە نیچە سنوورەکانی»چاکە و»خراپە«ی بەزاندووە و حەرەکەتی مرۆڤ بەرەو چاکە و خراپە، لە ڕوانگەی نیچەوە حەرەکەتێکی»جبرگرایانە«یە.
لەوانەیە بتوانین خومەینی بە بەڵگەی ڕاست بوونی فەلسەفەی نیچە بهێنینەوە. ئەم کاتەی وەک مەلایەکی شۆڕشگێر لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا بوو خاوەن کەسایەتییەک بوو کە دژوارە خسڵەتەکانی خومەینی بە دەسەڵات گەیشتووی دوای شۆڕشی ٥٧ ی تێدا بدۆزینەوە. ئەم گۆڕانە لە ڕوانین دا چ بەتایبەتمەندیی جەوهەری مرۆڤی بزانین و چ بەتایبەتمەندیی تاکەکەسی خومەینی دانێین و یان بە ڕوحیەی پاوانخوازی و زۆرداریی ناوبراو یان بە درێژەی تووڕەیی پەنگ خواردووی مەلا شیعەکان لە مێژوودا بزانین، ڕاستیەیەکەی ئەمەیە خومەینی چەندین نەوەی قوربانی کرد، کەسایەتیی ئێرانی گۆڕی و ڕوومایەکی گوماناوی لە ئێرانیەکان لای خەڵکی دیکەی جیهان سازکرد. ئیسلام و مەزهەبی شیعەی خستە خزمەت بەرژەوەندیی تاکەکەسی و مەلاکان، و بەواتایەکی دیکە خستییە خزمەت ئۆلیگارشی مەلاکانی شیعەو لایەنگرانی باوەڕپێکراوی. شا، نەتەوەچێتی و دەروەست نەبوون و مەرجەییەتی شیعەی بە هۆکاری هەموو بەدبەختییەکانی خەڵکی ئێران دەزانێ و کەڵکی باشی لە کۆمەڵگەی داخراو و دواکەوتووی ئێران بۆ پێکانی ئامانجەکانی خۆی وەرگرت.
خومەینی گەڕایەوە ئێران تا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دا خەڵکی ئێران بە حکوومەتی توندتیژتر لە فەرمانڕەوایی کڵێسای سەدەناڤینییەکانی ئوروپا ئاشنابن و دوای چەند سەدە، خوێندنەوەیەکی تایبەت لە ئیسلامی شیعە تاقیی بکاتەوە و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی پێ پتەو بکا.
خومەینی بەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سووکە چاوخشاندنێک بە لێدوان، دیمانەکانی دەگەڵ میدیا ئێرانی و بیانییەکان و ئامۆژگارییە باوکانەییەکان کە بە شریت(کاسێت) لە نێوان خەڵکدا بڵاو دەکرایەوە، دەگەڵ بیر و بۆ چوون و ڕەنگە ڕوومای دەمامک لەسەری خومەینی باشتر ئاشنا بین تا لە خومەینی بەر لە گەڕانەوەی بۆ ئێران لە١٢ی ڕێبەندانی ٥٧ هێندێک شارەزا بین.
خومەینی لە وتووێژ دەگەڵ هەواڵنێران لە نۆڤێل لوشاتۆ لە ١١ی خەزەڵوەری ٥٧دا دەڵێ: «مرۆڤ لە ڕادەربڕین ئازادە«. دواتر هەر لە لێدوانێکی میدیایی دا لە ٥ی خەزەڵوەری ساڵی ٥٧ دا دیسان دەڵێتەوە:»مێدیاکان ئازادن هەموو ڕاستیەکان بڵاو بکەنەوە«.
ئەم لێدوانانەی خومەینی لە کاتێکدا کە هەموو لایەک لە دەوری بەرچاوی ناوبراو لە داهاتووی شۆڕشی دڵنیا بوون، هەم ئازادیخوازان، هەم پارتە چەپ و دیموکراتەکانی نێوخۆی ئێران و ئوروپا هەموو جیهانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەوان پێیان وابوو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست دا لە ئێران حکوومەتێکی دواکەوتوو و ئایدۆلۆژیک نایەتە سەرکار کە دەگەڵ بایەخە نوێیەکانی جیهانی مۆدێرن ناتەبا بێ.
گووشار، چەوساندنەوەو تۆقاندن ئەم هۆکارانە بوون کە شۆڕشگێڕانی تووڕەی لە سەرانسەری ئێران هێنایە سەر شەقامەکان تا کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی پەهلەویی بێنن.
ڕزگاری خوازیی نەتەوەکانی ئێران لەم توخمانە؛ هەمان شتە کەخومەینی بەڕوونی زیاتر لە ساڵێک پێش شۆڕش لە دیمانە دەگەڵ ڕۆژنامەی»ئیشپیگل» لە نوامبەری ١٩٧٧ دا باسی کردووە.خومەینی لەم دیمانەیە دەڵێ: «کۆمەڵگەی داهاتوومان، کۆمەڵگەیەکی ئازاد دەبێ و هەموو دامەزراوەکانی گووشار و تۆقاندن و چەوساندنەوە خڕ دەکرێنەوە«.»هەروەها لە ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٥٧ لە پاریس دەڵێ:»ڕژێمی ئێران؛ دەبێتە سیستمێکی دیموکراتیک کە دەبێتە هۆی سەقامگیریی ناوچەکە«.
خومەینی بارودۆخی نالەباری ئابووری و کەندوکۆسپی ژیانی ماددی خەڵکیش بێ وڵام ناهێڵێتەوە. ناوبراو لە یەکەم ساعەتەکانی دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لە «بهشت زهرا» لەم پێوەندیەدا وتی:»دڵتان هەر بە سازکردنی خانوو یا دابین کردنی ئاو کارەبا نەبێ، سواربوونی پاسیش بەخۆڕایی دەبێ. هەر ئەوەندەش نییە ئێمە جگە لە دابین کردنی ژیانی ماددیتان، ژیانی مەعنەویشتان بۆ دابین دەکەین».
یەک لەو دامەزراوانەی کە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا لە ڕوداوە سیاسی_ کۆمەڵایەتیەکاندا کاریگەری زۆری هەیە و چۆنییەتی ڕوانین لەم دامەزراوە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بووەتە هۆی پێشکەوتن لە

ل ٩

# ئێران و بەستنی دەرووی هۆرموز

ڕۆژنامەی دیتسایت،

وەرگێڕان لە ئاڵمانییەوە: خالید حەسەنپوور

ڕێژیمی ئێران بۆ شاردنەوەی نیازەکانی خۆی، پەرە بە نائەمنی لە ناوچەکە دەدا . ئایا ڕێژیم دەیهەوێ دەرووی هۆرموز کە شادەماری ئابووریی جیهان و هاتوچۆی کەشتییە نەوتهەڵگرەکانە، ببەستێ ؟ ئەوە هەڕوگیف بێ یان نا، پەیامی مانۆرە دەریاییە پڕ مەترسییەکەی لە کەنداوی فارس روونە. کۆماری ئیسلامی لەوە زیاتر تەحەمولی گەمارۆی ئابووریی دیکە ناکات . لە پشت هەڵلا و هەنگامەی نیزامی، ڕێژیمێک دەبینی کە هەتا دێ زیاتر لەمەنگەنە دەکەوێ . ڕێژیمی تاران لە خۆڕا نییە کە ترسی لێ نیشتوە . لە ژانویەی ٢٠٠٢ وە کە جۆرج بوش سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا لە کۆنگرەی ئەو وڵاتە، ئێران و کۆریای باکوور و عێراقی سەدام حوسێنی وەک سێ کوچکەی شەڕارەت ناودێر کرد، ڕێژیمی تاران جار لەگەڵ جار زیاتر کەوتۆتە ژێر گوشارەوە . گەمارۆ ئابوورییەکان هەتا دێ زیاتر کاریگەرییەکانیان دەردەکەوێ . ڕێژیم وا نیشان دەدا کە ئەو چوار قۆناغە گەمارۆیەی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ وە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بە سەریدا داسەپاوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە .

گەمارۆکان ئەو شوێنانە دەگرنەوە _ وەک پیشەسازیی نەوت، ئابووریی گاز _ کە ڕێژیمی ئێران زیاتر لە هەموو شوێنێکی دیکە پێیانەوە حەساسە . لەسەدا هەشتای هاوردەی بوودجەی ئەو وڵاتە لە ڕێگەی ناردنە دەرەوەی نەوت و گاز بەدەست دێ . بەهۆی توندتر بوونی گەمارۆ نێونەتەوییەکان، ئێران لە توانای دا نییە کەلوپەلی نوێ و مۆدێرن بۆ دامەزراوە نەوتییەکان دابین بکا . ئەوەش ئاکامی زۆر خەراپی بۆ ڕێژیم بەدواوەیە . توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە پیشەسازیی نەوتی ئێراندا، ڕۆژانە دەگاتە سێ ونیو میلیۆن بەرمیل . ئەو ژمارەیە ٦٠٠٠٠٠ بەرمیلکەمترە لە ساڵی ٢٠٠٥ کە هێشتا ئەحمەدی نەژاد نەهاتبووە سەر دەسەڵات . بێجگە لەوە هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە لەم بوارەدا پسپۆرن ئێرانیان بەجێ هێشتوە . ڕێژیم دەبێ بێنزین و گازۆئیل بە نرخێکی گران بکرێ و هاوردەی ئێرانی بکا .

لە نێوخۆی وڵات ئێران لەمێژە کە سووتەمەنیی کردووەتە جیرە ( سهمیەبندی ) . هەتا دێ ئەو جیرەبەندییە کەمتر دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە هەلومەرجی پێویستدا وڵامی قەیرانەکان بداتەوە . لە ئاکامی گەمارۆی ئابووریدا بە میلیۆن ئێرانی ڕۆژانە لە سەفەکانی نەوت و گازۆئیلدا رادەوەستن .

هەڕەشەی بەستنی دەرووی هۆرموز لە لایەن ئێرانەوە دەبێتە هۆی پیادە کردنی ئەو بەشە لەو پلانانەی کە ئورووپا و ئەمریکا بۆ گوشار بۆ سەر ئێران لە بەرنامەیان دایە . لە چاوپێکەوتنی داهاتووی وەزیرانی دەرەوەی ئورووپا، بڕیارە ئامادەکاریی ئەوە بکرێ کە مامەلە دەگەڵ بانکی ناوەندیی ئێران هەڵپەسێردرێ . بە هۆی ئەو بانکەوەیە کە داهاتی نەوتی، دەگوێزرێتەوە بۆ ئێران . لەگەڵ بانکەکانی دیکە لە مێژە هیچ ساتوسەودایەک نەماوە . داخستنی بانکی ناوەندی بە مانای تەحریمی نەوتی ئێرانە کە ئاکامی زۆر نالەباری بەدواوەیە . ئێران لە سەدا هەژدەی نەوتی خۆی ئێستاش بە ئورووپا دەفرۆشێ .

دوهەمین کڕیاری گەورەی نەوتی ئێران وڵاتی چینە بە بیست ودوو لە سەدەوە . ئەگەرچی چین دووفاکتۆ نەهاتۆتە پاڵ گەمارۆکان، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ حیساباتی نەوتدا، لەگەڵ ئێران گیروگرفتی هەیە . هەتا ئێستا شێوەی مامەلەی ئێران لەگەڵ چین ئاوا بووە کە ئێران نەوتی داوە بە چین و لەبری ئەوە کاڵای لێ وەرگرتوە . هەروەها ماوەیەکی زۆری خایاند کە دەگەڵ هیند وەک گەورە کڕیارێکی دیکەی نەوت بە تەوافوق بگەن کە هەناردەی ساڵی ٢٠١٠ پەرداخت بکرێ . بۆیە ئێران بە بەستنی دەرووی هۆرموز دەیهەوێ بە ڕۆژئاوا بڵێ ئەگەر ئێوە نەوتی ئێمە تەحریم بکەن ئێمەش ئەو کارەتان دەگەڵ دەکەین .

هەڕەشەی ئێران بۆ بەستنی دەرووی هۆرموز دەبێتە هۆی توورەیی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی و ئەگەری وڵامی سەربازی لە لایەن ئەوانەوە . کردەوەییەکی ئەوتۆ لە لایەن ئێرانەوە، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئەو بەرەیەی کە لە واشینگتۆن بەرامبەر بە ئێران بە ڕادیکاڵ ناسراون . لە جیهانی ئەمڕۆدا شەڕێک کە لە پێناوی ئابووریی جیهان دەکرێ، لە بواری نێونەتەوەییەوە ئیمکانی شەرعییەت بەدەستهێنانی زیاترە لە شەڕێک کە لە پێناو بەرگریکردن لە چەکی ئەتۆمی دەکرێ . ئەگەر ئێران ڕەوتی ئابووریی جیهان وەمەترسی بخا، ئەوەندە دۆستە کەمە و یەک لەوان چینیش لە دەست دەدا . ئەوەندەی چین لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵی داوە کە گوشارە نێونەتەوەییەکان لەسەر ئێران کەم کاتەوە، ئێران بەو رادەیە بە تەنگ پاراستنی ڕەوتی ئابووریی جیهان نەبووە . ٧٥ لە سەدی ئەو نەوتەی کە بە دەرووی هۆرموزدا تێدەپەڕێ، دەچێتە وڵاتانی ئاسیایی وەک چین، هیندوستان و ژاپۆن . ئەگەر ئێران بیهەوێ تەگەرە بخاتە سەر ڕەوتی راگواستنی نەوت، وەکوو وەی وایە واژۆی مەرگی خۆی بکا . بەڵام وێناچێ ڕێژیمی تاران بەو رادەیە لە خۆی بێزار بێ. ئەگەرچی ئێران هێزە دەرياییەکەی پڕچەک کردوە، بەڵام بەو حالەشەوە توانا سەربازییەکەی ئەوەندە نییە کە ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ بە شێوەیەکی درێژخایەن بەڕێوە بەرێ و لەو بارەوە بەرگەی پەلاماری هاوپەیمانان ناگرێ. بەڵام گومان لەوەیدا نییە کە ئێران دەتوانێ موزاحیمەت و سەرئێشە بۆ ڕۆژئاوا پێک بهێنێ . ئەوە کە ئێستا بەرمیلی نەوت گەیشتۆتە ١١١ دۆلار، دەگەرێتەوە بۆ بارودۆخی نالەباری کەنداوی فارس .

ئەگەر تاران هەڕەشەکانی لیبڕاوانە نەباتە پێشێ و بە تەمای شەڕ نەبێ، ئەی بەتەمای چییە ؟ ئەو ڕێژیمە لە سەرەتاوە هەتا ئێستا کاری قەیران خوڵقاندن بووە بۆ ئەوەی لە ژێر پەردەی قەیرانەکاندا درێژە بە ژیان و بەرنامەکانی خۆی بدا . هەڵلاو و هەنگامەی ئەو دوایانەشی بۆوەیە کە لەلایەک خۆی وەک مەترسییەکی جیدی بۆ سەر ئابووریی جیهان نیشان بدا، ولەلایەکی دیکەوە لە ژێر پەردەی ئەو قەیرانەدا هێندێک وەختی دیکە بکڕێ بۆ ئەوەی دەستی بە بۆمبی ئەتۆم رابگا . بە کورتی ڕێژیم دەیهەوێ بە بەستێنێکی پڕمەترسی و دوژمنانەدا، بە هاسانی و بێگرفت تێبپەڕێ .



# شەڕێک بە پانتایی جیهان لە وڵاتێکی بچووکدا

تەها ڕەحیمی

مێژووی نووسراوی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە یا باشتر بڵێین لەو کاتەوەی نووسین بەدی دێ و مرۆڤ توانیوییەتی بیر و هزر و ئاکار و کردارەکانی خۆی تۆمار بکا بریتییە لە ململانێی دەسەڵات و بەرژەوەندی. لە ململانێی لەگەڵ هێزی سروشت ململانێ نێوان پادشاو کاهینان.....

کەواتا دەکرێ بڵێین مێژوو بە خوێن نووسراوەتەوە، بە خوێنی ئەو تاک و کەسانەی بوونەتە قوربانیی بەرژەوەندی گروپێکی کەمی دەسەڵاتداری کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان.

لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری هزر و داهێنان و چێ بوونی کەرەستەو ئامرازی جەنگیی نوێ، جۆگەلەی خوێنی بێ تاوانەکانیش لە قرتماغە کەوت و بەردەوام لە سەرانسەری مێژوودا بە تایبەت مێژووی هاوچەرخ و لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا شایەدی شەڕوشۆڕێکن کە دۆڕاوەکانی زیاتر ئەو کەسانەن کە لەپێناو ویست و داخوازی خۆیان دەنگیان هەڵبڕیوە، بەڵام ئایدەلۆژیی بەرەیەک و لایەنێک کردونیەتە قوربانیی خۆی.

شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکانی یەکساڵی رابردووی جیهان کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی تەنییەوە و تەنانەت بە جۆرێک لە جۆرەکان پەلی بۆ هەموو جیهان هاویشت، ئێستاکەش بەردەوامەو خرۆش و کەفوکوڵی دیوار و کەناری قەڵای دیکتاتۆران دەکوتێ. سەرەتا شەقامەکانی تاران، قیرقیزستان و ئەفغانستان و تونس و....

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لانکەی چەند شارستانییەتی مەزنی مرۆڤایەتی؛ بە شوێنگەی شانازیی سۆمەڕی، ئەکەدی و مادی و..... دادەنرێ.

کە بە وردی چاو بە جوگرافیای سیاسی و وڵاتی ئەم ناوچەیەدا دەخشێنین و لە مێژووی وڵاتەکانی رادەمێنین، هەر بە یەکەم نیگا تێدەگەین کە، ئێرە دنیای هەڵاواردن، جیهانی جیاوازی و.....هتد لە سەردەمێک دا کە مرۆڤایەتی بەوپەڕی تێگەیشتوویی وپێگەیشتوویی گەیشتوە.

باس لە ململانێ و بەرەنگاریی مێژوو بە دەیان و بگرە سەدان کتێب هەڵدەگرێ، مەبەست لەم پێشەکییە ئاورێکە لە ململانێی دوو بەرەی ئامریکاو یەکیەتیی ئورووپا بە خۆیان و دەست وپێوەندەکانیانەوە لەگەڵ بەرەی چین و ڕووسیەو ئێران و دەست وپێوەندەکانیان لە سووریە. شەڕی هەژمۆنی و بەرژەوەندیی ڕووسیە لەگەڵ جیهانی ناسراو بە ڕۆژئاوا بۆ زۆر لەمەوپێش دەگەڕێتەوە کە ئەم بابەتە شیکردنەوەی هەڵناگرێ. بەڵام خاڵی پاشەکشەی ڕووسیە لەم یەک ساڵەی ڕابردودا لە دامەزراندنی قەڵغانی مووشەکی لە بنانگۆیی ئەم وڵاتەدا، لە لێدانی لیبی سەرەڕای رازی نەبوونی ڕووسیە رادەست پێ دەکا.

ڕووسیە دوای ئەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت هەڵ وەشا بەردەوام لە دۆخی بەرگری(تدافعی) دایە. هەنووکە سووریە لە ئاستی جیهاندا بووەتە گۆڕەپانی بەربەرەکانی ئەم دوو بەرەیە و لە ئاستی ناوچەییدا شوێنی تاقیکردنەوەی هێز و دەسترۆیشتوویی ئێران و تورکیەو عەرەبستان ولە ئاستی نێوخۆییش دا مەیدانێکی ئاڵۆزە کە دەکرێ بە شەڕی مەزهەبی و خێڵایەتی ونەتەوەیی ناوی بەرین. ئەگەر چاو بە ئاماری هەندێک

شەڕی نێودەوڵەتیدا بخشێنین، ئەم کاتە کارەساتی مرۆیی نێوخۆیی سووریەمان بۆ دەردەکەوێ. ئەمریکا وهاوپەیمانانی بەم دوایيانە بەجۆرێک تەوژمی هەڕەشەو گوڕەشەیان بۆ سەر ئێران و سووریە گرژ کردوە کە دەڵێی بەیانی نا بەیانی لە بنانگویی ڕووسیە واتا ئێران دەسریوێنن. بەرەی ڕۆژئاوا زیاتر لە ژێر دروشمی ئازادی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە گوشار بۆ بەرەی ڕووسیە دێنێ تا چاکسازی لە سیستمەکان و بیروڕایاندا بکەن



و سەردەمیانە و لیبڕاڵانە لە جیهانی سەدەی بیست و یەکدا هەڵسوکەوت بکەن. کورد دەڵێ دنیا دەوران دەورانە، سەردەمێک بەرەی کۆمۆنیستی بە ڕێبەرایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە جیهان دا ئاڵای پشتیوانی لە مافخوازان وئازادیخوازانی هەڵگرتبوو، ئێستاش بەپێچەوانە ئاڵاکە بە دەستی ڕۆژئاواوەیە. خوێنی هەزاران گەنج و پیر و ژن و منداڵ، شەقامەکانی شارەکانی سوورییەی ڕەنگاند، بەڵام بەرەی ڕۆژهەڵات لە ئاست هەموو بێدادییەکان دەرهەق بە گەلی سووریە کەڕوڵاڵە. هەموو چەمکە خەڵک پەسند و بریقەدارەکانی مێژووی مرۆڤایەتی وەک مافی مرۆڤ، کەرامەتی ئینسانی، مافی ژن و........ لە شەقامەکانی سووریە بە بەرچاوی خەڵک و کامێراو میدیاکانەوە گاڵتەی پێ دەکرێ.

ڕووسیە بڕیاری کۆتایی خۆی داوە و دەزانێ لە ئەگەری ڕووخانی ئەسەد دا مەتەرێزێکی دیکەشی بۆ ڕۆژئاوا چۆلکردوە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ڕووسیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاکامی ئەم ڕەوتە نوێیەی جیهانە کە هێشتاش بە شێوازی جۆراوجۆر هەر بەردەوامە، گرژتر دەبێتەوەو هەژمۆنی و هەیبەت ونوستالۆژیی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ هەمیشە دەبنە خەونێکی وەدی نەهاتوو بۆ پۆتین. ڕەوانە کرای پاپۆڕێکی جەنگیی گەورە بۆ ئاوەکانی دەریای سپیی نێوەڕاست و بڕیاری فرۆشتنی ٣٤ فرۆکەی جەنگی بەشارئەسەد نیشان لە یەکلابوونەوەی پوتین لەم مەتەرێزە دا دەدا.

ئەمە جگە لەم هەمووە یارمەتییە فیکری و لۆجیستیکییەی بە شاراوەو لە ڕێگەی ئێرانەوە بەم دەسەڵاتەی دەکا. چەند باری چەک و تەقەمەنیی ئێران لەڕێگەی سووریەدا لە شارەکانی تورکیە دەستی بەسەر دا گیراوە و بۆ چەندین جار دەچێ کە ئەندامانی سوپای پاسداران لە شەر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئازادیخوازی سووریە و بەتایبەت ئەرتەشی سووریەی ئازاددا دەستبەسەر کراون. ڕووسیە هەر لەم جبهەیەوە نەکەوتووەتە بەر هەژمۆنی دەسەڵاتی سیاسیی ڕۆژئاوا، بەڵکو لە ئێرانیش کە گوشاری نێونەتەوەیی زیاتر لەسەر ئەم وڵاتە چڕکراوەتەوە، پاڵەپەستۆیەتی.

یەکیەتیی عەرەب کە لە قەیرانەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبیی ناسراو بەبەهاری عەرەبیدا ڕۆڵێکی بەرچاو و چالاکی گێراوە لە دوایین هەڵوێستەکانی خۆیدا وێڕای کێشانەوی چاوەدێرەکانی لە سووریە بەتایبەت لەلایەن وڵاتانی کەنداوی ئەم یەکیەتییەوە داوای ناردنی دۆسیەی سووریە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش دەکا و هەر ئێستا کە ئەنجومەنی ئاسایش سەرقاڵی نووسینی بڕیارنامەی مەحکوومییەتی سووریەیە ڕووسیە دژایەتی خۆی دەربڕیوە.

**ئاکام :**

بەڵام وێدەچێ سوور بوونی گەلانی سووریە لەسەر ڕوخاندنی بەشارئەسەد کێشەکان لەوەش قووڵتر بکاتەوە و ئەسەدیش بەم جۆرەی کە تا ئێستا نیشانی داوە بە پشتیوانی ڕووسیەو ئێران تا دوا بڕست و دوا دەرفەت دەست لە قەڵتوبڕی خەڵکی ئاشتیخواز هەڵناگرێ. کە ئەمەش دژکردەوەی توندی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی عەرەب بەتایبەتی عەرەبستان و قەتەری لێدەکەوێتەوە وتورکیەو هاوپەیمانانی ڕۆژئاواش لە هەموو دەرفتێک دیارە هێندێک بە پارێزەوە بۆ ووخاندنی دەسەڵاتی ئەسەد کەڵک وەردەگرن. ئێرانیش وەک هێزێکی ناوچەیی دەتوانین بڵێین مانی خۆی بە مانی دەسەڵاتی پارتی بەعسی سووریەوە دەزانێ و وێدەچێ سووریە(خط مقدم) شەڕی ئێران و ڕۆژئاوا بێ.

ئایا شەڕی بەرەکان لە سووریە قووڵتر دەبێتەوەو جیهان دەبێ چاوەڕوانی شەڕێکی بەربڵاو بکا؟ یان ئەوەی بەرەی ڕووسیە دیسانیش پاشەکشە دەکا؟ زۆر پرسیاری دیکە لەوانەیە لە چەند حەوتوویەکی داهاتوودا وڵامەکانیان روون بێتەوە.

خاڵێکی جێی ئاماژە لێرەدا ئەمەیە کەدەبێ بڵێین کەس وەک خالید مەشعەل سەرۆکی گرووپی حەماس بە باشی هەستی بە رمانی کۆڵەکانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد نەکردوە، هەر بۆیە بڕیاریدا بۆ هەمیشە سووریە جێ بێڵێ و هەنووکە خەریک دانووستانە لە گەڵ دەسەڵات بەدەستانی ئۆردن بۆ جێگرتن لەم وڵاتەی کە پێشتر لێی دەرکراوە.

# گەمارۆکانی یەکیەتیی ئۆرووپا، موبیلیزەبوونی ڕۆژئاوا و کۆماری ئیسلامیی ئێران

ڕێبوار مەعروف زادە

یەکیەتیی ئۆرووپا ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی ژانویەی ٢٠١٢، کۆمەڵێک گەمارۆی تازە و توندی بەسەر کەرتی نەوت و بانکی ناوەندیی ئێراندا سەپاند. هەروەها بەدوای هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارەی داخستنی کەنداوی فارس، پاپۆڕە فرۆکەهەڵگرەکانی ئەمریکا، بریتانیا و فەڕانسە پێکەوە لە ئاوەکانی کەنداو ئامادەبوون. ئەو هەڵوێستەی یەکیەتیی ئۆرووپا کۆمەڵێک پرسیار و لێکدانەوەی جیاوازی لە بارەی داهاتووی پێوەندییەکانی ڕۆژئاوا و کۆماری ئیسلامیی ئێران هێنایە ئاراوە. دیارە بۆ وێناکردنی ئەو داهاتوویە لە کۆمەڵێک ئەزموونی جیهانی وەک ئەزموونی عێراق، لیبی و کۆریای باکوور کەڵک وەردەگیرێ. بەو پێیە هەڵوێستی یەکیەتیی ئۆرووپا بەشێوەیەکی ڕوونتر ئەم بابەتەی دەرخست کە پێوەندیی ڕۆژئاوا و کۆماری ئیسلامی چووەتە نێو قۆناغێکی تازە و هەستیارەوە. ئەو قۆناغە تازەیە هاوکات قۆناغی گۆڕینی شێوازی پێوەندیی دیپلۆماتیک، قۆناغی شەڕی ئابووری و خۆئامادەکردن بۆ شەڕی نیزامییە. دیارە لە هەلومەرجی ئاسایی دا، دیپلۆماسیی هەر دەوڵەتێک لە خزمەت دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی زیاتر بۆ وڵاتەکەی دایە، ئەوە لە حاڵێکدایە لە هەلومەرجی شەڕی ئابووریدا، دیپلۆماسیی هەر دەوڵەتێک لە خزمەت لەنێوبردنی بەرژەوەندی و ئیفلیج کردنی ئابووریی وڵاتی دژبەر دایە. بە مەبەستی تێگەیشتن لە قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ شەڕی نیزامی پێویستە ئاوڕ لە کاریگەری و ئاکامەکانی گەمارۆ تازەکانی یەکیەتی ئۆرووپا بۆسەر ئێران بدەینەوە.

هەڵوێستی تازەی یەکیەتی ئۆرووپا بەدژی ئێران دوو ئاکامی هەیە:

١_ موبیلیزەبوونی هەمەلایەنەی ڕۆژئاوا بەدژی ئێران: لە ڕابردوودا هەڵوێستی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی نەک هەر یەکگرتوو نەبووە، بەڵکوو سیاسەتی لەهەمبەر ئێران ئاستی جیاواز و فرەچەشنی هەبووە. بۆ نموونە لە حاڵێکدا کە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٩وە باڵوێزخانەکەی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە داخرابوو، کۆمپانیای زیمێنسی ئاڵمانی تا ئەم دواییانش لە ڕێگەی پێدانی خزمەتگوزاریی تەلەفۆن یارمەتیدەری لایەنی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی بووە. هەروەها سیاسەتی دووانەی ڕۆژئاوا لە سەروویانەوە سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەدا، پێشخستنی بەرژەوەندی ئابووریی بەسەر مافی مرۆڤ و دێموکراسیدا، بەشێک بووە لە هۆی شکڵگرتن و بەردەوامیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران. پێویستە ئەوە لەیاد نەکەین کە دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی تەنیا بەهۆی سیاسەتی دووانەی ڕۆژئاواوە دەیتوانی چالاکانی سیاسی و دژبەرانی خۆی لەنێو خاکی ئورووپاش لەنێو ببا، تەنانەت نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی نەک بەهۆی یاسا و سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا، بەڵکوو بەهۆی ئابڕووچوونێکی گەورە و بە دوای بڕیاری دادگای میکۆنووس لە ساڵی ١٩٩٧دا، وازی لە کردەوەی تیرۆریستی لە نێو خاکی ئورووپادا هێنا. بەو پێیە لە ئێستادا مۆبیلیزەبوونی ڕۆژئاوا بەدژی ئێران هەم لایەنی سیاسی دەبێ و هەم لایەنی ئابووری.

٢_الف: لایەنی سیاسیی مۆبیلیزەبوونی ڕۆژئاوا: دیارە لە ئێستادا دوو زلهێزی جیهانی واتە ئەمریکا و بریتانیا لە جوغرافیای ئێراندا باڵوێزخانەکەیان داخراوە. لە سیستمی نێودەوڵەتیدا هەبوونی باڵوێزخانەی وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە دەرخەری سەقامگیربوون و ئاسایی بوونی پێوەندییەکانە، بەڵام بە چەند قاتی ئەوە داخستنی باڵوێزخانەی وڵاتێکیش نیشاندەری نەگونجان و قبووڵ نەکردنی یەکتر لەنێو سیستمی نێودەوڵەتی دایە. لەڕاستیدا لە سیستمی نێودەوڵەتیدا باڵوێزخانەی وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە نە بە سووک و سادەیی دادەخرێ، نە بە ئاسانی و خێراییش دیسان دەکرێتەوە، بەم پێیە نەبوونی باڵوێزخانەی ئەمریکا و بریتانیا لە ئێران بنەمایەکی بەهێزە نەک هەر بۆ دۆست نەبوونیان، بەڵکوو بۆ وێککەوتن و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو وڵاتانە لەگەڵ یەکتر. ئەو بنەما بەهێزەیە کە ڕۆژئاوا ناچار دەکا کە لە بەرامبەر و بەدژی دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی ڕوو بکاتە کۆمەڵگەی ئێران. کۆمەڵگەی ئێران لە ئاستی جیهانیدا زیاترین پێوەندیی مرۆیی، فیکریی و کلتووری لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەیە. زۆربەی ئیلیتی ئێرانی بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچنە زانکۆکانی ڕۆژئاوا، هەروەها زۆربەی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ئێرانی کە ناچار بوونە وڵات بەجێ بێڵن لە ڕۆژئاوا نیشتەجێن. بەشی هەرە زۆری وڵاتانی بەهێزی ڕۆژئاوایی ماڵپەڕ و میدیای تایبەت بە ئێران و فارسی زمانیان هەیە کە دەکرێ ئاماژە بە(BBC,VOA,DW و...) بکەین. ئەم وڵاتانە لە ڕێگەی ئەو ڕاگەیەندنانەوە ڕۆژانە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێراندا لە پێوەندی دان. بەشی هەرە زۆری خەڵکی ناڕازیی و ئەکتیڤی ئێران لە ژێر کاریگەریی ڕۆژانەی میدیا و ماڵپەڕەکانی ڕۆژئاوایی دان. خەڵکی ناڕازی ئێران بەهۆی متمانە نەبوون




بە ڕاگەیەندنەکانی کۆماری ئیسلامی لەپێناو وەچنگ خستنی زانیاری لەهەمبەر دۆخی ئێران و جیهان ڕوو دەکەنە ڕۆژنامەگەلێک وەک ئێکۆنۆمیست، واشینگتۆن پۆست، تایمز و...، ئەوە لە حاڵێکدایە ئێرانییەکان بۆ ئاگادار بوون لە هەلوومەرجی وڵاتەکەیان و جیهان سەردانی میدیا و ماڵپەڕەکانی وڵاتانێکی وەک ڕووسیە، چین و... ناکەن. لەڕاستیدا دیپلۆماسیی ڕۆژئاوا لەهەمبەر جیهان و بەتایبەتی لەهەمبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران پشت ئەستوورە بە ڕاگەیاندنێکی هەرە بەربڵاو و کاریگەر. بەو پێیە دەکرێ بڵێین ڕاگەیەندنەکانی ڕۆژئاوا بۆ بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران بەتایبەتی بەشی ناڕازیی کۆمەڵگەی ئێران ئاڵتێرناتیڤێکی زانیارین لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا. دیارە ڕاگەیاندنی بەربڵاو و کاریگەریی ڕۆژئاوا بەهیوای ڕیفۆرم، لە خزمەت ڕەوت و کەلێنەکانی نێو ڕێژیمدا بووە و بە شێوەیەکی بەردەوام ئۆپۆزیسیۆن، ناڕەزایەتیی ڕادیکاڵ و دواجار پرسی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لە پەڕاوێز خستوە. هەنووکە بە مۆبیلیزەکردن ڕۆژئاوا بەدژی کۆماری ئیسلامی، دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوایی دەرگە بە ڕووی ئاڵتێرناتیڤی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەکەنەوە و تەنانەت بە شوێن ئەو ئاڵتێرناتیڤە لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا دەکەون. دیارە بەپێی ئەوەی کە ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێراندا چینی مامناوەندیی شارە گەورەکان داینامۆی جموجۆڵ و گۆڕانن، دیپلۆماسی و سیاسەتی ڕاگەیاندنی تازەی ڕۆژئاوا نەتەنیا دەتوانێ لەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران کاریگەر بێ، بەڵکوو ئەو کاریگەرییە زۆر زیاترە لە کاریگەریی گەمارۆ ئابوورییەکان بۆ سەر کەرتی نەوت و بانکی ناوەندیی ئێران.

٣) ب) لایەنی ئابووریی مۆبیلیزەبوونی ڕۆژئاوا بەدژی ئێران: گەمارۆ ئابوورییەکانی تازەی یەکیەتی ئورووپا کە بڕیار وایە تا شەش مانگی دیکە بەڕێوەبچێ، چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی نێوخۆیی ئێراندا کاریگەر بووە. لە ئاستی جیهاندا وڵاتانێک وەک ڕووسیە، تورکیە، تەنانەت عێراق و بەتایبەتی چین و هێند لە هەوڵدان کە لە لایەک بە شێوەی کاتیی و هەتا کاتی خەستتر بوونی شەڕی ئابووریی نێوان ڕۆژئاوا و ئێران، نەوت و سەرچاوەکانی ئێران هەرزان فرۆش بکەن و لە لایەکی دیکە لە درێژخایەندا لە هەوڵی پەیداکردنی جێگرەوە بۆ نەوت و ئابووریی ئێران دان. لەم بەینەدا وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی عەرەبستان، قەتەر و ئیمارات دیپلۆماسییەکەیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی چین و هیند و جیهان ئاگادار بکەنەوە کە لە ئەگەری هەناردە نەکردنی نەوت لە ئێران، ئەوان دەتوانن جێگەی نەوتی ئێران لە بازاڕەکاندا پڕ بکەنەوە. هەروەها خەستتر بوونی شەڕی ئابووریی و نزیکبوونەوە لە شەڕی نیزامیی ڕۆژئاوا و ئێران دەبێتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی ناوچە و بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی چەک و چۆڵێکی یەکجار زۆر لە ڕۆژئاوا بکڕن. دیارە بەدوای خەستتر بوونی شەڕی ئابووری ڕۆژئاوا و ئێران، وڵاتانی ناوچە، تەنانەت هیند و چینیش ناچار دەبن لەنێوان پێوەندی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکەیان لەگەڵ ڕۆژئاوا و کۆماری ئیسلامیدا یەکێکیان هەڵبژێرن کە بە بێ گومان، بەهۆی قەبەتر بوونی ئابووری و بازاڕی ڕۆژئاوا، ئەو وڵاتانە پشت لە کۆماری ئیسلامی دەکەن. جێگەی ئاماژەیە کە کاریگەریی گەمارۆ ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا لە ئاستی نێوخۆیی ئێراندا بە شێوەی جیاواز، لە کورتخایەن و درێژخایەندا دەردەکەوێ. کاریگەریی ئەو گەمارۆیانە سەرەتا چینی سەروو واتە بازرگانەکان، کارخانەدارەکان و ئیلیتی کۆمەڵگەی ئێران دەگرێتەوە. لەڕاستیدا گەمارۆکان گومان لەهەمبەر سەقامگیریی بازاڕ و ئابووریی ئێران دروست دەکەن و ریسکی ئیشکردن لە نێو سیستمی ئابووریی ئێراندا دەبەنە سەرێ. بەو پێیە بەشێک لە خەڵکی دەستڕۆیشتوو ڕوو دەکەنە دۆلار و زێڕ، چونکە بەهایەکەیان لەژێر کاریگەرییەکی کەمتری ئابووری ئێران دایە و سەقامگیرترە. هەروەها کارخانەدارەکان بۆ هاوردەکردنی ماددەی خاو، ناچارن بەهایەکی زیاتر بدەن و بۆ ئەوەی تووشی خەسار نەبن، دەبێ بەهای بەرهەمەکانیان زیاد بکەن یان هەقدەستی کرێکارەکان کەم کەنەوە، یان ڕادەی کرێکارەکانیان کەم و ڕێژەی بێکاری زیاد بکەن. دیارە بێ گومان بەشێک لە خەڵکیش ڕێگەی ئاسانتر هەڵدەبژێرن و سەرمایەکانیان بۆ بانکەکانی ئورووپا ڕادەگوازن. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە بۆ سەرمایەی مرۆیی وڵات، واتە بۆ ئیلیتی کۆمەڵگەی ئێران، بیری چوونە دەرەوە لە جوغرافیای ئێران پەرە دەستێنێ.

٤) لەڕاستیدا ئیلیتی کۆمەڵگە بەهۆی لێڵ بوونی داهاتووی ئێران بە سادەیی لە وڵات کۆچ دەکەن، بەڵام بە دەگمەن و بە زەحمەت دەگەڕێنەوە. دیارە خەستتر بوون و بەردەوامی گەمارۆکان، کۆمەڵگەی ئێران هەژار دەکەن و ئەو بابەتە خەسارێکی گەلێک گەورەیە، چونکە هەژاری دەبێتە هۆی دابەزینی خۆشبژێوی و خزمەتگوزارییەکان، چوونەسەری تێچووی ژیان و تاوانە کۆمەڵایەتییەکان، سارد کردنی فەزای چالاکیی(NGO)کان و بەگشتی لاواز کردنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران. بەم پێیە هەژارتر بوونی کۆمەڵگەی ئێران، توانا و وزەی چینی مامناوەندیی کۆمەڵگە بۆ بەدواداچوونی ئازادی ڕادەربڕین، بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و... لە نێو دەبات. لەڕاستیدا خەستتر بوون و بەردەوامیی گەمارۆکان، هەژارتر بوونی کۆمەڵگەی ئێرانی لێدەکەوێتەوە کە بە واتای زاڵبوونی داواکاریی نان بەسەر داواکاریی ئازادیی بیروڕا، پاراستنی مافی مرۆڤ و پەرەدان بە دێموکراسی دایە و دواجار بەواتای زاڵبوونی چینی خواروو و هەژار بەسەر چینی مامناوەندی دایە. پێویستە لەوە تێبگەین کە هەژارتر بوونی بەردەوامی کۆمەڵگەی ئێران بە واتای پێشگرتن لە گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی ئێران نییە، بەڵکوو بە واتای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانە و ئەوە خەسارێکی هەرە گەورەیە.

٥) ٢) موبیلیزەبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران: موبیلیزەبوونی ڕۆژئاوا بەدژی ئێران لە درێژخایەندا شتێک بەدەر لە موبیلیزەبوون و یەکدەست بوونی کۆماری ئیسلامی لێ ناکەوێتەوە. دیارە کۆماری ئیسلامی لە شەڕی ئابووری دەرەقەتی ڕۆژئاوا نایەت، کەوایە ستراتژیی موبیلیزەبوونیشی لەسەر بنەمای فاکتەری ئابووری نابێ. لێرەدا پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە لە ستراتژیی کۆماری ئیسلامیدا دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی تەنیا بەشێک نییە لە پاراستنی نیزام لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ڕۆژئاوادا، بەڵکوو بەشێکە لە بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی ئێران. چۆنکە هێزی سەرەکیی نیزام لە تیرۆریزمی ناوچەیی و جیهانی یەکەی دایە کە بە بێ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی ناتوانێ بەردەوام بێ. هەروەها پێویستە سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە ئابووریی چین، هیند، ژاپۆن، برازیل، تورکیە و... ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکایان ناچار کردوە کە سەبارەت بە ئابووریی جیهانی هەبوونی جیهانێکی چەند جەمسەری قبووڵ بکا، بەڵام کۆماری ئیسلامییەکی ئەتۆمی، ڕۆژئاوا ناچار دەکا کە لە بواری نیزامی و ئەمنییەتییشدا، بوونی جیهانێکی چەند جەمسەری قبووڵ بکا.

٦) لەڕاستیدا دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی بەواتای گۆڕینی پێکهاتەی ئەمنییەتی جیهانی و دواجار بەواتای لە دەستچوونی هەژموونی نیزامیی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان دایە. هەر بۆیە «وتووێژ» لە هەمبەر پرسی دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتومی نە بۆ ڕۆژئاوا و نە بۆ کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لە خانەیەکی ستراتژیکییەوە جێ بگرێ. بەم پێیە پرسی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، بابەتێک نییە کە ڕۆژئاوا و کۆماری ئیسلامی بتوانن وتووێژ و ڕێککەوتنی لەسەر بکەن، بەڵکوو بابەتێکە کە پێویستە پێش لە هەر وتووێژێک، شەڕێکی جیددی و گرانی لەسەر بکرێ. دیارە کۆماری ئیسلامی لەو شەڕەدا پەنا بۆ نفووز و تۆڕە تیرۆریستییەکەی دەبا، چونکە ئەو تۆڕە لە ڕابردوودا لە ئەفغانستان، لوبنان، سووریە و عێراق و... نیشانیداوە کە نەتەنیا دەتوانێ هێرش بکاتە سەر هێزەکانی ناتۆ و ڕۆژئاوا، بەڵکوو سەلماندوویەتی کە دەتوانێ مەیدان بە هێزەکانی ناتۆ و ڕۆژئاوا چۆڵ بکا و تێکیان بشکێنێ. کەوایە ستراتژیی موبیلیزەبوونی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای پەرەدان بە تیرۆریزم لە ناوچە و جیهاندا دەبێ. لەو پێوەندییەدا بۆ کۆماری ئیسلامی تێکچوونی باری ئەمنی دوو شوێن پڕبایەخە:

٧) الف) تێکچوونی باری ئەمنیی عێراق: کۆماری ئیسلامی لەنێو عێراقدا بەتایبەتی لەنێو شیعەکانی عێراقدا نفووزێکی یەکجار زۆری هەیە. هەروەها عێراق خاوەنی نەوتە و هێرش کردنە سەر کەرتی نەوتی ئەو وڵاتە دەتوانێ بەهای نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرز بکاتەوە. دیارە چوونەسەری بەهای نەوت بۆ کۆماری ئیسلامی لە دۆخی سەپاندنی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپادا پڕبایەخە.

٨) ب) تێکچوونی باری ئەمنیی ئیسڕائیل: شەڕی ٣٣ ڕۆژەی حیزبوڵڵا و ئیسڕائیل لە ساڵی ٢٠٠٦ کە پشتگیری و بەشداریی هەمەلایەنەی ئێرانی تێدابوو نیشانیدا کە ئەرتەشی ئیسرائیل، ئەرتەشی ساڵەکانی شەڕی ٦ ڕۆژە (شەڕی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی١٩٦٧ ) نییە. بەو پێیە شەڕێکی دیکە لە سنوورەکانی ئیسرائیل کە بە ناوی حەماس و حیزبوڵڵاوە ئەنجام بدرێ، دەتوانێ شەڕ لە سنوورەکانی ئێران دوور بکاتەوە.

درێژەی:

## تەماحی دەسەڵات دەمامکی لە سیمای خومەینی داماڵی

هەموو ڕەهەندەکاندا، زانکۆیە. زۆربەی ئیلیتە فیکرییەکان بەرهەمی ئەم دامەزراوەن و ڕۆلی بێ وێنەی زانکۆ لە پەرەدان بە چەمک ونۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان حاشا هەڵنەگرە. زانکۆکان تەنانەت لە لووتکەی ترس و تۆقاندن دا دەوری خۆیان لە بیاگەلی تیۆری و پراکتیکی دا گێڕاوە.

خومەینی لەم بوارەشدا بەر لە شۆڕش زۆر سەرنجڕاکێشانە ١٣ی خەزەلوەری ٥٧ لە نۆڤێل نوشاتو باس لە بارودۆخی نالەباری زانکۆکانی ئێران دەکاو بەتوندی ڕەخنە لە نەبوونی ئازادی لە زانکۆکان دەگرێ و دەڵێ:» مامۆستایانی زانکۆ ناتوانن بە پێی ویستی خۆیان کارەکانیان بکەن. خوێندکارانیش بە گوێرەی ویستی خۆیان ناتوانن کارەکانیان بکەن. دەوڵەت بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی کۆمەڵێکی گۆپاڵ بەدەست ڕاگرتوە کە هەموو جۆرە ئازادییەکی لە خوێندکاران زەوت کردوە.

خومەینی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان ئەم جار دیبین بیرو بۆچوون و ڕوانگەی خومەینی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لەسەر ئازادی، دیموکراسی، زانکۆو هتد تا پەی بە پارادۆکسی لێدوانەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان بەرین.

خومەینی مانگێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕەشەممەی٥٧ لە شاری قوم کە قسەی بۆ فەقێکان(طلاب) دەکرد دەڵێ:» گوێ مەدەنە ئەوانەی باسی دیموکراسی دەکەن. ئەوان دژی ئیسلامن، دەیانەوێ نەتەوەکەمان بە لاڕێ دا بەرن. ئێمە قەڵەمە گەندەڵەکان، واتە ئەوانەی باسی نەتەوەیی و دیموکراتیک و ئەوانە دەکەن تێکدەشکێنین».

هەروەها لەم پێوەندیەدا لە کۆبوونەوەیەکی دا بۆ خوێندکارانی زانکۆی ئەهواز کە لە (ڕێکەوتی ٥٨/٣/٣ لە ڕۆژنامەی کەیهان دا چاپ بووە) ڕوو بە خوێندکارانی نەتەوەخواز دەڵێ:» ئەوانەی دەنگ هەڵدێنن دەبێ دیموکراسی هەبێ ئەوان بەلاڕێدا کەوتوون،ڕەوگەکەمان بەرەو نەوت نییە، لای ئێمە میللی کردنی نەوت لەگۆڕێدا نییە، ئێمە ئیسلاممان دەوێ،» تەنانەت ئەو کاتەی پرسیار لە خومەینی دەکەن قسەکانی ئێستای دەگەڵ لێدوانەکانی نۆفل لۆشاتۆی ناکۆکن و یەکتر ناگرنەوە دەڵێ:»...ئەگەر پێم باش بێ ئەمرۆ شتێکی دەڵێم و سبەی پێم خراپ بێ دژی ڕادەوەستمەوە«.

سەرنجڕاکێشتر و کارەساتتر لەم ڕوانگانەی خومەینی لەر سەر زانکۆو بیرو بۆ چوونی دواکاوتوانەو تەواو لێک دژی دەگەڵ ڕوانگەکانی (یاباشتر بڵێم لێدوانەکانی ) بەر لە شۆڕشە کە بە بادانەوەیەکی ١٨٠ پلەیی دژایەتی خۆی دەگەڵ زانکۆ دەردەبڕێ یا بە واتایەکی دروستتر ئاشکرای دەکا.

دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە چاوپێکەوتنی دەگەڵ ئەندامانی (دفتر تحکیم وحدت) ی حوزەو زانکۆکان لە ٢٧ی سەرماوەزی٥٩ دا دەڵێ:» بنەمای هەموو ئەو بەدبەختیانەی کە تا ئێستا داوێنی مرۆڤی گرتوەتەوە زانکۆکانە و پسپۆریەکانی ناو زانکۆیە.

گەندەڵی و فەسادی هەموو کۆمەڵگەکان لە(حوزەهای علمیە) وە سەرچاوەی گرتوە کە دەروەستی شەرع نەبوون. هەموو کارەسات و بەڵاکانی دونیا سەرچاوەکەی بیرمەندان و پسپۆڕانی زانکۆکانە و هەر ئەم وڵاتەی ئێمە کەسانی سەر بە زانکۆ دایان بە دەم زلهێزەکانەوە.ئێستا دادەنیشن ودەنووسن و دەڵێین بۆ زانکۆکان داخراون؟ ئەگەر حەزتان لە ئیسلامە بزانن زانکۆ لە بۆمبی هێشۆیی مەترسیدارترە.» ئەم لێدوانانە، لێدوانی دوای شۆڕشی فەرهەنگین کە داخستنی زانکۆکانی لێ دەکەوێتەوە.

خومەینی تەنانەت چەند ساڵ دوای شۆڕشی فەرهەنگی (بە وتەی خۆی) و ئیسلامیزەکردانی زانکۆکان کە دواتر بە شانازییەوە باسی لێوە دەکرد، لە وەسیەتنامەکەی دا دەڵێ: «لەم نیو سەدەی ئەم دواییدا زانکۆکان لە هەموو شتێک زیاتر زەبریان لە ئیسلام وەشاندوە.»

ئەرێ ویستی پێنەی هێزی خومەینی و بوونی بە یەکێک لە جینایەتکارترین ڕێبەرانی نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەم بەرهەمی دواکەوتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێران بووە یا ماهییەتی زێدەخوازیی و تەماحی گەیشتن بە دەسەڵاتی ڕەهایە؟ ئایا نەتەوەکانی ئێران ولە سەرەووی ئەوانەوە پارت و ڕێکخراوە سیاسییە پێشکەوتوو و ئازادیخوازەکان لە تێگەیشتن و ڕوانگە کۆنە پارێزەکانی خومەینی نەگەیشتن؟ ئەرێ کێ نرخی تەریککەوتنەوەی ئێران و پاشهاتەکانی وەک بەدبەختی و چارەڕەشی خەڵکی ئێران دەداتەوە؟

# کوردستانی سوور، داخی گرانی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت

و: ڕێبوار مەعروف زادە

بەشی دووهەم

میرزۆیۆف بە ئاماژەکردن بەوە کە دروست نییە هەموو ئەرمەنییەکان بخەینە خانەیەکەوە، دەڵێ : «کوردەکان بۆ نەهاتنە ئارای دوژمنایەتیی گەورە لە نێوان دوو گەڵی کورد و ئەرمەنی کە بە درێژایی مێژوو پێوەندییەکی باشیان هەبوو، ئەرمەنستانیان جێهێشت. میرزۆیۆف سەرەڕای هەموو خاڵەکان، سەبارەت بە رووخانی پێکهاتوو دەڵێ: «هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان لە ئەرمەنستان، سیاسەتێکی جیددی بۆ لە نێو بردنی یەکگرتوویی و یەکبوونی کوردەکان بوو. سەرەتا کوردەکانیان بە دوو بەشی ئێزەدی و موسڵمان دابەش کرد. کایەیەک کە لە بەرامبەر کوردەکان بەرێوە چوو ئەوە بوو کە لە ناسنامەی کوردە ئێزەدییەکان بە جێگەی وشەی کورد، وشەی ئێزەدی نووسرا. لە پڕۆپاگەندەکاندا دەکوترا کە کوردە موسڵمانەکان، تورک بوون و لایەنگری تورکەکان بوون. بەو پڕۆپاگەندانە تەنانەت کوردەکانی ئێزەدی وەک ئامرازی شەڕ دەرهێنا.

بۆ نموونە دووکەس لە شێخەکانی ئێزەدی بە نێوەکانی «حەسەن کێلش» و «کەرەم» هێندێک قسەیان کرد کە رەوایی بە هێرشی کوردەکان دەدا. بەڵام رووناکبیرانی کوردی ئێزەدی دژایەتیان لەگەڵ ئەو بۆچوونە کرد و لە رزگاریی نەتەوەکەمان لەو داوە رۆڵی گەورەیان گێڕا. نووسەران، رووناکبیران و زانایانێک وەک : «کالنی چاچانی» ، «دوکتور»شاکرۆمەحۆ»، «خالید چێتۆیف»، «چرکس ریش» ، «جەلیل جەلیل» ، «ئەمرکی سەردار» ، «دوکتورشەرەف عەشیری» ، «دوکتورسەعید ئیبۆف» لە قسەکانی خۆیان لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆندا بە ئاماژە کردن بەوەی کە دابەشکردنی کوردەکان بە ئێزەدی و موسڵمان هەڵەیە، دەیانکوت کە ئەو جۆرە روانگانە بە واتای رەوایی دان بە کوشت و بڕی کوردەکانە. لەوێدا منیش بۆ ڕاگرتنی ئەو هێرشانە چەند جار لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن قسەم کرد، چونکە ماڵی کوردەکانیان ئاگر دا، ئەوانیان کوشت و تەنانەت هێندێکیان لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا سووتاندن. بە واتایەکی دیکە لێرە موسڵمان بوونیان هاوواتای ئازەری و تورک بوون لە قەڵەم دەدا. لە راستیدا شتێک کە دەیانهەویست درووستی بکەن، شەڕی ئایینی بوو. تەنیا تاکە ڕێگەیەک بۆمان مابووە چۆلکردنی ئەرمەنستان بوو کە ئێمەش ئەوکارەمان کرد.

ئەوجار کۆچێکی زۆرەملی دەستی پێکرد کە تەنانەت ناوەکەشیان نەدەبرد، چونکە گەلی ئێمە تووشی پارچە پارچە بوونێکی دیکە هات. هێندێکیان بەرەو رووسیا، ئوزبەکستان و ئۆکراین رۆیشتن و هێندێکیشیان لە وڵاتەکانی قەزاقستان و قرقیزستان نیشتەجێ بوون.

بۆچی ئەو کارەیان ئەنجام دا؟ بە بڕوای من ئەو بابەتە بۆ ترسی ئەوان لە توانای ئێمە، چالاکبوونی دامەزراوەکانمان و هەوڵەکانی ئێمە بۆ دامەزراندنی دووبارەی کوردستانی سوور، سەرچاوەی دەگرت. بەرپرسانی ئەوان کەسانێکی بەناوبانگ وەک «گالوست گالویان» زانای ئەرمەنی و سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیست و «بابەک ئاستیان» ئەندامی ئاکادیمیی زانست بوون. ئەوان بە پەرەدان بە نەتەوەخوازی دەیانویست ئەرمەنستان بکەن بە وڵاتێک کە تەنیا ئەرمەنییەکان لەوێدا بژین.

میرزۆیۆف دەڵێ: سەرەڕای هەموو هێرشەکانی ئەرمەنییەکان، نەیانتوانی پێش لە بەهێز بوونی کوردەکان و پێکهێنانی دامەزراوەکانیان بگرن. میرزۆیۆف لەو بڕوایە دایە کە: «ئێمە کوردەکانی یەکیەتی سۆڤییەت توانیمان لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەی دروستمان کردوون پێش لە سڕینەوەی مێژوویی خۆمان بگرین.»

**بابیۆف بە دانیشتنە نهێنییەکانی دەستی بە کار کرد.**

کاتێک هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان ئەرمەنستان چۆل بکەن، چالاکییەکانی کۆمیتە لە پێناو خواستی ئەو بەشە لە ئەندامەکان، کە لەو بڕوایەدا بوون کە رۆیشتن بەرەو مۆسکۆ و دانیشتن لەگەڵ سەرۆکی حکوومەت پێویستە، بەرەوپێش چوو. هەرچەند کە گۆرباچۆف هێندێک هەنگاوی بۆ ئازادی هەڵگرت، بەڵام بابیۆف چالاکییەکانی لە ڕێگەی دانیشتنە نهێنییەکانی دەست پێکرد.

به گرتنی هێندێک کۆبوونەوە لە نێو ئەو کوردانەدا کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئازەربایجان دەژیان دەستی پێکرد. دواتر بە نۆرە بۆ کوردەکانی تورکەمنستان، گۆرجستان، ئەرمەنستان، قرقیزستان، ئۆزبەکستان و قەزاقستان هێندێک کۆبوونەوەی پێکهێنا و ئەو خەباتە زۆرەملییەی بۆ کوردەکان شی کردەوە. دوکتور «سادقوف» یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوانە کە لە ئاڵمائاتا بەرێوە چوون دەڵێ: بابیۆف ئەو کۆبوونەوانە بە مەبەستی ڕێکخستنی کوردەکانی یەکیەتی سۆڤییەت بۆ چارەسەری کێشەکانیان بەرێوە دەبرد. سادقۆف دەڵێ: «کوردەکانیش ویستیان لەو فەزایە تا رادەیەک ئازادەی کە گۆرباچۆف لە یەکیەتیی سۆڤییەت دروستی کردبوو، لە پێناو بەرێوە بردنی کۆبوونەوەکان کەڵک وەربگرین.» ئێمە کوردەکان کە سەرکۆت کرابووین زیاتر لە هەمووان لە هەنگاوەکانی گۆرباچۆف بۆ کردنەوەی فەزای یەکیەتیی سۆڤییەت کەڵکمان وەرگرت، چونکە ئەو بارودۆخە وایکرد لە ڕێگەی کۆبوونەوەکانی بابیۆف لەو ساردوسڕییەی کە باڵی بەسەرماندا کێشا بوو رزگارمان بێ. سادقۆف لە هەمبەر نێو ئاخنی ئەو کۆبوونەوانە دەڵێ : «لە نێو ئەو کۆبوونەوانەدا چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لەو فەزا ئازادە، چۆنییەتی دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد، ئەو شێوازانەی کە لە پێناو گەیشتن بە ئامانج پێویست بوو کەڵکیان لێوەرگیرێ و لە دوایین لێکدانەوەدا چۆنیەتیی زیندوو کردنەوەی کوردستانی سوور مشتومڕی لە سەر دەکرا.» سادقۆف کە ئاماژە بە پەسەند کردنی هێندێک بابەت لە نێو ئەو کۆبوونەوانە دەکا، دەڵێ گرینگترین پەسندکراو ئەوە بوو کە ئەندامانی هەیئەتێک کە لە ساڵی ١٩٦١ بۆ موسکۆ چووبوون، لەگەڵ هەیئەتێکی بەرفراوانتر دیسان سەردانی مۆسکۆ بکەن و بارودۆخی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت بە ئاگاداری «گۆرباچۆف» سەرۆک کۆماری ئەوکات بگەیەنن.

**دیسان گرتنەبەری ڕێگەی مۆسکۆ**

بەمجۆرە بۆ جارێکی دیکە نوێنەرانی کورد ڕێگەی مۆسکۆیان گرتەوەبەر. کۆمیتەی پێکهاتوو دوابەدوای بڕیاری رۆیشتن بۆ مۆسکۆ و داواکردنی چارەسەری لە بەرپرسانی دەوڵەت، لەسەر کات و چۆنیەتیی رۆیشتن بۆ مۆسکۆ هێندێک باسیان کرد. لە دوایین کۆبوونەوەیەک کە لە ناوەندی کلتووریی کوردەکان لە ئاڵمائاتا، کە لە ساڵی ١٩٨٩ دامەزرابوو، پێکهات، بە سەرنجدان بە جێژنی ٩ی مەی ساڵرۆژی تێکشکانی فاشیزمی ئاڵمان لە لایەن یەکیەتیی سۆڤییەتەوە، بڕیار درا کە لە مانگی مەی بە پێکهێنانی هەیئەتێک کە بە لانیکەم لە هەر وڵاتێک، لە ناوچەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەڕاست کە کوردەکان لەوێ دەژین، پێنج کەس بەشدار بێ و بەرەو مۆسکۆ برۆن. کومیتە بەو بڕیارە کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی هێنا و لە کۆبوونەوە نێوخۆییەکان خۆی بە سوور بوون لەسەر ئەوە کە «ئەگەر ئەمجار ڕێگە چارە پەیدا نەبێ، لە مۆسکۆ ناگەڕێینەوە» و هەروەها بە ئاگادار کردنەوەی کەسایەتییە کوردکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردی لێ دەژین ویستیان ئەو هەیئەتەی کە بۆ مۆسکۆ دەچێ ئامادە بکەن. «رەمەزان سەیدۆف» یەکێک لە بەشداربووانی دوایین کۆبوونەوەکە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کۆبوونەوانەی کە ئەوکات پێکهاتن، ئەو باسانەی کە کران و ئەو کارانەی کە لە کاتی چوون بۆ مۆسکۆ دەبێ ئەنجام بدرێن، دەڵێ: «هێندێک جار کۆبوونەوەکان زۆر ئاڵۆز دەبوون، ئێمە گەنجەکان کە زۆر ئاگاداری واقعییەتی پرسەکانی وڵات نەبووین لەو بڕوایەدا بووین کە دەبێ بۆ جارێکی دیکە کوردستانی سوور زیندوو بکەینەوە، بەڵام بەشداربووانی بەتەمەن کە مێژووی کۆچ لە نیشتمانیان هەر لەبیر بوو لەو بڕوایەدا بوون کە وڵاتی ئێمە کوردستانە و دەبێ بۆ ئەو شەڕ بکەین. بەم هۆیە باسەکان ئاڵۆزتر دەبوون، بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە چوون بۆ مۆسکۆ پەسند کرا. یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان کە بە بڕیاری هاوبەش پەسند کرا ئەوە بوو کە: ئەو جارە بە دەستی بەتاڵی لە مۆسکۆ ناگەڕێینەوە. بڕیار درا کە بە میتینگ دەست بە چالاکی بکەن و تا پەیدا کردنی ڕێگەچارەیەک، چالاکییەکانیان درێژە پێ بدەن.



Map 28a. "Red Kurdistan" and Administrative Divisions of South-Central Caucasus.
Map 28b. "Red Kurdistan" or the Kurdish Autonomous Province of Azerbaijan SSR: 1923-1929

سەرچاوە: گۆڤاری رۆژەف، ژمارەکانی ١١، ١٢، ١٣_ بەهار، هاوین و پاییزی ١٣٨٨

# کۆمەڵگەی مەدەنی، پردی پێوەندیی نێوان دەوڵەت و میللەت

ئەفشین ئیبراهیمیان

بەشی دووهەم کۆتایی

و: تەها رەحیمی

٣- چاوەدێری: ئەو خەڵکەی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، لە بەڕیوەبەر و کارگێریدا بەشدارن دەتوانن چاوەدێری قانوونی حکوومەت و دەوڵەت بکەن، چاوەدێرییەک کە لە قانووندا هاتوە. لەم بوارەدا نابێ رۆڵی بانئاسایی راگەیەنەکان و ئەنجومەنەکان پشت گوێ بخرێن، چونکی چوارەمینی بنەمای دێموکراسی راگەیەنەکان و مێدیاکانن. راگەیەنەکان دەتوانن چاوەدێریی دەوڵەت بکەن و خەڵک لە کاروباری وڵات ئاگادار بکەنەوە، بەڵام دەوڵەتیش دەبێ هێندێک هێڵی سوور بۆ راگەیەنەکان دابنێ چونکی لەم نێوەدا هێندێک لە مێدیاکان بەداخەوە لەم چاوەدێرییە کەڵکی خراپ وەردەگرن و هەواڵی هەڵە و نادروست بە خەڵکی دەدەنەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی نانەوەی کێشە لە نێوان خەڵک و دەوڵەتدا. تەنانەت کەسێکی وەک «ئەفلاتوون» لەگەڵ ئەوەیە هێندێک هەوڵ کە دەبنە هۆی کێشە و لێکترازانی یەکگرتوویی کۆمەڵگە، سانسۆر بکرێن و لەسەر ئەم بڕوایەیە کە دەوڵەت دەبێ چاوەدێریی مێدیاکان بکا تا کەڵکئاژۆیی نەکەن.

٤- کۆنتاکتی بیروڕاکان: یەکێک لە بنەماکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆنتاکتی ئازادانەی بیروڕا، هرز و بیرو بۆچوونەکانە. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئەسڵ دیالۆگە نە مۆنۆلۆگ. واتە کەس ناتوانێ را و بیرو بۆچوونەکانی خۆی بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنێ و بە واقعییەتی دانێ. کۆنتاکتی بیروڕاکان خێر نییە دەوڵەت بە خەڵکی بکا، بەڵکوو بەشێکە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ. چونکی مرۆڤ ئازاد ئافرێندراوە و دەبێ ئازادانە بیر بکاتەوە. راستە خێری دەوڵەت نییە بەڵام ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە بوار و دەرفەتێک برەخسێنێ کە خەڵک لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بتوانن بیروبۆچوونە جیاواز و دژ بە یەکەکانی خۆیان دەربڕن، واتە دیالۆگیان هەبێ و هیچ مەترسی و هەڕەشەیەکیان لەسەر نەبێ.

**کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران:** ئەگەرچی ئەم دەستەواژەیە لە رابردووی ئێراندا دەبینری بەڵام واتای راستەقینەی دەگەڕێتەوە بۆ دوویەمی جۆزەردانی ١٣٧٦. سەید محەممەد خاتەمی لە تئۆریی دیالۆگی شارستانییەتەکاندا لەسەر کۆمەڵگە دەڵێ: «ئێمە لە ڕێگەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەسەڵاتی دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکەین». هەروەها بەمجۆرە ناوی توخمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەهێنێ: بەشداری و گشتگیر بوونی خەڵک.

قانوونمەندی و سنووردارییەکانی دەوڵەت، وەلامدەربوونی هەموو کەسانی خاوەن پێگە لە بەرانبەر خەڵک و قانوون و لە هەمووی گرنگتر ئازادی دایە. بەداخەوە راستییەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەردەمی خاتەمیدا تەنیا ئامرازێک بوو بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵک.

لە ئێران دوو پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی هەیە: ١- کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگەیەکە قانوونی و لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتیی روون و پارێزەری مافی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، دابەشینی سامان و دەسەڵات لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگە دامەزراوە. کە ئەم پێناسەیە زیاتر لە یۆتۆپیای ئەفلاتوون نزیکترە تا واقعییەتی کۆمەڵگەی ئێران. بەڵام دوویەمین پێناسەی ئەم واژەیە لە کۆمەڵگە نزیکتر و بەلای زۆربەی کارناسانەوە پەسندە. ئەمەش پێناسەکەیەتی: «کۆمەڵگەی مەدەنی بە فەزای نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دەزانن کە بیاڤێکە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە دوور لە هێزی سەربازیی دەوڵەت» واتە «کۆمەڵگەی مەدەنی مەیدانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و دەوڵەت گۆڕەپانی دەسەڵاتیی سیاسییە». دیارە پێناسەی دوویەم لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران هاوئاهەنگ و گونجاوترە. بەڵام پرسیارەکە لێرە دایە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران پێک نایە؟ وڵامی ئەم پرسیارە چەندین هۆکار



هەڵدەگرێ کە گرینگترین هۆکارەکانی پێک نەهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێراندا بەمشێوەیەی خوارەوەن:

١- (منسوخیت) مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی: لەڕاستیدا کۆمەڵگەی مەدەنی پرۆژەیەکە کە زیاتر لە ٧٠ ساڵی لە ئورووپا بەسەردا تێدەپەڕێ و تا ئەوکاتەی سەردەمی مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاخێزگەی خۆیەوە تێپەڕ نەبێ ناتوانێ بگوازرێتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی بە شێوەی فەرمی و بە گشتی ئاشنا بە کلتووری رۆژئاوا نین. واتا کۆمەڵگەی مەدەنی نزیک بە سەدەیەکە بە تەواوی نەماوە و لە ئاکامدا دەرفەتی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ وڵاتێکی وەک ئێران کە هێشتا لە قۆناغی پەڕینەوە لە کۆمەڵگە نەریتی بەرەو مۆدێرن و ژانی لە دایک بوونی مۆدێرنێتە دایە، نارەخسێ.

٢- نەبوونی سەرمایەدارییەکی نەتەوەیی تایبەتیی بەهێزی پیشەیی: بە گوێرەی ئامار و داتاکان زیاتر لە ٧٠ لەسەدی ئابووریی ئێران دەوڵەتییە، کە بنەما و بناخەکەی ئەم ئابوورییە دەوڵەتییە ئاکامەکەی تەنیا بەرهەمی نەوتە. کە لە لایەکی دیکەوە بنەما و بناخەی کۆمەڵگەی مەدەنی ئابووریی کەرتی تایبەتە. کەواتە ئەو وڵاتەی کە ئابوورییەکەی دەوڵەتییە ، دەبێ بڵێین بەداخەوە پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی تێیدا دوورەدەستە.

٣- سێیەمین هۆکار: کۆمەڵگەی مەدەنی بە تەواوی ئاوێنەی باڵانوێنی فەرهەنگی لیبراڵییە و لە بنەڕەتدا لەسەر سەرچەشنی لیبراڵی پێوەندیی و بۆنەکانی مرۆڤ دامەزراوە کە راست دژایەتیی تەواوی لەگەڵ سەرچەشنی رەفتار و فەرهەنگی نەریتیی ئێران هەیە. سەرەڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکان لەپێناو وەبرەو خستنی فەرهەنگی بەکەڵک و کاریگەری رۆژئاوا لە ئێران، هێشتاش ئەوە فەرهەنگی ئایینییە کە لە کۆمەڵگەدا بەرمێنە و ئەگەری گەیشتن بە کۆمەڵگەی مەدەنی دوورەدەست کردوە.

٤- چوارەمین هۆکار رووکەشیانە و تەقلیدی بوونی مۆدێرنیتە لە ئێران دایە: لە ئێراندا مۆدێرنیتە لە سەرەتای سەرهەڵدان و دەرکەوتنییەوە، بەرهەمی سیاسەتە کۆلۆنیالیستانەی بریتانیا و رێکخستنە فراماسۆنێری و رووناکبیر و دەسەڵات بەدەستانی ناسەربەخۆی بە رواڵەتنوێخواز و رووناکبیر بووە. قەت هیچ جۆرە دیالۆگ و پێوەندییەک لە نێوان (خواص) و رووناکبیران لە هیچ قۆناخێکدا پێک نەهاتووە.

ئەگەرچی لەم چەند ساڵەی رابردوودا، رووناکبیران ویستیان کۆمەڵگەی مەدەنی بە توێژی لاوان بناسێنن بەڵام بەم هۆی ئەوەی کە بە تەواوی لاسایی رۆژئاوایان دەکردەوە و نەریتەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیان لەبەرچاو نەگرت، تووشی شکست هات. لەڕاستیدا پێش مەرجی کۆمەڵگەی مەدەنی، مۆدێرنیزە کردنی کۆمەڵگەیەکە و ئەگەر ئەم پرەنسیپە لەبەر چاو نەگیرێ، کۆمەڵگەی مەدەنی پێک نایە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەتە بە سەدەی ١٩_١٨ی ئورووپا و راست لەگەڵ لاق گرتنی لیبراڵیزم گەشە دەستێنێ و لەگەڵ دابەزین و قەیرانی لیبراڵیزم و سیستمە لیبراڵە کاپیتالیستەکان لە سەدەی بیست دا، بەرە بەرە سنوورەکانی خۆی لەدەست دەدا و لە بیر دەکرێ. کۆمەڵگەی مەدەنی نموونەی دەسەڵاتێک کە لە ناخی چەرخی رووناکبیریی رۆژئاواوە بەدی هاتوە، کۆمەڵگەی مەدەنی ئاکامی سروشتیی رەوتی هزری و ژینی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی بووژانەوە و تەنانەت بەر لەویش تا سەدەی ١٩_ ١٨ بووە و بە ویست و داخوازی تاکەکان و راگەیەنراو و بەیاننامە پێک نایە و ئەزموونێکی تاڵی لە نادادپەروەری و کاولکاریی و شەڕ و شووڕ و دەمارگرژی نەتەوەیی و ئایینی لە خۆی بەجێ هێشتوە. دوو شەڕی جیهانی ئاکامی دەسەڵاتدارێتیی دووسەد ساڵەی کۆمەڵگەی مەدەنییە.

# «زیارەتی ماچ»

**«زیارەتی ماچ» گوڵبژێرێکە لە غەزەلەکانی شاعیر ڕەسووڵ سوڵتانی، کە بەم دواییانە چاپ و بڵاو بۆوە. «ڕەسووڵ سوڵتانی» بۆ خوێنەرانی «ئەدەب و هونەر»ی «کوردستان» و بۆ ئۆگرانی شێعر و ئەدەبی ئەمڕۆی کوردی ناوێکی ناسراوە. «زیارەتی ماچ»ی ئەم شاعیرە بە نووسینێکی کورتی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەست پێ دەکا:**

### لەسەر ئەم دیوانە شێعرە

لە زۆر بۆنەی جۆراوجۆردا دەمدی کە خاوەنی ئەو دیوانە شێعرە بە چوارینەیەک یا کورتە غەزەلێک کۆڕەکە دەهەژێنێ و هەستی هەستناسکان دەبزوێنێ. ئەمە هانی دام لێی بپرسم داخوا دیوانی چاپکراو یان ئامادەی چاپی هەیە یان نا! لە وەڵامم دا بە تەوازوعەوە گوتی: شتی وام نیە رووی مەجلیسیان هەبێ و بۆیە دیوانی شێعرم نە چاپ کردوەو نە ئامادەی چاپ. بەڵام ئەمن کە بۆخۆم چێژم لە شێعرەکانی و شێعر خوێندنەوەی جوانی وەرگرتبوو لە کۆڵی نەبوومەوە و داوام لێ کرد دەفتەری شێعرەکانیم وێدا بیان خوێنمەوە.

لە خوێندنەوەی دەفتەرەکەی تێگەیشتم تەوازوعەکەی لە جێی خۆی دا نیە و بەراستی گەنجینەیەکی کەم و پوختی لە بیری جوان و تەعبیری ڕەوان خڕکردۆتەوە کە بە خەسارم زانی نەکەوێتە بەر چرایە و خوێنەری کورد لێی بێ بەش بێ. بە خۆشییەوە بێدڵیی نەکردم و دیوانەکەی بۆ چاپ ئامادە کرد.

ئێستا ئەوە دیوانی (سەمای عیشقێکی شیرن) ی شاعیری لاو کاک ڕەسووڵ سوڵتانی لەبەردەستی خوێنەرانی کورد دایە. پێم باشە هەر کەس بۆخۆی وردەکاری یان باشتر بڵێم شیرنکارییە شاعیرانەکانی ئەم دیوانە بدۆزێتەوە، هەڵیان سەنگێنێ و حوکمیان لەسەر بدا. هەر بۆیە و لەبەر ئەوەش کە زۆری لێ نازانم نامەوێ لێیان بدوێم و تازەیی بیرو بابەتەکە لە خوێنەری ئەم دیوانە بستێنم. هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەرچەند شێوازی کاک ڕەسووڵ لە شێعردا زۆرتر کلاسیکە، دنیایەک لە هەستی ناسک و دەربڕینی داهێنەرانەی پێیە کەوا بزانم سەرنجی هەموو شێعرناسان و شێعردۆستان بۆلای خۆی رادەکێشێ.

هیوادارم لێم قەبووڵ بکا کە بڵێم ئەم دیوانە کەم و کورتیی خۆشی هەیە. بۆ وێنە بوارێکی تایبەتی بەسەری دا زاڵە و جێگای هێندێ بواری دیکەی کەم یان زۆر تێدا بەتاڵە، کە نامەوێ بچمە نێو وردەکارییەکانەوە. بەڵام شاعیری ئێمە رۆژگارێکی دوورودرێژی بۆ پێشکەوتن و پێگەیشتن لە پێش دایە. بەو توانایەشەوە کە پێیەوە شک دەبەم هیوادار و تەنانەت دڵنیاشم کە لە دوارۆژێکی نیزیک دا جێگای شیاوی خۆی لە نێوی کۆڕی شاعیرانی ریزی پێشەوەدا بکاتەوەو کەلێن و کەلەبەرەکانیش پڕ بکاتەوە. نابێ پەلەی لێ بکەین. شاعیری بەراستی شێعر بە خۆی نالێ، شێعر خۆی پێ دەڵێ.

سەرکەوتنی لە ژیانی تایبەتی و ئەدەبی و خەباتگێڕانەدا بە ئاوات دەخوازم.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە




## چاوەڕوانی

گەر بزانم چاوەکەت بۆ کوشتنم پێشەنگ ئەبێ
پێکەنینیشم لەگەڵ نۆتەی ژیان هاودەنگ ئەبێ

گرژ و مۆنیش بێ ئەگەر روخساری نارێکی ژیان
یەک شنەی ئەشقی بەسەردا بێنی شۆخ و شەنگ ئەبێ

گەر هەموو جوانیی زەوی تێکەڵ بە مۆسیقا بکەن
جا لەگەڵ تۆزی بەری پێڵاوەکەت هاوسەنگ ئەبێ

چاوەکانیشم بەخیلیان دێ بە یەک بۆ دیتنت
هەر کەسێ تۆی خۆش بوێ، وەک ئێمە بەرچاوتەنگ
ئەبێ

خاڵی لێوت قافیەی شێعری خودایە و من دەڵێم
بێت و داپۆشی لە دنیا وەزنی عالەم لەنگ ئەبێ

با کەژ و کێوان بە ناڵەم نەبنە ئاو خێرا وەرە
چون لە ئامێزی ئەوینا ئەو دڵەم بێدەنگ ئەبێ

هەر نەهاتی تا ڕەدیفی شێعرەکەم شێوا کەچی
شێتە دڵ هەر چاوەڕێیە و پێم دەڵێ نا ڕەنگە بێ

ڕەسووڵ سوڵتانی

---

# خالید دلێر،شاعیر و ئاوازدانەری بە هەڵوێستی کورد



لەو خەسارە بەرهەست و شوێندانەرانەی کە لەم ماوەیەی دوایی دا بەرۆکی کۆمەڵگای کوردیی گرتەوە و تەمێکی پڕ لە پەژارە و ماتەمی ساردی بەسەر ئەم نیشتمانە زامدارەدا کێشا، کۆچی دوایی ئەدیب و هونەرمەند و پێشمەرگەی دێرینی وڵاتی کوردەواری، خالید دڵێر،ی نەبەز بوو. خالید دڵێر کوڕی عەبدولواحید ئەحمەدی مەلا سلێمان، لە ١٩٣٣/٨/٢٠ لە نێو خێزانێکی رۆشنبیر و نیشتمان بەروەری شاری کۆیەدا چاوی بە دنیا هەڵێنا. لە حوجرەی مەلا سابیری سورقالوشانی و مەلای رەش لە کۆیە قورئانی خەتم کرد و سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەم شارە و ئامادەیی لە بەغدا و کەرکوک بە سەرکەوتوویی تەواو کرد. سەرەڕای ئەوەی کە لە زانکۆی «لۆمۆمبا»ی مۆسکۆ وەردەگیرێ کەچی بە داخەوە بە هۆی گیران لە لایەن حکوومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدا و ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێ. هەر لە سەرەتای لاوەتییەوە بیر و ئەندێشەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لە ناخی دا چەکەرە دەکا و دەچێتە نێو دنیای سیاسەت و پێوەندی بە ڕیزەکانی پڕ لە شانازیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەگرێ. خالید دلێری شاعیر و ئەدیب تەنانەت لە بوارەکانی هونەریشدا دەستێکی باڵای بووە و وەک شاعیر، نووسەر، موزیکژەن، گۆرانی بێژ، ئاوازدانەر و سروودبێژێکی لێهاتوو رۆلی بەرچاوی گێراوە و ٢٠ کتێبی بەنرخی لە بوارەکانی شێعر و چیرۆک و سیاسەت دا پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردوە. ئەو نووسەرە بە هەڵوێست و ئەو پێشمەرگە هونەرمەندە بە داخەوە لە ٢٠١١/١٢/١٦ لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و لە زێدی باوباپیرانی لە شاری کۆیە و لە ڕێورەسمێکی پڕشکۆدا بۆ هەمیشەی مێژوو تێکەڵ بە خاکی نیشتمان بۆوە. بەڵام یاد و شێعر و ئاوازەکانی خالید دلێر تاهەتایە لە نێو دڵی هەموو کوردێکی بەشەڕەفدا هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

## بۆ دوژمنی گەوج

چۆن لە ڕێگەی سەندنی مافی گەلی کورد لائەدەم؟
چۆن بەڕە بە خوێنی سووری رۆڵەکانی دائەدەم؟

قەت ئەمانە ئیشی من نین من هەمیشە تا ئەژیم
دەرسی هەڵمەت، تۆڵەسەندن، بۆ نەوەی کورد دائەدەم

گەوجە! تازە کورد بە هیچ کەس نافرۆشرێ و ناکڕێ
چۆن منیش وەک تۆی گەوج خەنجەر لە فەردەی کا ئەدەم

نەمری، یا خود بەختیاری، هەر بەشی تێکۆشەرە
بۆیە وا پشتم بە هێزی میللەت و بڕوا ئەدەم

یا هەڤاڵان چەپکەگوڵ دێنن لەبۆ سەر گۆڕەکەم
یا خۆ توند باوەش لە بووکە جوانەکەی ئاڵا ئەدەم

من سڵاوێکی هەژار و رووتەیەکم دەست کەوێ
سەد دراوی تۆ کورسیی تۆی لە پێناوا ئەدەم

مامۆستا خالید دلێر

---

# «کاتێک شێعر زمانی دەپژێ»

پێنجەمین نامیلکەی شێعریی «سوارە قەڵادزەیی» لەژێر ناوی «کاتێک شێعر زمانی دەپژێ» چاپ و بڵاو بۆوە. ئەم کۆمەڵە شێعرەی «سوارە قەڵادزەیی» بە زۆری ئەو چامە و قەسیدانەی گرتوونە خۆ، کە شاعیر لە ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا هۆندوونییەوە. لەم دیوانەی مامۆستا سوارەدا قەسیدەکانی «جێم مەهێڵە«، «ئێوارێیەک ئاوێتە بوون لە رۆحی فێردەوسیدا»، «بارانی خەونێکی تووڕە»، «بیرم ئاوێتەی رۆحت بووە... خەو بە دیدارتەوە دەبینم...»، دەتێهەڵکە لە شمشاڵی قالەمەڕە»، «خەون»، «سەنگ بارانی دووعا...!! یان تراژیدیای مرۆڤایەتی...؟»، «خەمێکی نوێ» (چەند چوارینە)، «کەرنەڤاڵی لێک دابڕان»، «کاتێک شێعر زمانت دەپژێ»، «هۆ کاکی پێشمەرگە» (بۆ گیانی زیندووی هونەرمەند حەمە جەزا)، «خەیاڵیش ڕەوەندێکە کۆچەری»، «کۆچی ماڵئاوایی شمشاڵێکی سەمفۆنیایی»، «سرتەی خەیاڵێکی تینوو»، «من...دایکی... شەریفزادەم ... هاوڕێیان..؟»، «شارێک هەمیشە زیندووە»، «خەونە باڵقەکانی دیداری عیشق»، «بە




دادگای چاوت بڵێ»، «ئاگری وەرزە بارانێکی خامۆش»، «لە کوێوە دەست پێبکەم»، «شەهید نەورەسێکی باڵ سپییە..!!؟ لەنگەر لەسەر ئاسمانی وێران دەگرێ..!!»، «ژیلەمۆی زامەکانم بە یادکردنەوەتان گڕ دەگرێ»، «بەخێرهاتی»، «دۆێنێ و ئەمڕۆ»، «دیداری سەرەڕێ»، «خەزانی وەرزی شێعر»، «لەگەڵ موتعەی شەوی جەستەیەکدا»، «نیزای عیشق»، «زامی ئەوین»، «پاکانە» و «ئەڤینی عیرفانی».

ئەم کۆمەڵە شێعرە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، لە ٣٤٤ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە

پیرۆزبایی لە مامۆستا سوارە و ئۆگرانی شێعریی ئەو دەکەین.

**«ئەدەب و هونەر»ی «کوردستان»**

---

## هەڵە چێنی

# ڕێنووسی هەڵەچێن

# یان حەوتەوانی ناشارەزا؟

کوردی سەیر و سەمەرە چۆن لە مافی وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەت و مەوڵەت و شتی ئا لەم بابەبەتە بێبەش کراوە، لە بواری زمانی خوێندن و نووسینیشەوە سەرێکی هەیە و هەزار هەودا. سەرەڕای شەڕی دەستەو خەنجەر بۆ سەپاندنی یەکێک لە زاراوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی وەک زمانێکی هاوبەش، وردە زاراوەکانیش جاری وایە لێمان دەبن بە زاراوەی سەرەکی و هێندێک جاریش زاراوەیەک لەنێو دیموکراسیی کاڵ و نەکوڵیوی خۆماندا داوای سەربەخۆیی دەکات و بەتەمایە ئەو گوند و مووچە و مەزرایانەی لە نێوان دوو زاراوەدان بیانکاتە ناوچەی کێشە لەسەر. بۆ ئەوەی لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، دەچینەوە سەر پرسیارەکەی ئەم سەردێڕە کە ئاخۆ ڕێنووسەکەمان هەڵەچێنە یان حەوتەوانەکانمان ناشارەزان؟

بەناشوکری نەبێت، چونکە درەنگتر لە گەلانی دیکە گەیشتینە نیشانەکانی ڕێنووس، شتێکی ئەوتۆمان بۆ نەمایەوە. هەر بۆیە بە دەربڕینی هێندێک لەدەنگەکان کە هەر هی خۆمانە و نەتەوەکانی دیکە ئەم دەنگانەیان نییە، ناچار بووین بەقەڵەمبڕی پێشوونانمان هەندێک هێما و نیشانە داتاشین و لە سەر هەندێک پیتکە و میتی دابنێین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەنگە جیاوازانەمانیان پێ دەربڕین.

بۆ هاسانکاری و کەم کردنەوەی زەحمەتی خوێنەری کورد، هێمای چوکڵە یان(٧)ی بچووک کراوە لە سەر هێندێک پیتاندا، بەشێکی زۆری کارەکەی لەکۆڵ کردووینەوە و بە دانانی ئەم هێمایە لە سەر یان لەژێر هێندێک پیتی وەک «ل، و، ی، ر ی» شێوازی دەربڕینی ئەم پیتانە دەگۆڕێت و ناچاریش نابین بۆ هەموو دەنگە جیاوازەکان پیت وهێمای زۆر جیاواز دەکار بکەین.

دەکرێت ناوی «حەوتەوان» لەسەر ئەم کەسانە دابنێین کە کاریان ئەوەیە ئەم حەوتە بچووککراونە لەلای پیتێک لادەبەن و دەیخەنە پاڵ پیتێکی دیکەوە. لە ڕێگەی قووڵبوونەوە و ڕۆچون بەنێو ئەم بابەتەدا، بۆمان دەردەکەوێت حەوتەوانی چەندە کارێکی گرینگ و هەستیارە. تکایە حەوتەوانییەکە وەک «گۆلکەوانی»، «کارەوانی»، «هەنگەوانی» و «بزنەوانی» لەبەرچاو بگرن نەک وەک «دارەوانی» و «کەژەوانی». دیارە ئەم حەوت و مەوتە جاری وایە کێشەی بچووکمان بۆ دروست دەکات، ئەگینا کوا ڕێنووسی زمانی نەتەوە دراوسێکانی خۆمان وەک کوردی دەتوانن هەموو دەنگێک بنووسن؟ بۆ نموونە نە فارسی و نە عەرەبی ناتوانن بێژی وشەی «یەگبنی پاڤێلۆف»ی روسی بنووسن، کەچی ڕێنووسەکەی ئێمە لەمەش دانامێنێت. بەڵام جاری وایە حەوتەوانیمان بێ هێزە و هەڵەی زۆری تێدەکەوێت و زۆر جار بە هۆی کەمتەرخەمیی حەوتەوانەکانەوە، وشەی «کەڕ»مان لێ دەبێت بە «کەر»، وشەی «دیل»مان لێ دەبێت بە « دێڵ»، وشەی « بڕین»مان لێ دەبێت بە «برین». ئەوانە هەموویان بە جێگەی خۆی، هیوادارم شێعری «ئاشقی بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم/ تەماشاکەن چ سەیرێکە بەدەستی دیلەوە دیلم.» نەبێت بە « ئاشقی بسکی ئالوزێ کچە کوردێکی نەشمیێڵم؟ تەماشاکەن چ سەیرێکە بە دەستی دێڵەوە دێڵم.»

لە کۆتاییدا رووەو بوداغسوڵتان داوای لێبووردن لە مامۆستا هێمن دەکەم.

**مستەفا شێخە**

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 576    4 feb 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv    Hotbird:6  MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


پەیامی هاوخەمیی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## بۆ کۆڕی یادکردنەوەی شاعیر و ئاوازدانەر ماموستای نەمر خالید دلێر



**بنەماڵەی بەرێزی نەمر ماموستا خالید دلێر! بەشدارانی کۆڕی یادکردنەوەی تێکۆشەری گەورە و شاعیری بە هەڵوێست ماموستا خالید دلێر!**

بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە و سەرجەم تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،لە هەرێمی کوردستان و ولاتانی جۆراوجۆری جیهان، جاریکی دیکە بەداخبوونی خۆمان بۆ کۆچی دوایی ئەو ڕۆڵە بە نرخەی نەتەوەکەمان ڕادەگەیەنینەوە و هاوخەمیی خۆمان لەگەڵ ئیوە و هەموو ئۆگرانی شێعر و سروود و ئاوازە نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەکانی ماموستای کۆچکردوو، دووپات دەکەینەوە.

لە ڕاستیدا، ماموستا خالید دلێر، لەمێژ ساڵ بوو، هەر هی بنەماڵەکەی و هەر هی شارەکەی، شاری کۆیەی خۆشەویست نەبوو. تەنانەت هەر هی ئەم پارچەیەی کوردستان نەبوو. ئەو لە سایەی شێعر و سروودی حەماسی و بەرەنگاری و لە سایەی هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیەوە ببوو بە مولکی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و خەباتکارانی ئەو نەتەوەیە، لە بەندیخانەکانی داگیرکەران، لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و لەکۆڕی بوارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان دا، لە سروود و هۆنراوە و هەڵوێستی ماموستا خالید دلێر ئیلهامیان وەردەگرت و گیانی بەرخۆدان و ڕاوەستان و بە گژداچوونەوەی ستەم و زۆرداریيان لە خۆيان دا پێ بە هێز دەکرد. لە ریزی تیکۆشەرانی دیموکرات دا زۆرن ئەوانەی شانازی دەکەن کە کۆمەلە شێعرەکانی خالید دلێر و سروود و ئاوازەکانی ئەو ماموستا بە نرخە، هاندەریان بووە بۆ هاتنە نێو کۆڕی تێکۆشان.

ئێمە لە کاتێکدا، سوپاسی پێکهێنەرانی ئەم کۆڕیادە دەکەین، بە رێز و پێزانینەوە یادی خزمەتە زۆرەکانی ماموستا خالید دلێر بە ئەدەبی بەرەنگاریی نەتەوەکەمان دەکەینەوە. بە نۆرەی خۆمان دڵنیاشی دەکەینەوە کە ناو و یادی، وەک هۆنراوە و سروودە نیشتمانی و حەماسییەکانی تا ئەو کاتەی بەشی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی رزگاردەبێ، وێردی سەرزار و هاندەرمان بۆ خۆراگری و کۆڵنەدان دەبێ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**ناوەندی راگەیاندن**
**٧ی ڕێبەندانی١٣٩٠**
**٢٧ ی ژانویەی ٢٠١٢**

## پێشگرتن لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی بیرەوەریی ماموستا محەممەد نووری لە بۆکان



کاربەدەستانی ڕێژیم لە ناوچەی بۆکان پێشیان بە بەرێوەچوونی کۆڕیادی ڕێزنان لە ماموستای کۆچکردوو، ماموستا محەممەد نووری ناسراو بە عەتری گلۆلانی گرت.

بە پێی ڕاپۆرتەکان ڕۆژی هەینی ٧ ی ڕێبەندان بریار بوو کۆڕێکی ئەدەبی بۆ ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەریی شاعیری ناودار ماموستا محەممەدی نووری (عەتری گلۆلانی ) لە ئاوایی گلۆلانی خوارێ بەرێوە بچێ، بەڵام لە ژێر فشاری بەرپرسانی دەوڵەتی بە تایبەت بە بریاری فەرمانداری شاری بۆکان ئەو کۆڕیادە هەڵوەشایەوە.

شایانی باسە بەرێوەبەرانی ئەو کۆڕیادە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیان بانگهێشتی ئەم کۆڕیادە کردبوو، کە بەشێکی زۆریان کە هەواڵی هەڵوەشانەوەی ئەو کۆڕیادەیان پێ نەگەیبوو، چووبوونە گلۆلان و بە نائومێدی گەڕانەوە.

## فاتمە موعتەمدئاریا خەڵاتی «لانگ لۆوا»ی وەرگرت



فاتمە موعتەمدئاریا ئەکتەری سینەمای ئێران، شەوی دووشەممە لە پاریس خەڵاتی جیهانیی «هانری لانگ لۆوا»ی فەڕانسەی وەرگرت.

ئەو خەڵاتە هەموو ساڵێک بە هۆی هەوڵدان لە بواری پێشکەوتنی کاری سینەما، بایەخە فەرهەنگییەکانی پیشەی ئەکتەری و بەڵێن و پاراستنی ڕێزی ڕۆحیی هونەری سینەما بە هونەرمەندێکی بواری کاری ئەکتەری دەدرێ.

خانمی موعتەمدئاریا دوای وەرگرتنی خەڵاتەکەی گوتی: هەموومان ئەمشەو بە هۆکارێکی هاوبەش لە لای یەکین. بێ ئەوەی بیر بکەینەوە بە چ زمانێک قسە دەکەین و لە کامە وڵات دەژین و لە کوێی ئەم جیهانەوە هاتووینەتە ئێرە. بێ ئەوەی کە بڵێین سیاسییەکان چ شتێک لە نێوان خۆیاندا دێنن و دەبەن.

خانمی موعتەمدئاریا نزیکەی چوار مانگ لەمەوبەریش خەڵاتی باشترین ئەکتەریی ژنی لە فستیڤاڵی مۆنترال کانادا وەرگرت. ئەو خەڵاتە بە هۆی بەشداریی ناوبراو لە فیلمی « ئێرە بە بێ من» پێشکەشی ئەو ئەکتەرە ژنە کراوە.

شایانی باسە لە کاتێکدا هونەرمەندانی سینەمای ئێران خەلات گەلێکی نێودەوڵەتی وەک «گولدێن گلووپ» و خەڵاتی جیهانیی « هانری لانگ لۆوا» وەردەگرن، کە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لە یەک مانگی رابردوودا ماڵی سینەمای ئێرانی بە زیاتر لە ٥٠٠٠ ئەندامەوە هەڵوەشاندۆتەوە.

## ٢٣١٧ منداڵی کورد لە گرتووخانەکانی تورکیا دان



بەڕێوەبەرایەتیی بەشی گرتووخانەکان لە وەزارەتی دادی تورکیا ئاشکرای کرد ٢ هەزار و ٣١٧ منداڵی کورد لە زیندانەکانی تورکیا دان، چەند ڕۆژێکیشە ١٧ منداڵی کورد لە گرتووخانەی شاری مێرسین مانیان لە خواردن گرتوە.

بەڕێوەبەرایەتیی بەشی گرتووخانەکانی وەزارەتی دادی تورکیا، لە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانی پارتی ئاشتی و دێموکراسیBDP ئاشکرای کرد ئێستا ٢٣١٧ منداڵ و مێرمنداڵ لە گرتووخانەکانی تورکیا دان. بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ زۆربەی ئەو منداڵانە کە کوردن لە کاتی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان دەستگیر کراون،

لە لایەکی دیکەوە ١٧ منداڵی کورد، لە گرتووخانەی مێرسین و بە مەبەستی نیشاندانی ناڕەزایەتیان بەرانبەر بە گیران و ڕەوشی ناڵەباری گرتووخانە، حەوتوویەکە مانیان لە خواردن گرتوە.

بەپێی زانیارییەکان زۆربەی ئەو منداڵانەی ڕاپێچی زیندان کراون، بە پێی قانوونی دژە تیرۆر دەستگیر کراون و بەم هۆیەشەوە سزای قورسیان بەسەردا دەسەپێندرێ.

دۆسیەی ئەو منداڵانە لە دادگاو میدیای تورک بە دۆزی «منداڵە بەردهاوێژەکان» ناوی دەکردوە. کۆمەڵێک لە چالاکوانانی مەدەنی و پارێزەری مافی منداڵان و مافەکانی مرۆڤ، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوەیان بە مەبەستی پشتیوانی کردن لەو ١٧ منداڵە مانگرتووەی گرتووخانەی مێرسین ڕاگەیاندوە.

## وەرگیرانی کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەندامەتیی ئەنجومەنی قەڵەمی نۆروێژ





کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەندامەتیی ئەنجومەنی قەڵەمی نۆروێژ وەرگیرا.

ئەنجومەنی قەلەمی نۆروێژ بەشێک لە ئەنجومەنی قەڵەمی جیهانی و یەکێکە لەو ڕێکخراوانەیە کە لە وڵاتانی ئوروپایی، بەتایبەتی لە وڵاتانی سکاندیناوی چالاکە.

ناسر قادرپوور، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ماوەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی نۆروێژ دەژی و لەو ماوەیەدا توانیویەتی خوێندن لە زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی ئۆسلۆ تەواو بکا، لەو ماوەیەشدا بە ئەندامی ئەنجومەنی قەڵەمی نۆروێژ وەرگیرا.





ئیمامی کارتۆنی (مقوا)یی

بەر لە ماڵاوایی

## گاندی، شەهیدی ڕێگای حەقیقەت

**وریا رەحمانی**

«خەباتکار پێویستە بەردەوام خەریکی خەبات بێ، ئەگینا لە راوەستاندا بە ناچار لەگەڵ خۆیدا دەرگیر دەبێ» فرێدریش ویلهۆڵم نیچە

ڕۆژی ٣٠ی ژانویە ڕێکەوتی ٩ی بەفرانبار ساڵوەگەڕی تیرۆری یەکێک لەو گەورەترین و درەوشاوەترین ئەستێرەیانەیە کە تا ئێستا مێژووی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە دیون. مرۆڤێک کە ئینسانییەت و فەلسەفەی وجوودیی بوونی، جارێکی دیکە وەبیر مرۆڤی فەرامۆشکار و لارێ و دوور لە حەقیقەتی دنیا هێنایەوە و بە گوێی کپبووی دا دایەوە. «موهندراس کارمچاند گاندی» کە لە رووی خۆشەویستییەوە لە لای خەڵکی هێندوستان و تەنانەت زۆربەی هەرەزۆری دنیاش بە «مهاتما گاندی» بە ناوبانگە، لەدایکبووی ٢ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٨٦٩ی زایینی یە و لە ٣٠ی ژانویەی ١٩٤٨ لە کاتێکدا کە لە نێو ئاپۆڕای بەرینی جەماوەری لایەنگرانی دا بە نیازی بەجێ گەیاندنی ئەرکی ئایینی لەرێی مەعبەد دا بوو، لە لایەن شۆڤێنیستێکی توند ئاژۆی هێندووییەوە وەبەر ڕەهێڵەی ئاگر کەوت و شەهید بوو. ڕاستە گاندی خەڵکی هێندوستان بوو بەڵام بازنەی کاریگەریی بیر و ئەندێشەکانی ئەو گەورەپیاوەی ڕێگای ڕزگاری و ئازادیی مرۆڤ بە شێوەیەکی هاشاهەڵنەگر سنوورە دەستکردەکانی مەکانیی تێک شکاندبوو، و نەتەنیا شوێن بە شوێنی دنیای تەنیبۆوە بەڵکوو لە بواری زەمانییشەوە تەنانەت پاش تێپەربوونی زیاتر لە ٦٠ ساڵ بە سەر نەمانیدا هێشتاش لە بەڵێندەرانەترین خۆرەتاوەکانی رووناکی دوارۆژە.

فرێدریش نیچە دەڵێ: «داهاتوو رووناکە و داهاتووش هی ئەوکەسانەیە کە بەرەوپیری دەچن». پێم وایە بەلارێدا نەچووین کە ئەگەر بڵێین گاندی ئاوێنەی باڵا نوێنی ئەوجۆرە مرۆڤە باڵایانە بوو کە نیچە باسی لێ دەکرد. گاندی روانگەیەکی خۆشبینانە و رووەوپێشی حەقیقەتدۆزانەی بەردەوامی لە رەوتی بەرەو داهاتووی حەرەکەتی مرۆڤ لە پێناوی رزگاری و ئازادی دا هەبوو. گاندی دیدێکی یەکجار مرۆڤانەی بۆ چەمکەکانی ژیان و خەبات لە پێناوی گەیشتن بە کەڵکەڵە و بایەخە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتیدا هەبوو. بە واتایەکی دیکە پانتایی بیرو ئەندیشەکانی ئەو تەنیا لە چوارچێوەی خەڵک و وڵاتەکەی و سەردەمی خۆی نەمایەوە و بە شێوەیەکی راشکاوانە تەواوی مرۆڤایەتی بە جۆرێک جاودانەیی دەگرێتەوە. کەچی بە داخەوە دەرکی ئەو باوەڕە مەزنانە بۆ مرۆڤە بچووکەکان زۆر سادە نییە و لەبەر ئەوەی وەک رێبەرێکی لێهاتوو دانی بە مافە رەواکانی خەڵکی غەیرە هێندیی بەتایبەت موسوڵمانەکانی هێند دانا و مافی چارەنووسی بۆ خەڵکی پاکستان بە رەوا دەزانی، لە لایەن یەکێک لە رۆشنبیرە شۆڤێنیستەکانی هێندییەوە تیرۆر کرا. گاندی لەو بیرمەندە رووناکبیرە هەڵکەوتوویانەی مێژوویە کە بە هەستێکی قووڵی بەرپرسیارانەوە سەیری سیاسەتی دەکرد و وەک زانست و میتۆدی بەرێوەبەرایەتی و دانوستانی نێوان مرۆڤ و نەتەوە جیاوازەکان بایەخێکی زۆری پێ دەدا. گاندی بیرمەندێکی پراگماتیست و دەرووەست بوو. هەر بەو پێیەش سیاسەتی دەکرد و دەیکوت سکەی سیاسەتیش وەکوو زۆربەی چەمکەکانی تر ئەگەر بە گیانێکی بەرپرسیارانەوە لە رووی ئەخلاقی ئینسانییەوە تەعامولی لەگەڵ نەکرێ بەجێی ئەوەی لە پێناوی بەرژەوەندیی مرۆڤدا کەڵکی لێ وەربگیرێ ئاقارێکی پێچەوانە پەیدا دەکا و لە راستای چەوساندنەوە و بەلارێ بردنی مرۆڤدا بەکار دێ.

گاندی پێی وابوو کە مرۆڤ دەبێ دەرکێکی گونجاو و دروستی لە خۆی و بوون و ژیان و دوارۆژی هەبێ و لەم راستایەشدا ئەگەر پێویست بێ بە شێوەیەکی کۆڵنەدەرانە و بەتێگەیشتنەوە لە پێناو رۆحی حەقیقەتدا خەباتیشی بۆ بکا. رەنگە یەکێک لەو گرینگترین چەمکانەی کە زیاترین ماندوو بوونی پێوە بوو، و بۆ دەستەبەر کردنی پێناسە و دووره دیمەنێکی هەرچی گونجاوانەتر لێی زەحمەتێکی زۆری کێشاوە، حەقیقەت بوو. حەقیقەت و رۆحی حەقیقەت چەمکێکی کلیلی و یەکلا کەرەوانەی بێ ئەملاولای ئەندیشەکانی گاندی یە و بەشێکی زۆر و بەرچاوی هزر و فەلسەفەی گاندیی بە خۆیەوە تەرخان کردوە و لەم سۆنگەیەشەوە سەیری ماف و بایەخە ئینسانییەکانی دەکرد. گاندی بەهۆی ئەو روانگە تاک بۆ گشت و دەروون بۆ دەرییەی هەیبوو، هەرگیز بۆ ماف لە دەرەوەی تاک یان کۆمەڵدا نەدەگەڕاو پێی وابوو ماف نە دەستێندرێ و نە دەدرێ. چون لە هەر دووی ئەم جۆرانەدا مەشرووعییەتی مافەکە دەچێتە لای بەرامبەرێک کە سەلاحییەتی ئەوەی نیە کە چ مافت پێ ببەخشێ و چ مافیشت لێ بستێنێ. لە هزر و فەلسەفەی گاندی دا مافی هەرکەس یان کۆمەڵێک بە حوکمی بوون لە مەوجوودییەتی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ و لایەنی دەرەکی و بەرامبەر لە خراپترین حاڵەتی خۆیدا تەنیا دەتوانن دانی پێدا بنێن یان رەچاوی نەکەن و پێشێلی بکەن.

میتۆدی خەباتی گاندی بە ناوی «ساتیاگراها» ناوبانگێکی جیهانیی پەیدا کرد و ریشەی لە باوەڕە فەلسەفییە ئایینیەکانی هێندوییزمی کۆندا هەیە و لە شێوەی نا توندوتیژی دا گەشەی کرد، کە شێوازی جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێ. بە پێچەوانەی زۆرێک لەم کەسانەی کە تەنیا دەرئەنجامێکی ریفورمیستی یان تەمبێیانەی دیاریکراو لە رەوتی خەباتی مەدەنیی ناتوندوتیژانەی جەماوەریدا دەبینن، ئەزموونی ئەم مۆدێلەی خەبات لە وڵاتانێکی وەک هێندوستان و ئافریقای باشوور و ئەو دواییانەی میسر و توونێسیشدا بە روونی دەریخستووە کە تەنانەت زەرفییەتێکی بە کردەوە و بە هێزی گۆڕانیشی لە دەروونی خۆیدا هەیە.

گاندی دەڵێ: «گرینگ ئەوە نیە رێبازێک دەست پێ بکەین کە هەرچی زووتر بە ئامانجمان بگەیەنێ بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە پێ بنێینە رێبازێکی دروستەوە. کە ئەوە خود دڵنیایی هەرچی زیاتری گەیشتن بە ئامانجمان پێ دەبەخشێ. ئێمە نابێ تەنیا بیر لەوە بکەینەوە چیمان ناوێ، بەڵکوو دەبێ بیریش لەوە بکەینەوە چیمان دەوێ. ئەوەش خود گرینگیی هەرچی زیاتری چییەتی و چۆنیەتیی هەڵبژاردنی رێبارەکانمان بۆ دەردەخا و ئیجازەمان پێ نادا لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆمان و گەیشتن بە ئامانج دا لە هەر ئامراز و کەرەستەیەک کەڵک وەرگرین. ئەندیشە و رێباز و کردەوەکانی ئەمرۆمان داهاتوومان دروست دەکەن. مرۆڤ ناتوانێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ئینسانی لە ئامراز و کەرەستەی نامرۆڤانە کەڵک وەرگرێ. هیچ ئامراز و کەرەستەیەکی نامرۆڤانە بەرەو ئامانجێکی مرۆڤانەت رێنوێنی ناکەن.